گێژاوی مەدخەلیزم

نووسینی

هێمن عەبدولعەزیز

2007-1428

چاپی یەکەم

ئەم کتێبە

* ڕچە شکێنێکەو بە بەڵگەی هەق و عەدالەت ڕوو بە ڕووی گەورەترین مورجیئەو پەتای نیو ڕابوونی ئیسلامی ئەوەستێتەوە.
* هەقیقەت و ماهیەتی مەدخەلییەکانمان پێ نیشان ئەدات و بە تەرازووی قورئان و سوننەت هەڵیاندەسەنگێنێت .
* بانگەشەی سەلەفییەتی مەدخەلییەکان بە درۆ دەخاتەوە .
* بەرگری دەکات لە زانایان، ئەوانەی کە لە دەست و زمانی مەدخەلییەکان ئاسوودە نین .
* دەمارگیری و موقەللیدیتی ئەوانمان بۆ ئاشکرا ئەکات .
* بۆمان ئەسەلمێنی کە ئەوان زۆر لە حیزبییەکان حیزبی ترن بگرە تەسکتریشن لە حیزب .
* بەڵگەگەلێکی ئەوتۆی خستۆتە ڕوو کە بە پێنووسی زانایان نووسراون، کە نەک درۆو دەلەسەی مەدخەلییەکان ئاشکرا دەکات، بگرە بە گێرە شێوێنی نیو ڕابوونی ئیسلامیشیان لە قەڵەم ئەدات .
* پێمان نیشان ئەدات کە ئەوان لە ڕووی وەلاء و بەڕائەوە تاڵ بە تاڵ بوونەتەوە.
* پێمان نیشان ئەدات کە چەند لە زانستی شەرعی سەرەو نخوون کراون .
* هەڵوێستیان بەرامبەر بە جیهادی ئێراق هەڵوێستێکی نەزۆکە

بسم الله الرحمن الرحيم

بەرکـــــــۆڵ

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريک له وأشهد أن محمدا عبده ورسوله.

يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله حق تقاته ولا تموتن إلا وأنتم مسلمون.

يا أيها الناس اتقوا ربكم الذي خلقكم من نفس واحدة وخلق منها زوجها وبث منهما رجالا كثيرا ونساء واتقوا الله الذي تساءلون به والأرحام إن الله كان عليكم رقيبا.

يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله وقولوا قولا سديدا يصلح لكم أعمالكم ويغفر لكم ذنوبكم ومن يطع الله ورسوله فقد فاز فوزا عظيما.

وبعد:

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (فإنه لا يأتي عليكم زمان إلا الذي بعده شر منه، حتى تلقوا ربكم) رواه البخاري عن انس بن مالک (رضي الله عنهم) واتە: بێگومان هیچ سەردەمێکتان بەسەر دا نایەت تەنها ئەوەی کە لە دوای ئەمەوە دێت خراتر ئەبێت لەو سەردەمەی پێشوو تری، ئەمەش بەردەوام ئەبێت تا ئەگەڕێنەوە لای پەروەردگارتان.

کەواتە: سەردەم وە دوای سەردەم خراتر ئەبێت لە سەردەمیی پێشووتری، هەروەک خراپییان لەوانەی پێشوویان خرابتر ئەبن، مسوڵمانیشیان هەر بەم شێوە ئەبن.

ئەمڕۆ بەداخەوە مسوڵمانانیش وەک گیرۆدەی خراترین کوفری جیهانی بوو ون، بەر تەلەو داوی خراترین مسوڵمانیش بوو ون...!!

مەدخەلییەکان.. لا حیزبییەکان.. جامییەکان.. لا جەماعییەکان.. موقەللیدەکان.. پیاوانی دەسەڵاتدار.. موفتی بنەماڵەی ئال سعوود... هتد گەورەترین ناونیشانی ئەم تاقمەن کە ئەمڕۆ لە نێو ڕابوونی ئیسلامی گەورەترین ئایدزو پەتای حەڕەکین، هەوێنی لێکترازان و لەیەکدابڕانی کۆمەڵگەی ئیسلامین، ڕاگری پێتەختی دەسلاتدارانی جیهانین!! لە کێ مسوڵمان تین و تەوژمی دینداری پاڵنەری بەرگری شەڕەف و کەرامەتی بێت، دەوێدا هەوڵی لە باربردن و خەساندنی ئەدەن. !!

وەک ئەمڕۆ ئەم دیاردە نامۆیە زۆر بە زەقی لە گۆڕەپانی ئیسلامی بەدی ئەکرێت، تاقمێکی گومڕاو گێژو سەرەو لێژ کە پێیان یێژن مەدخەلی.. کەس نازانێت لەکام دۆزەخەوە هاتوون، ئەمڕۆ بوونەتە بینەقاقای مسوڵمان و ئەڵێن هەر ئێمە پیاوین و ئێوە هیچ !! بۆیە ئەبینین دەسماڵی بەزمی تەکییەکانییان، گەرمەو سەرچۆپی کارانیان، لێکدابڕان و لێکترازانی مسوڵمانە.

ئەم جۆرە پیاوانە! ئەمڕۆ زۆر ئیبلیسانە توانیویانە ببن بە گرەوی سەرکەوتنی سەڵیبییەتی جیهانی!! یەکەمین کاریشییان ناشرین کردن و لەبەر چاو خستنی زانایانە، چونکە زانایانن کە میراتگری

پێغەمبەرانن.. هەر زانایانیشن ئەمڕۆ وشیارو بێدارکەری ئوممەتی خەوتووی ئیسلامین، ئەگەر ئەوان نەبن ئوممەت بەدەما ئەکەوێ و ڕاس نابێتەوە، میللەتێ دەمڕاست و زانای نەبێت وەک ئەو کەشتییە وان لە دەریایاکی بێ بنا بەبێ لێخوڕ ڕێئەکات.. یا ئەم شەمەندەفەرەی کە زۆر تیژ بەبێ شوفێر ڕێئەکات !!

هەڵبەت ئەمەش نەخشەو پلانێکی زۆر خەتەرناکە کە بۆ ئەم ئوممەتە هەتیوو بێ باوکە سازکراوە، بۆیە ئەبینین ئەمڕۆ ڕاست و چەپێیان لە زانایان گرتووەو لە پەڕێزو چاڵاکی و کاروان و خەباتییان هەڵپێچاوە و هەوڵ و خەباتی بێ ووچانییان لێگڕداوە.. هەڵبەت لەمەشا زۆر سەرکەوتوو بوو ون، بۆیە ئەمڕۆ هیچ کەسییان لێ نەهێشتوون کە بە گومڕاو سەرلێشێواوی لەقەڵەم نەدەن، نەک زیندوو مردووانیشیان لێ بێبەش نەکردوون.. کەسیان لە مسوڵمانان نەهێشت.. ڕیزی بڕوادارایيان پەرتکرد.. ماڵی خواناسانییان بەقوڕگرت.. لێکییان کردن.. تێکییان بەردان .. گڕیان لە ماڵا بەردان.. دەستەو یەخەی یەکتریيان کردن.. گیرۆدەی دەردی ئەوتۆ کران شەرمەزاری دوژمنییان کردن.. وایان لێکردن لە کێ یەکتر ببینن تف و نەفرەت لەیەکتر کەن. تێکڕایان لێکردن بە دوژمن و بەدەردی (نامەرد) یێان بردن.

خۆشەویستان.. خوێنەرانی هێژا:

بە کورتی و بەکوردی: بەندە بۆیە هاتووم دەستم داوەتە قەڵەم و ئەم کتێبەم نووسیوە تاکو پێنج ئامانجان بپێکم:

(١) وەک گوتمان ئەوان زانا نەما کە قسەی لەسەر نەکەن و بە گومڕاو سەر لێشێواوی لەقەڵەم نەدەن، دوا کەسیش کە خستیانە بەر تیری تیغی گومڕایی شێخ (عبدالله بن جبرین) بوو !! کە بەڕاستی ئەم هەلوێستەیان هەڵوەستەی زۆری پێکردم کە بەدەنگ بێم و ئەم نووسراوە بنووسم، تا دوێنی لە قسانییان پشتی زۆریان پێی ئەبەست، کەچی ئەمڕۆ زۆر ئاسان بە نرخێکی هەرزان ئەیفرۆشن و ئەیکەن بە پارویێکی زۆر چەورو ئاسان بۆ ژەمی دەمی دوژمنان!!

(٢) ئەوان بەم کارەیان بانگەشەی سەلەفییەت ئەکەن، کە سەلەف بەینی عەرزو ئاسمان لێیان دوورەو دوورو نزیک لە هیچ کۆلانێکی ئیسلامییدا یەک ناگرنەوە.

(٣) ئەم تاقمە ئەمڕۆ بوونەتە هەوێنی لێکدابڕان و لێکترازانی ئوممەتی ئیسلامی و تێکڕایان لێکردوون بە دوژمنی سەرسەختی یەکتر.

(٤) ئەوان بانگەشەی زانست دەکەن، زۆر ئازا ئەکەونە بن کەوڵی مسوڵمانێکی داماوو ڕاست و چەپی لێ ئەگرن، تا لە بەرامبەریانا پێیان بڵێن: ئەشهەدو بیللا ئەوەی ئێوە ئەیڵێن هەر ئەوە ڕاستە.. دەنا کورد گوتەنی کەو ئەو کەوە بەرامبەر بە کەو بخوێنێت..

(٥) مەدخەلییەکان هێندەی گەروو تێنووی ئاوە دەهێندە وێڵی گۆشتی تاڵی زانایانن، لە جیاتی (تعال بنا نؤمن ساعة) بەدەردی قەولی (تعال بنا نغتب ساعه) چوو ون، بۆیە وا ئاسان گیرۆدەی دەردی ئەم وێڵییە بوو ون؟!!

کەوابوو ئەوان بەم کارەیان هیچییان دەگەڵ مسوڵمان نەهێشتۆتەوە، وایان نەشکاندووە تا نەپڕژێت.. کارێکی وایان نەکردووە کە خەڵکی دەستخۆشیان لێ بکاو ئێمەش دەستەوسان لێیان بیدەنگ بین.. ئەوان چاودێری هیچ برایەتییەکی ئیسلامی لەگەڵ مسوڵمانان ناکەن، شەق لە چاکو خراپان هەڵئەدەن، سەد ساڵان خزمەتی خوا کەیت، ئەگەر لە خاڵێکدا لەگەڵتا یەکنەگرنەوە هاوار بەماڵت خۆ قوتار نەکەیت؟!!

بۆیە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)لەباسی دووڕوواندا لە فەرموودەیەکدا کە بوخاری و موسلیم لە عەبدوڵڵای کوڕی عاس "خوا لێی ڕازی بێت" دەگێڕنەوە کە دەفەرموێت: هەرکەسێک چوار خەسڵەتی تێدا مسۆگەر بێت پێی ئەبێت بە مونافیق کە یەکێک لەوانە بریتییە لە (وإذا خاصم فجر) ئەگەر بوو بە ناحەز وایلێ ئەکات وێرانی ئەکات، کە قەت چاک نەبێتەوە.. کەواتە با ئاگاردار بن، چون ئەوە سیفەتێکی دووڕوانە و نابێت هیچ بڕوادرێک هەڵیگرێت، نەخاسمە ئەوانەی کە پێیان وایە بانگەوازکارانی ئیسلامین.

کە هەڵبەت ئێمە ئەزانین خیلاف لە نێو هەتا یارانی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) دا هەبووە، بەڵام نەمانبینی و نەمانخوێندەوە کە ئەم خیلافە سەر بکێشێت بۆ گۆمڕا کردن و سەر لێشێواوکردنی یەکتر، ئەم هەست و ڕەفتارە جوامێرییەی کە یارانی پێغەمبەریش هەیانبوو، زانایانی کۆن و نوێشمان دەرکییان بە ڕاستی درووستی ئەمە کردبوو، بۆیە بە موو لە مەسەلەی خیلافدا دەر نەئەچوون، بۆ نموونە: یونسی کوڕی عەبدولئەعلا "بەڕەحمەتبێت" ئەڵێت: (ما رأيت أعقل من الشافعي: ناضرت يوما في مسألة فاختلفنا، فجاءني بيتي وطرق

بابي ودخل، فأمسک بيدي وقال: يا ابا محمد الآ يستقيم أن نكون اخوانا وإن لم نتفق في مسألة؟) واتە: کەسم لە شافعی ئاقڵتر نەبینیوە، ڕۆژێک ڕووبەڕووی بوومەوەو لە باسێکدا نەگەیشتینە یەک، ئەڵێت: شەو شافعی دێتە ماڵێم و لە دەرگا ئەدات و دێتە ژوور دەستم ئەگرێ و ئەڵێت: ئەی باوکی موحەممەد، ئایا وا ڕاست نییە کە ئێمە هەر برا بین ئەگەریش لە باسێکدا یەکدەنگ نەبین؟.

یان ساڵحی کوڕی ئیمام ئەحمەد "بەڕەحمەت بن" ئەڵێت (٤٠) دانە ساڵ باوکم لە سوژدە دوعای بۆ ئیمام شافعی ئەکرد، ئەڵێ ڕۆژێک پێمگوت: باوکە ئەم پیاوە کێیە ئەوەندە دوعای بۆ ئەکەیت؟ ئەڵێ باوکیشم گوتی: (يا بني كان الشافعي كالشمس للدنيا والعافية للناس فهل عنهما من عوض) کوڕی شیرینم، ئیمام شافعی وەک خۆر وابوو بۆ دونیا و تەندرووستی و لەش ساغی بوو بۆ خەڵک، ئایا کەس هەیە کە پێویستی بە خۆرو بە لەش ساغی نەبێت؟

بەڵێ بەڕێزان: کەچی حەیفێ کە ئەبینین کە ئەو زرکە تاڵانەی ئەمڕۆ بە بێ ڕەچاوکردنی هەرچی ئاداب و ڕەوشتێکی ئیسلامیی کە هەیە، زانا نەما لە سەر گۆی زەوی تەزڵیل و گومڕای نەکەن.

کەواتە:

بەندە لەو باسە نەهاتووم کە وەڵامی زاناکانییان بدەمەوە یان لە دژیان بوەستمەوە، بگرە ڕێزیشم بۆ هەمووان داناوە، چون ئەمە کاری من نییە، بگرە زانایان بایی ئەوەندە وەڵامی ئەوانییان داوەتەوە کە بەس بێت، بەڵام ئەو کارەی من وەڵامدانەوەی ئەو کەسانەن کە لەسەرەوە

پێناسەم کردوون و باسم کردوون، تا وەدیار کەوێت کە ئەوان چەندی لە ڕاستییەوە دوورن و چەندی گیرۆدەی دەردی تەقلید و دەمارگیری بوو ون، تا ئاشکرا بێ کە چەندی بانگەشەی سەلەفییەت ئەکەن، دە ئەوەندە لە ئاکارو ڕەوشتی سەلەف دوور ئەکەونەوە..

کۆتایی ئەم پێشەکییەشم بەمە ئەهێنم: کە ئەگێڕنەوە ڕۆژێک فەرموودەناسی بلیمەت، ئیمامی تەبەڕانی لە گەڵ ئەبی بەکری جیعانی بەڕەحمەتبن" ئەکەونە نیقاش: ئەبی بەکر ئەڵێت: (عندي حديث ليس في الدنيا الا عندي!) واتە: فەرموودەیەکم لایە کە لەم دونیایە جگە لە من لای کەسی تر نییە! تەبەڕانیش ئەڵێت: (کامەیە ئەم فەرموودە)؟ ئەبی بەکریش ئەڵێت: (حدثني ابو خليفة حدثني سليمان بن احمد حدثني عن فلان عن فلان، ثم تلى الحديث) ئەبو خەلیفە گێڕاوێتییەوە ئەمیش لە سولەیمانی کوڕی ئەحمەد گێڕاوێتیەوە، ئەمیش لەم و ئەویش لەم گێڕاوێتیەوە.... ئینجا فەرموودەکە ئەخوێنێتەوە، ئیمامی تەبەڕانیش "بەڕەحمەتبێت" ئەڵێت: (انا سليمان بن احمد سمعه مني ابو الخليفة فخذ عاليا) واتە: من سولەیمانی کوڕی ئەحمەدم کە ئەبو خەلیفە لەمن وەریگرتووەو، تۆش ڕاستەوخۆ لە منەوە وەریبگرە!!!

کەواتە زۆرێک هەن کە ئیددیعای عیلم ئەکەن بەڵام کاتێک کە ئەکەونە بەر نەشتەری تیژی عەدالەت وورگی درۆو ئیددیعایان دەبەری ئەدڕێ و فش ئەبێتەوە.

هێمن عەبدولعەزیز

٢١ی ڕەبیعولئەووەل ١٤٢٨ی کۆچی

گێژاوی مەدخەلیزم

لـە سـۆنگەی ئـەوە کـە ئـایین و بەرنامـەی خـوا بەرنامـەو پرۆگرامی ژیانە.. دەستووری ئەرزو ئاسمان و رێنیشاندەری جـن و ئینـسانە.. خـوای پـەروەدگار ئەیـدات بـەو کەسـە کـە ئەهلـی ئـیمانە.. خـواناس و دیـنداره‌و رووو لـە یەزدانـە.. چونکە دیین بەرنامەیەکی ئیلاهییە خەڵکانی خواناس نەبێت لـێیان نایـەت کـە پەیرەوی بکەن و لەخەڵکیش بگەیەنن، هەر بـۆیە ئەمـرۆ لـە بـەر کەمـی پـیاوانی ئـەم دیـنە، خەڵکـی لـێی شـێوایەو هەقـیقەتی ئـەم دیـنەی لـێ گـۆڕایە!! ئەهلـی ڕاسـتە قیـنەی ئـەم دینەش زانایان و چاوساغانی ئەم دینە خۆیەتی، کە زاناش نەما خەڵکی دەمهەڵاش، زۆر بە هەرزان ..بەلاش و حـەلاش لـە ئاشـی بـێ ئاو باراش لـێ ئەکەن و سەرەنجام هەر گەنمەو ئەیکەن بە تەڕاش!!

کـوردیش گوتـوویانە نـان بۆ نانەواو گۆشتیش بۆ قەسساب، ئەمـرۆش لـە کەمی زانایان، خەڵکی نەزان پەیا بوون و بوون

بە دەمڕاستی ئەم ئیسلامە، جا وەرە فیکە بێ و بێ لێو بیکێشێ ئەوەی کە ئەیبیسێ تا پێی دێشێ ئەبێ دەبەری ڕاکا، دەنا لە چۆرتمێکا دەییەخێ و وای لێ ئەکات کە تا ماوە ئۆباڵی بۆ بکێشێ...

بۆیە پێغەمبەری پێشەوامان (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ﴿إنَّ اللَّه لا يقْبِض العِلْم انْتِزَاعاً ينْتزِعُهُ مِنَ النَّاسِ ، ولكِنْ يقْبِضُ العِلْمَ بِقَبْضِ العُلَماءِ حتَّى إذا لَمْ يُبْقِ عالماً ، اتَّخَذَ النَّاسُ رُؤوساً جُهَّالاً فَسئِلُوا ، فأفْتَوْا بغَيْرِ علمٍ ، فَضَلُّوا وأَضَلُّوا﴾ "متفقٌ عليه، عنْ عبدِ اللَّه بن عمرو بن العاص رضي اللَّه عَنهُما" . واتە: بێ گومان خوای میهرەبان، زانستی شەرعی بەوە هەڵناگرێت کە (ڕاستەو خۆ) لە خەڵکی بسەنێتەوە، بگرە زانیاری و زانستی شەرعی بە لە ناوچوون و نەمانی زانایان هەڵئەگرێتەوە، تا وای لێ دێت خەڵکی خەڵکانی گەمژەو دەبەنگ ئەکەن بە زاناو چاو ساغی خۆیان، پرسیاریان لێ ئەکەن و ئەوانیش فەتوا ئەدەن بە بێ لە بەر چاو گرتنی زانستی شەرعی، سەرەنجام خەڵکی گومرا ئەکەن و خۆشیان گومڕا ئەبن..

دەجا با لە ڕوانگەی ئەو فەرموودە بەهێزو بە پێزەوە کەمێ ڕامێنین و چاوێ بە دەرو بەری خۆماندا بخشێینن، ئەوجا ئەزانین کە چ کوڕگەڵێکی بێ ئەقڵ و گەمژەمان لە دەورەیە.

بەڵێ کاتێ کە زانای پاکو دەمپاکو دڵپاکو دەستپاکمان لە نێو نەما.. ئەبینین کە چەند بڕکە گوژاڵێکمان لێ پەیا ئەبن و خۆ ئەکەن بە کوێخا و دەمڕاستی خەڵکی، فەتوا ئەدەن .. بریاڕ ئەدەن .. سەدان بەچکە پیسکە پەیا ئەکەن، کە ڕاستەوخۆ بێ لە بەرچاو گرتنی هەرچی قیەم و شەرعێک کە هەیە ئەکەونە بەر گیانی مسوڵمانان و بە گومڕاو خەوارج[١] و تەکفیری و حیزبی و میزبییان سەیر ئەکەن.

بەڵێ ئەوانە: مورجیئەن[٢]، ئەوانەن: کە ئەڵێن ڕەفتار ناکەوێتە جوغزی ئیمانەوە.. کە تۆ لە دڵەوە مسوڵمان بوویت، بڕۆ بۆخۆت خەنی بەو خۆت و حەوت پشتێشت دەگەڵ خۆت بەرە بەهەشتێ!! وەلێ بابایەکی مسوڵمان کە لە گێرەی ئەوان شەنە نەکاو لە ئاوی ئەوان مەلە نەکاو بە ڕوبەی ئەوان نەپێوێ ، ئەوە گومڕاو سەر لێ شێواوو تەکفیریە.. ئەوان دێن ئێمە بە ئەهلی فیتنەو بیدعە ئەزانن و خۆشیان ئەهلی سوننەو جەماعەن و دەگەڵ پێغەمبەران حەشر ئەکرێن.!! ئێمەی داماویش پێویستمان بە تۆبەیە و پیاو ئەبین باشە ئەنا ئەبێ بکوژرێین!! چونکە حوکمی خەواریجمان کەوتۆتە سەر کە کوشتنە!!.

بەندە پێم وایە.. ئەوان بەدەردی ئەو پیاوە چوو ون کە بە بۆنی کەبابەوە چوو بوو کەچی نەیزانی کە کەریان داخ

ئەکرد..!! ئەوان بۆیە هەڵوێستیان لە ئێمەی ئەهلی سوننەو جەماعە گرتووە، چوون پێیان وایە ئێمە قژ بژو دەمارگیرو تووندڕەوو حیزبین.. کەچی بێ ئاگان کە خۆیان تاڵ لە هەق بەتاڵ بوونەتەوەو کەوتوونەتە ئەم چاڵی گومڕایی و دەمارگیری حیزبییەوە[٣].. واتە: ئەوان لە کۆلکە دارێ سڵەمینەوە کەچی بەسەر گۆلکێ داکەوتوون.. ڕاستی قسانیشم هەر درێژەی ئەم بابەتەیە، جا داخوا قسەی من ڕاستدەر ئەچێت یا ئی ئێوە.. من ئەڵێم ئێوەن کە دەمارگیرن.. ئێوەن کە فیتنە چی و حیزبین.. ئێوەن کە ئەو بڕکە گوژاڵکەن، تاڵن وەک زەقنەمووت وان. دەبا بزانین چۆن؟

١. ئایا ڕاستە ئێوە بەهەق شوێن زانایان کەوتوون، هەرچی کە ئەیڵێن: زانایان گوتوویانە؟ یان ئێوە چەندی حاجی مەجیدی[٤] داماو مەزهەبییە، دەهێندەی ئەو مەزهەبین و سەر مەزهەبیشتان دیارە کە شێخ ڕەبیعی مەدخەلییە[٥]؟

٢. ئایا ڕاستە کە ئەو زانایانەی کە ئێوە بە گومڕاو لادەریان ئەزانن وەک شێخ (سلمان العودةو عائض القرني و سفر الحوالي و ناصر العمر...هتد) لای شێخە بەڕێزەکانی وەک شێخ (محمد ناصر الدين الألباني[٦] و صالح فوزان[٧] و محمد صالح العثيمين [٨] و عبدالله بن الجبرين[٩] و...)هتد هەر بە گومڕا زانراون، یان بە پێچەوانەوە کە قەت

ئەوان نەک بە گومڕایان نەزانیون، بگرە ئومێدی زۆریشیان پێ هەبوون؟.

٣. (سید قطب)[١٠] و (حسن البنا)[١١] "ڕەحمەتی خوایان لێبێت" خۆ ئە گەر دەستتان بێ جارێکی تر لە گۆڕ دەریان ئەهێننەوەو سەر لە نوێ لە سێدارەیان ئەدەنەوەو گوللە بارانیان ئەکەنەوە، ئایا ڕاستە هەڵوێستی ئەو زانایانەی کە ئێوە بەشایەتیان ئەگرن لەسەر ئەم دوو بەڕەحمەتچووە هەروایەو هێندە بێ ڕەحمانە لێیان ڕاماون، یان ئەمەش هەر فێکێکی تری بەزمەکانتانە؟

٤. ئایا یەکێکی وەک بەڕێز شیخ (عدنان آل عرعر) کە سیو سێ دانە ساڵ قوتابی شێخی ئەڵبانی بووە، ڕاستە کە شیخی ئەڵبانی خۆی لێ بەری کردووەو بە لادەر لە مەنهەجی حسێب کردووە؟ بۆیە نابێت کە هیچ قسەیەکی لێ وەربگیرێت؟

٥. ئایا ڕاستە کە پارتە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ تێکڕا گومڕان،چونکە حیزبین و لە ڕچەی ئەهلی سوننەو جەماعە دەر چوو ون؟ ئایا ئەم قسانەی کە ئەیکەن ڕاستە کە شێخە بەڕێزەکان کە وایان گوتووە، یان لە دەمی ئێوەی موقەللید لە دەمی کەسی تری ئەم ئوممەتە ئەم تۆمەتە دەر نەچووە؟

٦. ئایا بەدەردی (تعال بنا نغتب ساعة) کە قەولی (شیخ حسن البصري)یە و شێخ حەسەن لە ئێوە بەرییە! ڕەوایە کە ئاوا بێ بەزەییانە دوای عەیبی مسوڵمانان بکەون و بەری مەجلیسێتان پێ گەرمکەن و ڕاست و چەپیان لێ بگرن و وەک بنێشت لە دەمتانا بێ و غیبەتیان بکەن، ئایا زانایانیش هەر ئەم ڕایەی ئێوەیان هەیە؟ یان ئەمەش هەمان ڕمبازی تەکیەکانتانە؟!

٧. ئایا خۆ جیا کردنەوەتان بەوە کە ئێوە سەلەفین و ئەوانی تر نە سەلەفی و نەمەلەفین، تا چەندی لە تەرازووی زانایانەوە سەنگی باڵە مێشوولەیەکیان بۆ دانراوە؟

٨. ئایا ڕەوایە لە ژێر ناوی جەرح و تەعدیلا بکەونە بەر گۆشتی زانایان و تا سکتان دێشێ لە گۆشتیان کەنەوەو وەک گەزۆو مازوو لێی وەخۆن، ئەویش لەبەر ئەوە چون لە مەنهەج لایان داوە بۆیە وا تڕۆ کراون؟!!

٩. ئایا ڕەوایە کە موقاتەعەی زانایان بکرێت، بەو تۆمەتەی کە لادانییان لێ پشکواوە؟ ئایا ئەمە ئەکەوێتە بازنەی (هجر)[١٢] ەوە؟

(١٠) ئایا ناوو ناتۆرە نان لە زانایان یان لە پارەتە ئیسلامییەکان، وەک بەکارهێنانی ووشەی حیزبی و ئیخوانی

و سـرووری و قـوتبی و ...هـتد تـا چـەندی ڕای زانایـانی لەسەرەو تا چەندی زانایان پێیان خۆشەو پێیان باشبووە؟

(١١) ئایا ڕاستە کە بەس تەنها ئێوە فیرقەی ناجین[١٣] و ئەوانی تر تێکڕا فیرقەی بە هیلاک چوو و بە فەتارەت چوون، وەک ئێوە کە بەردەوام تەزکییەی خۆتان ئەکەن و خۆتان بە ڕوو سپی بەر قاپی خوا ئەزانن و ئەوانی تریش پشکۆی بە تینی ئاگری دۆزەخن؟

(١٢) ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامی کەم و زۆر کۆمەڵێک لە ڕۆڵەکانی ئیسلام هەڵساونەتە سەر پێ و لە دژی تاغوتان و داگیر کاران لە جەنگو جیهاد دان و ئێوە بە فیتنەی ئەزانن، تا چەند زانایان قسەیان لە باردا فەرمووە؟

هەموو ئەوانە: یان بە پێچەوانەوە دیارە ئێوە شتی ترن، بەڵام ئێمە کە بە دوای عەیبی ئێوە ناگەڕێین، وا ئەزانن کە لێتان بێ ئاگایین؟

ئەمەو چەندین تۆمەتی تر بە پشتیوانی خوا بە تەرازووی هەق و عەدالەت هەڵیان ئەسەنگێنین و ئەبێ لەم باسەی بەردەستماندا هەموو ئەو تەپ و تۆزە تەناوییەی کە ئەو مورجیئانەی سەردەم کە بە گارە گارو زرمەی تۆمەتەکانیان هەڵیانساندووە بەو مەنهەجەی کە خۆیان بانگەشەی بۆ

ئەکەن ئەیانگرین و ئەیانگریەنین ئەگەر دڵیان نەرم بێ و گریانیان بێت کە قەت نایەت!! وبالله التوفیق.

بەڕێزان... خوێنەرانی هێژاو سەنگین:

بۆ ڕەواندنەوەی هەموو ئەو تەمومژانەی کە ئاماژەمان پێدان ئەوا لەم چەند خاڵەی خوارەوە باسەکە کورت ئەکەینەوە:

(١) هەڵوێسنی زانایان سەبارەت بە تانەو تەشەر گرتن لە زانایان، بە تایبەت زاناکانی دوورگەی عەرەبی و هاوچەرخەکان.

(٢) هەڵوێستی زانایان سەبارەت شوێنکەوتنی ئابڕووی مسوڵمانان.

(٣) هەڵوێستی زانایان سەبارەت بە پارتە ئیسلامییەکان و تاوانبارکردنیان بە حیزبی و.. هتد.

(٤) هەڵوێستی زانایان سەبارەت بە گەڕان بە دوای هەڵخلیسکانی زمان (زلة اللسان)ی زانایان و مسوڵمانان:

(٥) هەڵوێستی زانایان سەبارەت بەوانەی کە ئاگری فیتنە لە نێو مسوڵمانان خۆشئەکەن.

(٦) هەڵوێستی زانایان سەبارەت بە دابڕان (موقاتەعە کردنی) زانایان.

(٧) ئایا سەلەفییەت ناوە یا ناوەرۆک؟ ئایا، تا چەند ئەو کەسەی کە ناو لە خۆی ئەنێت سەلەفی لەشەرعدا هەقی پێکاوە؟

(٨) تۆمەتی حیزبییەت تا چەند لە جێگەی خۆیەتی؟

(٩) ئایا تا چەند هەقیان پێکاوە کە لەو زەمەنەی ئێستادا خۆیان بە فیرقەی ناجی و ئەوانی تریش بە فیرقەی بیدعەو گومڕایی ئەزانن ؟!!

(١٠) ڕقگرتن لە زاناو بانگەوازکارانی ئیسلامی لە ژێر درووشمی بنەمای جەرح و تەعدیل[١٤] تا چەند لە چوار چێوەی شەرعدایە؟

(١١) هەڵوێستی زانایان سەبارەت بە بانگەوازکاران و ناودارانی وەک: (شیخ سلمان العودة و شيخ عائض القرني و شيخ سفر الحوالي و شيخ ناصر بن سليمان العمر و عدنان آل عرعر) و ... هتد. یان بە (سيد قطب و حسن البنا) "ڕەحمەتی خوایان لێبێت".

(١٢) ئایا ئەم جیهادەی ئەمڕۆ لە ئێراق لە دژی ئیحتیلال و کلکەکانی لە ئارادایە، فیتنەیە؟

(١٣) لـــە کۆتایـــیدا وەڵامـــێکی دەمشکـــێن تـــێنووەکان ئەشکێنێت..؟

ئێستا بـێین یـەک بـە دوای یـەک قـسە لەسـەر ئـەم خاڵانـەی سەرەوە بکەین:

یەکەم: هەڵوێستی زانایان سەبارەت بە تانەو تەشەر گرتن لە زانایـــان، بـــە تایـــبەت زاناکـــانی دوورگـــەی عـــەرەبی و هاوچەرخەکان:

مورجیـئە موقەللـیدەکانی سەردەم، چون خۆیان بە سەلەفی ئەزانن و گلۆپی سەوزیشیان بۆ هەڵکراوە، زۆر بێ ڕەحمانە ئەکەونـە بـەر گۆشـتی زانایـان و مـسوڵمانان، شـەلم کوێـرم ناپارێـزم وەک فیـشەکە شێتە لە هەوا بەر سەری زانایان بەر ئەبـنەوە، غیبەتـیان ئەکـەن، نـاوو ناتـۆرەیان بـۆ درووسـت ئەکـەن و تۆمەتـیان بـۆ هەڵئەبەسـتن، وەک کانی ژنان کۆڕی مەجلیسـێیان پـێ گـەرم ئەکـەن! ئـەویش بـە تۆمەتی ئەوە کە ئەمانـە حیزبین، یان تەکفیرین، یان مورجیئە یان لە مەنهەج لایانـداوە، کەسێکیش لە مەنهەج لابدات ئەبێ غیبەتی بکرێ و حەوت پشتێشی دەگەڵ تێوەبگلێت!!

بـەڵام سەیری لە هەمووان سەیر تر ئەوەیە، کە دێن و ئەڵێن: ئاخـر ئەمانـە لای زانایـان تەزکـیەیان لـێ سـەنراوەتەوەو

غیبەتیان درووستە، شێخ حەسەنی بەسرِیش بە ڕەحمەتبێت، ئەڵێت: (تعال بنا نغتب ساعة) وەرن با سەعاتێک غیبەتان بکەین؟!!

کەوابوو ئێوەش لێمان مەگرن کە سەعاتێک غیبەتتان بکەین! (ئەی ناڵێن: جوابی تەحەی پەحەیە؟!)

ئەڵێین: ئەوەی کە ئێوە ئەیڵێن و ئەیخەنەوە پاڵ زانایان، درۆیەکی زلەو خۆتان و ئاغاکانتان بەدەم زانایانەوە هەڵتانبەستووەو هیچی تر.
دەبا بزانین چۆن:

ئەو مورجئیانەی سەردەم کاتێ کە هەڵوێستێکی خراپ لە زانایەک ئەگرن، خۆ ئەدەنە پاڵ شێخە بەڕێزەکان و ئەڵێن: ئاخر ئەوە هەڵوێستی زانایانەو فەتوا لەسەریان هەیە: دەبا بزانین وایە؟

لەم بەڵگە نامەی خوارەوە کە لە لایەن (اللجنة الدائمة للبحوث العلمية و الإفتاء) لە ڕۆژی ٢٠٠٤/٣/٢ دەرچووە زۆر بە تووندی لە دژ ئەم بۆچوونەی ئەوان دەوەستێتەوە و بە درۆیان ئەخاتەوە! بەڵگە نامەکە بەم شێوەی خوارەوەیە:

سەرەتا ڕوونکردنەوەیەک لە لایەن شێخ (فواز جنید) بەڕێوەبەری بانگەواز لە بنکەی (شيخ الإسلام ابن تيمية) لە

هـۆڵەندا لەشـاری لاهـای بـۆ لـیژنەی (کـبار العلمـاء)ی سعودی هەنێردراوە کە بەم شێوەی خوارەوەیە:

مركز شيخ الإسلام ابن تيمية
لاهاي- هولندا

6 ربيع الأول 1424هـ
7 ماي 2003 م

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لا نبي بعده محمد وعلى آله وأزواجه وصحبه أما بعد :

لجنة هيئة كبار العلماء الموقرة
السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

لا يخفى على حضراتكم الفتنة التي تطاير شررها في العالم بين أبناء أهل السنة والجماعة حتى تضاربوا في المساجد وسبب هذه المحنة دعوة الشيخ ربيع بن هادي المدخلي الذي نصب نفسه إمام هذا العصر في الجرح والتعديل بلا منازع وليت جرحه اقتصر على من يستحق الجرح من أهل البدع وإنما طال دعاة أهل السنة والجماعة
من شتى أنحاء العالم بما فيهم كثير من الدعاة المشهورين في المملكة العربية السعودية بل طال بعض كبار العلماء كالشيخ بكرا بوزيد وقد صنف الدعاة ونسبهم إلى ألقاب يبرأون منها كالعرعورية والسرورية والقطبية والحزبية كما انه انزل كلام السلف في الباطنية والقرامطة على بعض دعاة أهل السنة في هذا العصر زاعما أن منهجه هذا في الطعن والتجريح وتصنيف الناس هو منهج السلف ومنهج شيخ الإسلام ابن تيمية وكذلك منهج الشيخ محمد ابن عبد الوهاب وكبار علماء المملكة حاليا. وليت دعوته هذه اقتصرت على بيان وجهة نظره فيمن طعن فيهم من دعاة السنة بل تعدى إلى التحريض وتهييج الشباب في أنحاء العالم على الفتن والبلابل فهو الذي حذر الناس عبر الهاتف منذ سنوات من حضور الدورات الشرعية السلفية في مركز ابن تيمية في هولندا ومركز طارق بن زياد في فرنسا و كذلك بعض الدورات في إسبانيا واخر تحذيراته التي سمعنا عنها حديثا عبر الإنترنت من دورة تقام في أمريكا الشمالية رغم ان الدعاة المدعوين لتلك الدورة كانوا الى فترة قريبة من المقربين اليه ثم اختلفوا معه وهو الذي قال في أحد أشرطته المتداولة بصريح العبارة لبعض اتباعه في هولندا:اسحبوا البساط من تحت الشيخ احمد سلام فقام هؤلاء بالاستيلاء على مركز الشيخ أحمد سلام في تلبورغ واخراجه منه كما ان طعنه في بعض دعاة السنة ومراكزهم في اوروبا دفع عددا لابأس به من الشباب بل والنساء إلى اعتزال الصلاة ودروس العلم في هذه المراكز بحجة ان هؤلاء الدعاة وهذه المراكز أوكار للقطبيين والحزبيين والله تعالى يعلم ان هذا الكلام غير صحيح البتة وبما انكم موضوع ثقتنا وثقة المسلمين في أوروبا فنرجو من فضيلتكم البت في هذه القضية وقطع دابر الفتنة وإطفاء نارها ببيان واضح لشباب الامة حول هذه القضية والتي تتمحور حول النقاط التالية:

1- هل صحيح انكم تزكون منهج الشيخ ربيع المدخلي في نقد الدعاة والجماعات الإسلامية وتصنيفها وانه يمثل منهج كبار علماء المملكة؟

2- وهل تقرون لقب حامل لواء الجرح والتعديل للشيخ ربيع المدخلي .

3- وهل يجوز للشباب المسلم في أوروبا مقاطعة الدورات الشرعية ودروس العلم واعتزال هؤلاء الدعاة لأن الشيخ ربيع المدخلي أمر بذلك؟

4- وأخيرا هل يجوز إنزال كلام شيخ الإسلام ابن تيمية في الباطنيين والقرامطة على بعض دعاة أهل السنة لأنهم وقعوا في بعض الأخطاء الدعوية؟

إننا يا فضيلة العلماء نناشدكم أن تبتوا في شأن هذه الفتنة وأن تضعوا حدا لها ونحن بانتظار جوابكم الكريم في اقرب وقت ممكن إن شاء الله تعالى. وفي الختام تقبلوا منا فائق التقدير والاحترام

مدير الدعوة في مركز شيخ الإسلام ابن تيمية
أخوكم: فواز جنيد

الرجاء الرد على فكس رقم:
0031703896918

STICHTING AS-SOENNAH
Centrum Sjeikh AL ISLAM
IBN Taymia
Fruitweg 5 t/m 9
2525 KE DEN HAAG
Tel./Fax: 070-3896918

واتە:

بنکەی شێخی ئیسلام ئیبنو تەیمییە ٦ی ربیعی یەکەم ١٤٢٤ک

لاهای ـ هوڵەندا ٧ مای ٢٠٠٣ز

بە ناوی خوای دلۆڤان

حەمدو سەنا بۆ خوای تاکو تەنیا، وە سەڵات و سەلام لەسەر ئەو پێغەمبەرەی کە لە دوای ئەم هیچ پێغەمبەری ترنین، وە لەسەر شوێنکەوتووان و خێزان و یارانی.

پاشان:

السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته

لای ئێوەی بەڕێز شاراوە نییە، ئەو فیتنەی کە پڕیشکی هەموو جیهانی لە نێوان ڕۆڵەکانی ئەهلی سوننەو جەماعە گرتۆتەوە، هەتا لە نێو مزگەوتەکانیشا پەرتەی کردووە، هۆکاری ئەو ناڕەحەتییەش بانگەوازەکەی شێخ ڕەبیعی مەدخەلییە کە خۆی لە سۆنگەی جەرح و تەعدیلی ئەو سەردەمە بە بێ هەبوونی کەسی تر لە بەرمابەر خۆی حسێبکردووە، خۆزگە جەرحەکەشی تەنها لەوانەی کە

شیاوی تەجریحن کورتهەڵێنایە، لەوانەی کە ئەهلی بیدعەن، بگرە ئەم کارەی باڵی کێشاوە سەر هەتا بانگەوازکارانی ئەهلی سوننەو جەماعەی هەموو جیهانی دونیاشەوە، لەوانە زۆرێک لەو بانگەوازکارە ناودارانەی شانشینی عەرەبی سعودیش، بگرە هێندێک لە گەورە زانایانی وەک (بکر ابو زید)یشی بەرکەوتووە، ئەوان هاتوو ون بانگەوازکارانیان پۆڵێن کردووەو کۆمەڵێک ناوو نازناویان بۆ تاشیون و خۆیان لێ بەری کردوون، وەک نازناوی (عەرعوری و سروورى و قوتبی و حیزبی)، هەروەک هەموو ئەو ناوانەی کە بۆ باتینییەکان و قەرامیتەکان[١٥] هاتوون، ئەوان لەسەریان کردوون بە کالا بەباڵای هێندێ لە ئەهلی سوننەو جەماعەی ئەم سەردەمەشەوە، ئەویش بە پاساوی ئەوە کە ئەو بەرنامەی کە لەباری تانەو جەرح و تەعدیل و پۆڵێنکردنی خەڵک هەڵیانگرتووە، بەرنامەی سەلەف و شێخی ئیسلام (ئیبنو تەیمیە) و هەروەها بەرنامەی شێخ (موحەممەدی کوڕ عەبدولوەهاب) و گەورە زانایانی ئێستای شانشینە. خۆزگە ئەم بانگەوازەشی لە ئاشکراکردنی بیرو ڕایان بێت لەسەر ئەوانەی کە تانەیان لێ ئەگرن لەوانەی کە ئەهلی سوننەن، بگرە هاتوون و پاڵ بە هەموو لاوانمان ئەدەن لە هەموو جیهان و هانیان ئەدەن بۆ فیتنەو ئاژاوە نانەوە، هەر خۆی ئەوە چەند ساڵێکە خەڵکی لە

ڕێگەی تەلەفۆنەوە ئاگادار ئەکاتەوەو خەڵکی لە خولی سەلەفییە شەرعییەکان لە بنکەی ئیبنو تەیمیە لە هۆڵەندا و بنکەی (تاریقی کوڕی زیاد) لە فەڕەنسا و هیندێ لە خولی تر لە ئیسپانیا دوور خستۆتەوە، کە تخوونیان نەکەون، دوا ئاگادارکردنەوەشیان کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بیستمان سەبارەت بە خولێکبوو کە لە ئەمریکای باکور ساز ئەکرا، لەگەڵ ئەوە ئەوانەی کە ئەمخولەشیان ئەگێڕا، تا ماوەیەکی زۆر لەو پیاوە نزیک بوو ون، پاشان ناکۆکییان لە نێواندا درووست بووە، هەر ئەو پیاوە لە کاسێتێکیدا زۆر بە ڕاشاکاوانە ئەڵێت: بەڕە لە بن پای شێخ (ئەحمەد سەللام) دەربهێنن! ئەوە بوو هێندێ لەوان هەڵسان بەدەست گرتن بەسەر بنکەی شێخ (ئەحمەد سەللام) لە (تلبورخ) و شێخیشیان لە مزگەوتێ وە دەرنا، ئەمەو هەتا تانەگرتنیان لە هێندی لە بانگەوازکارانی سوننە لە ئەوڕووپا وای لە هێندێ لە لاوانکرد بگرە وای لە هێندێ ئافرەتانیش کرد کە لە نوێژ دوور بکەونەوەو واز لە وانە عیلمییەکانیش لەو بنکانە بهێنن، تانەگرتنیشیان لەو بنکە شەرعیانە بە تۆمەتی ئەوە بوو، کە ئەو بنکانە لانەی قوتبییەکان و حیزبیەکانن، هەر خوای بەرزو بڵندیش ئەزانێت کە ئەو تۆمەتەی ئەوان بە هیچ چەشنێک ڕاست و درووست نییە، بۆیە چون ئێوە جێگەی متمانەی موسڵمانان لە ئەوڕووپا، تکامان لە

بەڕێزتان ئەوەیە، کە سەبارەت بەم کێشەیە وەدەنگبێن و پشتی فیتنە بشکێنن و ئەو ئاگرە وەکوژێنن، ئەویش لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەیەکی ئاشکرا بۆ گەنجەکانی ئەو ئوممەتە کە تێیدا ئاماژە بەوخالانەی خوارەوە بدرێت:

١. ئایا ڕاستە کە ئێوە سەبارەت بە کاری ڕەخنە گرتن لە بانگەوازکاران و پارتە ئیسلامییەکان و پۆلێنکردنیان، تەزکییەی شێخ ڕەبیعی مەدخەلیتان کردووە، ، وە ئایا ڕاستە کە ئەو نوێنەرایەتی بەرنامەی گەورە زانایانی شانشین ئەکات؟

٢. ئایا دان بەوەدا ئەنێن کە شێخ (ڕەبیعی مەدخەلی) هەڵگری ئاڵای جەرح و تەعدیلە ؟

٣. ئایا درووستە کە لاوانی مسوڵمان لە ئەوڕووپا لە خولە شەرعییەکان و وانە عیلمییەکان دابڕێن و لەم زانایانە دوورکەونەوە، چون شێخ (ڕەبیعی مەدخەلی) فەرمانی ئەوەی پێکردوون؟

٤. ئایا درووستە کە ئەو قسەی شێخی ئیسلام (ئیبنو تەیمییە) کە سەبارەت بە قەڕامیتە باتینییەکان گوتوویەتی لەسەر بانگەوازکارانی ئەهلی سوننەو جەماعەدا بسەپێنرێت، ئەویش چوونکە دووچاری هەڵەی بانگەوازی بوونەتەوە؟

ئێمە توخوا زانا بەڕێزەکان، بۆ ببڕای ببڕا سەبارەت بەو فیتنەیە داواتان لێ ئەکەین کە سنوورێک بۆ ئەمە دابنێن،

ئێمە چاوەڕێی وەڵامی بەڕێزی ئێوەین، ئەگەر ویستی خوای لەسەر بێت کە زۆر بەپەلە وەڵاممان بدەنەوە. لە کۆتاییدا زۆر بە ئەندازە و ڕێزەوە ئەوەمان لێ وەربگرن.

بەڕێوەبەری بانگەواز لە بنکەی شێخی ئیسلامی ئیبنو تەیمیە

براتان: فەوواز جونەید

ئیمزا و مۆر

تکایە بەم ژمارە فاکسە وڵام بنێرنەوە

٠٠٣١٧٠٣٨٩٦٩١٨

لەوەڵامدا شێخ (عبدالعزیز بن محمد ال الشیخ) ئاوا وەڵامی شێخ فەوواز ئەداتەوە:

بسم الله الرحمن الرحيم

المملكة العربية السعودية
رئاسة
إدارات البحوث العلمية والافتاء
الأمانة العامة لهيئة كبار العلماء

الرقم : ٣٨٤٦/٢
التاريخ : ١٤٢٤/٣/٢٩هـ
المشفوعات :
الموضوع :

من عبدالعزيز بن عبدالله بن محمد آل الشيخ إلى حضرة الأخ المكرم/ فواز جنيد

سلمه الله

سلام عليكم ورحمة الله وبركاته ٠٠ وبعد :

فأشير إلى استفتائك المقيد بالأمانة العامة لهيئة كبار العلماء برقم (٣٨٠٠) وتاريخ ١٤٢٤/٣/١٨هـ الذي تسأل فيه عن : عدد من الأسئلة ٠

وإليك برفقه عدداً من الفتاوى والرسائل المفيدة ٠

وفق الله الجميع لما فيه رضاه إنه سميع مجيب ٠٠

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته ٠٠٠٠٠

المفتي العام للمملكة العربية السعودية

ورئيس هيئة كبار العلماء وإدارة البحوث العلمية والإفتاء

الطعن في العلماء

بسم الله الرحمن الرحيم

المملكة العربية السعودية
رئاسة إدارة البحوث العلمية والإفتاء
الأمانة العامة لهيئة كبار العلماء

الرقم :
التاريخ :
المرفقات :

فتوى رقم(١٦٨٧٣) وتاريخ ٢/٢/١٤١٥هـ.

الحمدلله وحده والصلاة والسلام على من لانبى بعده .. وبعد :

فقد اطلعت اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء على ماورد إلى سماحة المفتي العام من المستفتى / محمد بن حسن آل ذيبان ، والمحال إلى اللجنة من الأمانة العامة لهيئة كبار العلماء برقم(٣١٣٤) وتاريخ ١٤١٤/٧/٧هـ وقد سأل المستفتى سؤالاً هذا نصه : (نسمع ونجد أناساً يدعون أنهم من السلفية ، وشغلهم الشاغل هو الطعن في العلماء واتهامهم بالإبتداع وكأنّ ألسنتهم ماخلقت إلالهذا ، ويقولون نحن سلفية ، والسؤال يحفظكم الله : ماهو مفهوم السلفية الصحيح ، ومامو قفها من الطوائف الإسلامية المعاصرة ؟ وجزاكم الله عنّا وعن المسلمين خير الجزاء إنه سميع الدعاء)

وبعد دراسة اللجنة للاستفتاء أجابت بأنه : إذا كان الحال كماذكر فإن الطعن في العلماء ورميهم بالابتداع واتهامهم مسلك مُرْدٍ ليس من طريقة سلف هذه الأمة وخيارها ، وإنَّ جادة السلف الصالح هي الدعوة إلى الكتاب والسنة ، وإلى ما كان عليه سلف هذه الأمة من الصحابة - رضي الله عنهم - والتابعين لهم بإحسان بالحكمة والموعظة الحسنة والجدال بالتى هي أحسن مع جهاد النفس على العمل بمايدعو إليه العبد ، والإلتزام بماعلم بالضرورة من دين الإسلام من الدعوة إلى الإجتماع والتعاون على الخير ، وجمع كلمة المسلمين على الحق ، والبعد عن الفرقة وأسبابها من التشاحن والتباغض والتحاسد ، والكف عن الوقوع في أعراض المسلمين ، ورميهم بالظنون الكاذبة ، ونحو هذا من الأسباب الجالبة لافتراق المسلمين وجعلهم شيعاً وأحزاباً يلعن بعضهم بعضاً ، ويضرب بعضهم رقاب بعض قال الله تعالى (واعتصموا بحبل الله جميعاً ولاتفرقوا واذكروا نعمة الله عليكم إذ كنتم أعداءً فألف بين قلوبكم فأصبحتم بنعمته إخواناً وكنتم على شفا حفرة من النار فأنقذكم منها كذلك يبين الله لكم آياته لعلكم تهتدون . ولتكن منكم أمة يدعون إلى الخير ويأمرون بالمعروف وينهون عن المنكر وأولئك هم المفلحون . ولاتكونوا كالذين تفرقوا واختلفوا من بعد ماجاء هم البينات وأولئك لهم عذاب عظيم) . وثبت عن النبي صلى الله عليه وسلم أنه قال : « لاترجعوا بعدى كفاراً يضرب بعضكم رقاب بعض » والآيات والأحاديث في ذم التفرق وأسبابه كثيرة ، ولهذا فإن حماية أعراض المسلمين وصيانتها من الضروريات التى علمت من دين الإسلام ، فيحرم هتكها ، والوقوع فيها ، وتشتد الحرمة حينما يكون الوقوع في العلماء ، ومن عظم نفعه للمسلمين منهم ، لماورد من نصوص الوحيين الشريفين بعظيم منزلتهم ، ومنها أن الله سبحانه وتعالى ذكرهم شهداء على توحيده فقال تعالى: (شهد الله أنه لاإله إلاهو والملائكة وأولوا العلم قائماً بالقسط لاإله إلاهو العزيز الحكيم)

بسم الله الرحمن الرحيم

المملكة العربية السعودية
رئاسة إدارة البحوث العلمية والإفتاء
الأمانة العامة لهيئة كبار العلماء

الرقم :
التاريخ :
المرفقات :

- ٢ -

تابع الفتوى رقم(١٦٨٧٣) وتاريخ ١٢/٢/ ١٤١٥هـ.

والوقوع في العلماء بغير حق تبديعاً وتفسيقاً وتنقصاً ، وتزهيداً فيهم ، كل هذا من أعظم الظلم والإثم ، وهو من أسباب الفتن ، وصد المسلمين عن تلقى علمهم النافع وما يحملونه من الخير والهدى . وهذا يعود بالضرر العظيم على انتشار الشرع المطهر ، لأنه إذاجرح حملته أثر على المحمول . وهذا فيه شبه من طريقة من يقع في الصحابة من أهل الأهواء ، وصحابة رسول الله صلى الله عليه وسلم هم شهود نبي هذه الأمة على مابلغه من شريعة الله ، فإذا جرح الشاهد جرح المشهودبه . فالواجب على المسلم إلتزام أدب الإسلام وهديه وشرائعه ، وأن يكف لسانه عن البذاء والوقوع في أعراض العلماء ، والتوبة إلى الله تعالى من ذلك والتخلص من مظالم العباد ، ولكن إذا حصل خطأ من العالم فلايقضي خطؤه على ماعنده من العلم . والواجب في معرفة الخطأ الرجوع إلى من يشار إليهم من أهل العلم في العلم والدين وصحة الاعتقاد ، وأن لايسلم المرء نفسه لكل من هب ودب فيقوده إلى المهالك من حيث لايشعر . وبالله التوفيق وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم ... !!!

اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء

عضو
عبدالله بن عبدالرحمن الغديان

الرئيس
عبدالعزيز بن عبدالله بن باز

عضو
بكر بن عبدالله أبوزيد

عضو
عبدالعزيز بن عبدالله بن محمد آل الشيخ

عضو
صالح بن فوزان الفوزان

واتـە: لـە (عبدالعزیـز بـن عـبدالله بـن محمـد ال شیخ) بۆ برای ڕێزدار/ فواز جنید، خوا سەلامەتی بکات

سلام علیکم ورحمة الله وبرکاته...

پاشان

ئاماژە بە داواکردنی فەتواکەت کە پەیوەستە بە ئەمینداریتی گشتی دەستەی گەورە زانایان بە ژمارە (٣٨٠٠) و بەرواری ١٤٢٤/٣/١٨ ی کۆچی کە تێیدا چەند پرسیارێکت کردووە.

وەلامەکەت ئەوەتا هاوپێچە لەگەڵ کۆمەڵێک فەتواو نامەی بەسوود.

خوا بۆ کارێک کە پێی خۆشەو پێی ڕازییە مۆفەقتان بکات وە هەر خۆشی بیسەرو وەلامدەرە

والسلام علیکم ورحمه الله وبرکاتهـ

المفتي العام للمملكة العربية لسعودية

ورئيس هيئة كبار العلماء وادارة البحوث العلمية والأفتاء [١٦]

مۆر

ئیـــنجا نامـــە هاوپێـــچەکراوەکە وەک لەســـەرەوە هاتـــووە ئەڵێت:

فەتوای ژمارە (**١٦٨٧٣**) و بەروار **١٤١٥/٣/١٣** ی کۆچی

حەمدو سەنا بۆ خوای تاکو تەنها و سەڵات و سەلام لەسەر پێغەمبەرێک کە لەدوای ئەم هیچ پێغەمبەری تر نییە، لێژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستی و فەتوا دان ئەو داوایەی کە هاتووە ئەخاتە بەر دەست موفتی گشتی (محمد بن حسن آل ذبیان)و لیژنەی ئەمینداری گشتی لە دەستە زانایانی گەورە بە ژمارە (**٣١٣٤**) و بەرواری **١٤١٤/٧/٧**ی کۆچی.

فەتوا کەر پرسیارێکی بۆ موفتی هەناردووە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

ئەبیسین و ئەبینین، کە هێندێ لە خەڵکی کە بانگەشەی سەلەفییەت ئەکەن، سەر قاڵ بوو ون بە تانە گرتن لە زانایان و تۆمەتباریان ئەکەن بە نانەوەی بیدعە، بە چەشنێکن وەک بڵێی کە هەر بۆ ئەم کارە دروست کرابن. وە ئەیشڵێن: ئێمە سەلەفین، پرسیارەکەش ئەمەیە، خوا بتانپارێزێت:

ئایا چەمکی سەلەفییەتی ڕاست و درووست چییە، ئایا هەڵوێستی چییە سەبارەت بە تاقمە ئیسلامییە هاوچەرخەکان؟ خوا پاداشتی خێرتان بداتەوە سەبارەت بە کارەکانمان و کاری مسوڵمانان، بە باشترین پاداشت، هەر خوا خۆی بیسەری نزکانە.

پاشان: لێکۆڵینەوەی لیژنەی فەتواکان بەم شێوە وەڵامی داوەتەوە:

ئەگەر حاڵەتەکە ئەوە بێت کە باسکرا، ئەوا تانە گرتن لە زانایان و تۆمەتبارکردنیان بە بیدعە نانەوەو گرتنە بەری ڕێگەی بیدعەکاران، ئەوە شێوازی سەلەفی ئەو ئوممەتەو هەڵبژێردەکانی نییە، بگرە ڕێگەو مەسلەکی سەلەفی ساڵح بریتییە لە بانگەواز کردن بۆ کتێب و سوننەت و ئەو نەهجەی کە سەلەفی ئەو ئوممەتە لە یارانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و تابعین لەسەرین بە کارزانی و ئامۆژگاری چاکو گفتوگۆیەک بە باشترین شێوە کە هەیە، لەگەڵ دەبەرێکڕاچوونی دەروون لەسەر کارکردن بەو شتەی کە بەندەی بۆ بانگ ئەکرێت. هەروەها پابەند بوون بەو شتەی کە پێویستە بۆ ئایینی ئیسلام لە بانگەواز کردن بۆ کۆبوون (الاجتماع) و هاوکاری کردن لەسەر خێرو پێکەوە گرێدانی گوفتاری مسوڵمانان لەسەر هەق، وە دوور بوونەوە لە

لێکدابڕان و هۆیەکانی لەسەرو بەندی گرژی و بوغزکێشان و ئـــێرەیی بەیەکـــبردن، هـــەروەها دەســـت هەڵگـــرتن لـــە شوێـــنکەوتنی عـــەیبی مـــسوڵمانان، وە تۆمەتبارکـــردنیان بەگـــومانە درۆکـــان و هەمـــوو ئەوانـــەی کـــە هـــۆکارن بـــۆ لێکدابڕان و لێکترازانی مسوڵمانان و کردنییان بە چەند تاقم و پـــێڕێک کـــە هـــێندێکیان نەفـــرەت لـــە هـــێندێکیان بگـــرن و هـــێندێکیان لـــە ملـــێ هـــێندێکیان گـــیر بکـــەن، خـــوای گـــەورە دەفەرمـــوێ (هەر هەمووتان بە توونـدی دەست بگرن بە ئایین خـــواوەو پـــەرت و بـــڵاو مـــەبن، یـــادی نـــازو نـــیعمەتی خـــوا بکەنـەوە لـە سەرتان، کاتی خۆی دوژمنی یەکتر بوون کەچی دڵەکانـتانی بـە هـۆی نـیعمەتی ئیـسلامەوە پەیوەسـت کرد بە یەکـەوەو هەمـوو بـوونە بـرای یەکتـر، ئـێوە لـە سەر لێواری چاڵـێکی ئاگـر وەسـتا بـوون، بـەڵام خـوا لـەو ئاگـرە ڕزگاری کـردن، ئـا بـەو شـێوەیە خـوا ئایەتـەکانی خۆیـتان بـۆ ڕوون دەکاتـــەوە، بەڵکـــو ڕێـــنمایی وەرگـــرن. دەبـــێت لـــە ئـــێوە ئوممەتـێک پـێک بـێت، یاخود با هەمووتان ئوممەتێک بن کە بانگـەواز بکـەن بـۆ خـیرو چـاکە، فـەرمان بـدەن بـە هەمـوو کارێـکی درووسـت، قەدەغـەی هەموو نا درووستییەک بکەن، هـەر ئەوانەشـن سەرفرازان، نەکەن وەکو ئەو کەسانە بن کە ناکۆکـی و دووبەرەکیـیان لە ناودا بەرپا بوو، لەیەک دابڕان، دوای ئـەوەی بەڵگـەو نیـشانەشیان پـێ گەیـشتبوو، ئەوانـە

سـزایەکی گـەورەو سـەخت چاوەڕێـیانە). هـەروەها لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) جێگیر بووە کە فەرموویەتی: لە دوای من پاشگەز مەبنەوە بۆ بێ باوەڕی بچن کە هێندێکتان لـە ئەسـتۆی هێندێکتان گیر بکەن. ئەمەو ئایەت و فەرموودە گەلـێکی زۆر هەن کە زەمی لێکدابڕان و هۆکارەکانی ئەکەن، بـۆیە پاراسـتنی ئابـڕووی مسوڵمانان و چاککردنیان لە کارە پێویـستییەکانی، ئـەوەن کـە لە دینی ئیسلامدا زانراون. بۆیە ئەتککـردن و کەوتـنە داوی ئابـڕووی مـسوڵمانان حەڕامـە، ئیـنجا ئـەو پێشـێلکردنە لە بەردەم پێشێلکردنی حوڕوەماتی زانایـان تووندتـرە، ئـەوەیش لەبـەر ئـەوەی کـە مـسوڵمانان زۆرتـر سـوودیان لـێ ئەبیـنن لەبـەر ئـەو هەمـوو دوو دەقـە وەحیـیە (کـە مەبەسـت لـە قـورئان و سـوننەتە) کـە ڕایـئەگەیەنن، لەوانـە خـوای پاکـو پـێگەرد ناویـان ئـەبات بەشـایەتحاڵەکانی تەوحـید، خوای گەورە دەفەرموێ: (خوای گـەورە خـۆی شـایەتی ئـەدات و دەری خـستووە کە جگە لەو خوایەکـی تـر نیـیە، هـەروەها فریـشتەکان، هـەروەها ئـەو زانـستخوازانەی کـە هـەر یەکـەیان بـە ڕێـگەیەکی ڕاسـت و درووسـت دەیسەلمـێنن، کـە جگە لەو زاتە خوایەکی تر نییە، وە ئەو زاتە خوایەکی باڵا دەست و دانایە).

کەواتـە: کەوتـنەبەری غیـبەتی زانایـان بە ناهەق لە سۆنگەی تەبدیعکـردن و تەفسیقکردن و بەکەمگرتنیان، هەموو ئەوانە

گەورەترین زوڵم و تاوانن، بگرە ئەوە هۆکاری فیتنەن و کۆسپن لە ڕێگەی سوود وەرگرتنی مسوڵمانان لە زانستی بەسوودو هەموو ئەوانەی کە ئەم زانایانە لە خێرو ڕێنمایی هەڵیانگرتووە.

ئەمەش زەرەرێکی گەورە ئەدات لە بڵاو کردنەوەی ئەم شەریعەتە پاکە، چون ئەگەر تۆ ئەو کەسەی کە ئەم زانستەی هەڵگرتووە و بریندارى بکەیت، ئەوا زانستەکەیت بریندار کردووە. ئەمەش نزیکە لە ڕێگەی ئەو کەسانەی کە ئەهلی حەزو ئارەزوون و تانە لە سەحابە بەڕێزەکان ئەدەن. کەچی سەحابە بەڕێزەکان شایەتن لەسەر پێغەمبەری ئەو ئوممەتە، لەسەر ئەوە کە ئەم شەریعەتی خودایەی ڕاگەیاندووە، بۆیە بریندار کردنی شایەت بریندار کردنی مەنهەجەکەیەتی.

کەوتە: واجبە لەسەر مسوڵمانان کە پابەند بن بە ڕەوشتی ئیسلامی و هیدایەت و شەریعەتەکانی، هەروەها زمانی خۆیان بگرن لەسەر قسەی نابووت و کەوتنە دوای ئابڕووی زانایان، هەروەها تۆبە کردن و گەڕانەوە لای خوا و خۆ ڕزگار کردن لەو خەسڵەت و زوڵم و ستەمانەی کە لە بەندەکان ئەکرێت.

بەڵام خۆ ئەگەر هەڵەیەک لە زانایەک پشکووایەوە، نابێت ئەوا هەرچی ئەو زانستەی کە لایەتی دەستی وەسەر بگریت.

ئـــەوەی کەواجـــبە بـــۆ دەرک بـــە هەڵـــەکان ئەوەیـــە ئـــەبێ بگـێڕدرێنەوە سـەر ئەو شتانەی کە ئەوان ئاماژەیان پێیداون لە زانایان و زانست و دین و ڕاستی و دروستی بیرو باوەڕ، وە نـابێ ئینـسان کەخـۆی بخاتـە نـێو هەمـوو شتـێکەوە، کـە لەسـەرەنجام بـەرەو هەلاکـی بـبات بـە بێ ئەوەی کە خۆیشی هەستی پێ بکات. تەوفیقیش هەر لە خواوەیە.

(وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم)

لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوادان

سەرۆک: عبد العزيز بن عبد الله بن باز[١٧]

ئەندام: عبد العزيز بن عبد الله بن محمد آل شيخ

ئەندام: عبدالله بن عبد الرحمن الغديان

ئەندام: بكر بن عبد الله أبو زيد

ئەندام: صالح بن فوزان الفوزان

کەواتە کامەیە ئینساف و کامەیە ویژدان لای ئەو پۆڵە مۆنە، کـە گـوایە سەرچـاوەی قسانیان بن بازە،یا شیخ فەوزانە یان بەکـر ئەبـو زێـدە، کـە کـۆمەڵێ نـاوو مـاووی تـر ئەکـەن بـە پاسـاوی فەتـوا بێ بنچینەو بێ ماناکانی خۆیان.. ئەوەتا خۆ

هـەر ئـەو پـۆڵە زانایانەن کە ئەمە هەڵوێستیانە بەرامبەر بە واقعی ئێستای ئوممەتی ئیسلامی..
بەداخـەوە ئەمە هەڵوێستی جوامێرانەی زانایانی ئیسلامی و ئەمەش قسە بێ ئەسڵ و فەسڵانەی ئەوان!!

دووەم: هەڵوێستی زانایان سەبارەت شوێن کەوتنی ئابڕوو و کەمو کوڕی مسوڵمانان:

(١) مورجیئەکانی سەردەم: زۆر دەمیان بە زانا دەمپاکەکان گەرمە، کە ئەوان لەمان بەرین.
ئەمان کاریان بۆتە پشکنینی مسوڵمانان، لە کێ مسوڵمان هەڵەیەک بکەن، ساتمەیەک بەرن، وا وەیلا بە گیانی ئەو کەس کە بکەوتە سە زمانی ئەو مورجیئە باوانەی ئەمڕۆ، شام و یەمەنی لێ تێئەگەیەنن، ڕۆم و عەجەمی لێ بە ئاگا دێنن، لە کاتێکدا کە عومەری کوڕی خەتتاب "خوا لێی ڕازی بێت" دەفەرموێت: (لا تظن بكلمة خرجت من أخيك المؤمن شرا وأنت تجد لها في الخير محملا) واتە: هەرگیز گومانی خراپ بە قسەیەک مەبە کە لە دەمی برای ئیماندارت دەر ئەچێت، لە کاتێکدا کە ئەتوانیت باشترین مانا بۆ قسەکەی بتاشیت، یان ئیبن ئەبی دونیا لە کتێبی (مداراة الناس) لاپەڕە (٤٩) دا ئەڵێت: (أبو قلابة) دەفەرموێت: (التمس لأخيك العذر بجهدك ، فإن لم تجد له عذراً فقل لعل لأخي عذراً لا أعلمه) واتە: حەفتا بیانوو سەبارەت بە براکەت

بهێنەوە، خۆ ئەگەر لەم حەفتا بیانووە بیانوێکت تیا نەبینی، بڵێ: ڕەنگە بیانوێکی هەبووبێت بەڵام من دەرکم پێی نەکردووە. یان ئەبو حامدی غەزالی "بەڕەحمەتبێت" لە کتێبی (إحياء علوم الدين) دا ئەڵێت: (ينبغي ان تستنبط لزلة اخيك سبعين عذراً فإن لم يقبله قلبك عد اللوم على نفسك فتقول لقلبك: ما اقساك يعتذر اليك اخوك سبعين عذراً فلا تقبله فأنت المعيب ولا أخوك) واتە: پێویستە بۆ هەڵەی هەر برایەک حەفتا بیانوو بهێنیتەوە، خۆ ئەگەر دڵت بەوەندە بیانووە ئاوی نەخواردەوە، ئەوا سەرکۆنەی دەروونی خۆت بکەو پێی بڵێ: ئەوە بۆ ئەوەندە ڕەقیت ئەوەتا براکەت حەفتا بیانووت بۆ ئەهێنێتەوە تۆ وەری ناگریت، تۆ عەیب داریت و براکەت هیچ.... چونکە بەڕاستی گەڕان بە دوای پیسی خەڵک پیشەی مێشە، کە هەمیشە لەسەر پیسایی ئەنیشێتەوە، یاپیشەی قالۆنچەیە کە لە نێو گوڵ و گوڵزار ژانە سەیر ئەیگرێت، بەڵام بیبەیت بۆ بنمیچی (.....)ەکان سەر چۆپی و ئاهەنگ ئەگێڕێت!!

ئای چەندیان پێخۆشە کە هەڵەیەک لە دەمتا دەربچێت، ئیتر تەواو تا ڕۆژی حەلا وەلایێ ئەبێ لە چنگیانا بناڵێنیت!!!

بەڵام وەک گوتمان ئەمان بۆ پشت قاییمبوونی خۆیان، دێن بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی داماوو نەزان دێن و ئەڵێن: ئەو کارەی ئێمە زۆر شەرعییە! چون ڕای زانایانیش هەر لەسەر ڕای ئێمەی سەلەفییە کە وا ئەکەین!!!

جا دەبا بزانین شێخ (محمد صالح العثيمن) "بەڕەحمەتبێت" کە یەکێکە لەو زانایانەی کە ئەوان بۆ چاو بەستنی خەڵکی بە شایەتی ئەگرن، هەر وا ئەڵێ و وای فەرمووە؟:

شێخ لە وەڵامی ئەو جۆرە ڕەفتارەی ئەوان ئەڵێت:

(هذا لايجوز بارك الله فيك ، تتبع عورات المسلمين ولاسيما العلماء محرّمة، فقد جاء في الحديث: " يا معشر من آمن بلسانه و لم يدخل الإيمان قلبه، لا تؤذوا المسلمين ولا تتبعوا عوراتهم، فإن من تتبع عورة أخيه تتبع الله عورته ، ومن تتبع الله عورته فضحه – أظنه قال– ولو في جحر أمه " . أي : في بيتها.

فلا يجوز لنا أن نتتبع العورات. وتتبع العورات عورة...يعني هذا الذي ذهب يتتبع عورات الناس هو الآن واقع في عورة.

والـــواجب – بارك الله فيك– لمن صدر منه ما يُنتقد عليه ، أن يدافع الإنسان عن أخـــيه إذا سمـــع من ينتقده في هذا، ويقول: لعله اشتبه عليه الأمر..لعل له تأويلاً ، لاسيما من عُرف بالصدق والإخلاص، وحب نشر العلم.)

واتە: ئەوە دروستە نییە (بارک الله فیک) کەوا شوێن عەیب و ئابڕووی مسوڵمانان کەویت، چجای ئابڕووی زانایان، هەروەک لە فەرموودە دا هاتووە: (ئەی ئەوانەی کە بەدڵ بڕواتان هێناوە کە هێشتا لە دڵتانا جێ گیر نەبووە، ئازاری مسوڵمانان مەدەن و شوێن عەیبەکانیان مەکەون،

هەرکەسێک شوێن عەیبی براکەی خۆی بکەوێت، خواش شوێن عەیبی ئەو کەسە دەکەوێت ، خوا کە شوێن عەیبی کەسێک کەوت ئەوا ڕیسوای ئەکات ئەگەر ئەو کەسە لە نێو ماڵی خۆشیا بێت.. **بۆیە بۆمان درووست نییە کەوا شوێن ئابڕووی کەس بکەوین، چوون شوێن کەوتنی ئابڕوو بێ ئابڕوویە**..... هەروەها دەفەرموێت: پێویستە لەسەر ئینسان کەوا پارێزگاری لە ئابڕووی براکەی بکات کاتێ کە گوێی لێ بوو خەریکە لە نرخی کەم ئەکرێتەوەو ڕەخنەی لێ ئەگرێت. پێویستە لەو کاتە دا بگوترێت، ڕەنگە ئەو پیاوە لێی هەڵە بوو بێت، یان وای تەئویل کردبێت، بە تایبەت گەر ئەو کەسە وا ناسراوبوو کەوا ڕاست گۆیەو بۆ خوا یەکلابۆتەوە و وە پێی خۆشە کەوا زانستی شەرعی بڵاو بێتەوە.

بۆ ڕاستی قسانیش لەم لینکە بە گوێی خۆتان لە دەمی شێخ (محمد صالح العثيمن) "بە ڕەحمەتبێت"ئەم قسانە ئەبیسنەوە:

(http://www.regayrasty.org/madxalizm/ittibahhusaimen.rm)

(٢) هەروەها ئەبینین کەوا مورجیئەکانی سەردەم: کاتێ کە ئەبینن ڕاو بۆچوونێک لەگەڵ ڕاو بۆچوونی ئەوانا یەکناگرێتەوە، ئەوا ئەمەی ئەوان ئەدەن بەدیوارو سەدان و

سەدان ناوی لێ ئەنێن، دەمێ ئەڵێن: ئەوانە لە مەنهەج لایان داوە، دەمێ ئەوانە لاڕێ بوو ون، دەمێ ئەوانە حیزبین یان هەر شتێکی تر!

دەبا بزانین ڕاو بۆچوونی شێخ (محمد صالح العثيمن) سەبارەت بەمە چییە:

شێخ لە کۆڕێکدا ئەڵێت:

فإن قال قائل ما موقفنا مما يقع من الخلاف بين العلماء في بعض الأحكام الشرعية؟ العلماء لم يتفقوا على شيء إلا ما عُلم بالضرورة من دين الإسلام، فكيف نفعل في هذا الخلاف؟

فالجواب بيّنه الله – عز وجل- بقوله :((وما اختلفتم فيه من شيء فحكمه إلى الله)) .. المرجع إلى الله .

وقال تعالى :((فإن تنازعتم في شيء فردوه إلى الله والرسول إن كنتم تؤمنون بالله واليوم الآخر ذلك خيرٌ وأحسن تأويلاً)) ..

ولو سلكنا هذا الطريق لم يبق بيننا خلاف.. وأقصد لم يبق بيننا خلاف في القلوب ، أما في الآراء فقد يقع.. لأن الخلاف وقع حتى بين الصحابة – رضي الله عنهم-، لكن القلوب لم تختلف.

والذي ضر الناس اليوم في هذه اليقظة الدينية أنهم اتبعوا أهواءهم .. أعني فريقاً منهم اتبع هواه.. وصار الخلاف في الرأي يؤدي إلى اختلاف القلوب.. وتنافر القلوب .. والعداوة والبغضاء..و السب واللمز.. وهذا – والله- فرحة الأعداء.. وهذا تَفتت

الدعـــــــ

بەڕاستی گەر ئەم ئایەتانە بە جێ بگەیەنین، ئەوا قەت ناکۆکیمان لە گەڵیەکدا بۆ دروست نابێت، واتە: دڵەکانمان لەگەڵیەکدا تێک گیر نابن، بەڵام خۆ ناکۆکی بۆچوون هەتا لە نێو یارانی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) دا هەبوو، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ کە هەیە و لەم چەرخی بیداری ئایینە دا زیان بە کەسەکان ئەگەیەنێت ، **بێ گومان ئەوانە شوێن ئارەزووەکانی خۆیان کەوتوون**، مەبەستم هێندێکیان شوێن ئارەزووی خۆیان کەوتوون، هەتا خیلاف لە سەر بۆچوونەکان، بۆتە هۆی لێک دوور کەوتنەوەی دڵەکان، بۆتە هۆی نانەوەی بوغز و غەرەزو جنێو دان و ئازار دانی کەسەکان.

سا بەخوا ئەمەیە کە دوژمنان پێیەوە دڵ خۆش ئەبن و ڕێڕەوی بانگەوزای ئیسلامی ئەشەوێنێن!

واجب ئەوەیە کە دڵەکان ئیختلافیان تێ نەکەوێت، هەر چەند ناکۆکی لە ڕاو بۆچوونەکانیشدا هەبن، **کەسێ بیەوێ کە قسەکانی ئەو لە کاتی خیلافەکاندا ببنە مەرجەع، ئەوە خۆی هێناوەتە پلەی پێغەمبەر، چونکە کەس بێ تاون نییە، لەسەرمان نییە کەوا خەڵکی ئیجبار بکەین تەنها قسە لە ئێمە وەربگرن**، تەنها ئەوە نەبێ کە لێیانبکەین کە قورئان و سوننەت وەربگرن. (لێرەدا قسەی شێخ تەواو بوو)

لەم لینکەی خوارەوەش بە گوێی خۆتان هەمان قسە لە دەمی شێخ ئەبیسنەوە:

(http://www.regayrasty.org/madxalizm/2.rm)

قسەکانی شێخ زۆر جوانە: **ئەوان بە زۆر خەڵک ئیجبار ئەکەن کە شوێن ڕاو بۆچوونی شێخەکانییان بکەون..** سەرنجدەن.. شێخ گوتی: **ئەوانەی کە خەڵکی ئیجبار ئەکەن کە شوێن قەولی ئەوان بکەون، ئەیانەوێ خۆ بخەنە پلەی پێغەمبەر..** گەر ئەشڵێن وا نییە.. دە تەواوی بابەتەکە بخوێننەوە یان گوێی لێ بگرنەوە.. کە چۆن ئیفتیراو بوختان بۆ ئەو شێخە دەم پاکانە ئەکەن و خۆ ئەدەنە پاڵییان و ئەڵێن شێخ (العثيمن) یان شێخ (الألباني) یان شێخ (بن باز) .. وا ئەڵێن.. کە لە سەرەنجامی خوێندنەوەی بابەتەکە ئەوەت بۆ بە دیار ئەکەوێت کە ئەوەی ئەوان ئەیدەنە پاڵ ئەم زاتە پاکانە، تەنها درۆیەکی زلەو هیچی تر.. درۆیەکە تەنها ئەوەیان ڕاستە گەر بڵێن ئەوانەی شوێن شێخ رەبیع کەوتوون ئەوان وا ئەڵێن.. ئەی ئەم هەڵوێستە بە پێی بۆچوونی شێخ (العثيمن) خۆ خستنەی بەرگی پێغەمبەرایەتی نییە خوا پەنامان بدات..؟!

سێیەم: هەڵوێستی زانایان سەبارەت بە پارتە ئیسلامییەکان و تاوانبارکردنیان بە حیزبی و.. هتد.

تۆمەتێکی تر لەو تۆمەتانەی ئەو سووپەر مورجئیانە بۆ کۆمەڵێک لەو تاقمە ئیسلامییانەی کە کاری ئیسلامییان لە چوار چێوەی پارتێکەوە یان بنکەیەک یان ڕێکخراوێکەوە ڕا ئەپەڕێنن، یەکسەر تۆمەتی گومڕابوون و بیدعەچی و حیزبییان ئەدەنە پاڵ، ئەڵێن بابای (مبتدع) لە کارەکانیانەوە بناسنەوە، کاری لەو چەشنە ئەگەر لە ئیسلامدا نەک نەبووبێت، بگرە لە دەیان ئایەت و فەرموودەی پیرۆزی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئاماژەی پێدراوە، کە هەر کەسێکی بیکات موبتەدیعەو ئەبێ هەجر بکرێت!!

بێ ئاگان لەوە کە لە دەیان دەقی شەرعی و ئایەت و فەرموودەی پیرۆزی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هانی ئەوەمان ئەدەن کە ئەبێ کار بە کۆمەڵ و بە ڕاوێژ و بە پێکەوە گرێدانی ڕۆڵەکان لە ژێر فەرمانی ئەمیرێکەوە ئەنجام بدرێن، سەردێڕی ئەمجۆرە کارەش بە ئایەتی: (قُلْ إِنَّمَا أَعِظُكُمْ بِوَاحِدَةٍ أَنْ تَقُومُوا لِلَّهِ مَثْنَى وَفُرَادَى) (سبأ: ٤٦) دەستپێدەکات، کە دەفەرموێت: پێیان بڵێ: من یەک ئامۆژگاری ئێوە ئەکەم، کە بۆ خواو لە بەر خوا، دوو قۆڵی و بە تەنهایی، دانیشن و بیر بکەنەوە. کەواتە ئەوە خۆی لە خۆیدا هاندانێکە بۆ کار کردن، جا مەرج نییە کە ئەو کار کردنە تەنها لە ژێر یەک

چەترو یەک کەپردا ئەنجام بدرێت، ئینجا ئەوان دێن و ئەڵێن: ئاخر خوا بەرهەڵستی کردووە لە تاقم تاقمێنە، وەک دەفەرموێ: (وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعاً وَلا تَفَرَّقُوا) (آل عمران: ١٠٣) واتە: هەموو تێکڕا خۆتان بە دینی خواوە بگرن و پەرتەوازە مەبن. یان دەفەرموویت: (إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعاً لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيءٍ) (الأنعام: ١٥٩) واتە: بە ڕاستی ئەوانەی ئایینەکەیان بەش بەشکردو بوونەتە دەستە دەستەو پارچە پارچە، ئەوە تۆ بە هیچ جۆر لەوان نیت، هەموو ئەو ئایەتانەی کە باس لە فیرقەو لێکدابڕان ئەکات دێن و لە سەر پارتە ئیسلامییەکانی ئەسەپێنن، بێئاگان لەوە کە ئەو خوایەی کە ئەم چەند ئایەتەی سەرەوەی فەرمووە، هەر ئەویش ئەفەرموێت: (وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ) (الحجرات:٩) واتە: ئەگەر دوو دەستە یان دوو تاقم لە مسوڵمانان بوو بە شەڕیان، هەوڵ بدەن ڕێکیان بخەن و ئاشتییان بکەنەوە، خۆ ئەگەر لایەکیان هەر دەستدرێژی دەکردە سەر لایەنەکەی تر، ئەوا ئێوە بە گژ ئەوەیاندا بچن کە ستەم و دەستدرێژی دەکات، تا ناچاریان دەکەن گوێ بە فەرمانی خوا دەگرن.. هەروەها ئەگەر لایەنە سەرکەشەکە بۆ فەرمانی خوا گەڕایەوە، ئێوە ناوبژیوانییەکی دادگەرانە لە نێوانیاندا بکەن و دادپەروەری

ئـەنجام بـدەن، چـونکە خـوا ئەوانـەی خـۆش ئەوێـت کـە دادپەروەری ئەنجامدەدەن.

کەواتـە: ئەمـە ئاشکرایە کە خوا لێرە دان بە بوونی سێ تاقم دەنـێت، نەیـشیفەرمووە: کـە ئـەم سێ تاقمە نابێت کە هەبن، بگـرە دەفەرموێـت: ئەگـەر دوو تـاقم بەشـەڕ هـاتن، با تاقمی سـێیەم بـەدەنگ بـێ و لـێکیان کاتـەوە.. کەواتـە ئەمـە بەڵگەیەکـی ئاشـکرایە کـە لە ئیسلامدا بە پێی پێویست بوونی تاقمـی ئیـسلامیی شتـێکی پێویـست و گـونجاوە، ئیـنجا بەندە پێـشم وایە ئەگەر ئەوان دێن و بوونی فرە پارتی ئیسلامی بە بـیدعە بـزانن، خۆ ئەوانیش بەشێکن لەو تاقمانە، ئەوان دێن تـێکڕای پارتـە ئیـسلامییەکان بـە حیـزبی دا ئەنـێن، بـێئاگان لـەوە کـە خۆشـیان هـەر حیـزبین، نـەک هـەر حیـزبی بگـرە موقەللیدیـشن، وە حیـزبەکەی ئەوانـیش یـەک نـاوی هەیـە ئـەویش حیـزبی لا جەماعـی لا حیـزبییە!! جـیاوازی نـێوان ئـێمەو ئەوانـیش ئەوەیـە کـە ئـێمە هـەقمان لـە کـێ بۆ ڕوون بـووەوە ئـەوە وەر ئەگـرین، بـەڵام ئـەوان موقەللـیدن، چون ئەگـەر هـەق لەسـەر دەسـت شـێخی ئەڵـبانی یـان شـێخ عوسـەیمین، یـان شـێخی بـن بـاز بـۆ ڕوون بـووەوە ئـەوە مەحاڵـە ئـەو هەقە وەر بگرن تا نەچن بە تەرازووەکەی شێخ رەبیعـی مەدەخـەلی هەڵی نەسەنگێنن، سەدان و سەدان بەڵگە وە چـنگ ئەکەون بۆ ڕاستی ئەو قسانەی کە ئەیکەم، هەرچی

شتێک کە لە بەڵگە نامەو نووسراوو دەنگەکانی ئەو شێخە پاکانە لە نووسراوەکانی ئەم زاتە پاکانە بەر چاوو و بەر گوێت ئەکەون، بەڵگەی موقەللیدی ئەوان نیشیان ئەدەن!
هەر بۆ ئەم خاڵی سێیەمە ئەوەندە بەسە کە چاوێک بەو فەتوایەی شێخ (عەبدولعەزیز بن باز)دا بخشێنین کە داخوا سەبارەت بە بوونی پارتە ئیسلامییەکان چی ئەڵێت:

ئەمەی خوارەوەش دەقەکەیەتی:

السؤال :

يتساءل كثير من شباب الإسلام عن حكم الانتماء للجماعات الإسلامية، والالتزام بمنهج جماعة معينة دون سواها؟

الجواب :

الواجب على كل إنسان أن يلتزم بالحق، قال الله عز وجل وقال رسوله صلى الله عليه وسلم، وألا يلتزم بمنهج أي جماعة، لا إخوان مسلمين، ولا أنصار سنة، ولا غيرهم، ولكن يلتزم بالحق، وإذا انتسب إلى أنصار السنة وساعدهم في الحق، أو إلى الإخوان المسلمين ووافقهم على الحق من دون غلو ولا تفريط فلا بأس، أما أن يلزم قولهم ولا يحيد عنه فهذا لا يجوز، وعليه أن يدور مع الحق حيث دار، إن كان الحق مع الإخوان المسلمين أخذ به، وإن كان مع أنصار السنة أخذ به، وإن كان مع

غيرهـــم أخذ به، يدور مع الحق، يعين الجماعات الأخرى في الحق، ولكن لا يلتزم بمـــذهب معـــين لا يحيد عنه ولو كان باطلاً، ولو كان غلطاً، فهذا منكر، وهذا لا يجوز، ولكن مع الجماعة في كل حق، وليس معهم فيما أخطأوا فيه.

واتە:

پرسیار:

زۆر لـە گەنجـە مـسوڵمانەکان پرسـیار ئەکـەن سـەبارەت بـە حوکمـی پەیـوەندی بـوون بـە پارتـە ئیـسلامییەکان و پابەنـد بـوون بـە پەیـڕەوو پڕۆگرامـێکی دیـاری کـراو، جگـە لـە پڕۆگرامی تر؟

وەڵام:

لەسـەر هەمـوو مسوڵمانـێکە کـە پابەنـد بـێت بـە هـەق، هـەق ئەوەیـە کـە خـواو پـێغەمبەرەکەی (صـــلى الله علـــيه وســـلم) ئەفەرموون: کە پابەند بە بەرنامەی هیچ پارتێکەوە مەبن، نە ئیخوان و نە ئەنسارِی سوننەو نە غەیری ئەوان، بگرە پابەند بـن بـە هـەق، خـۆ ئەگـەر ئـەو هـەقـە دەگـەڵ ئەنسارِی سوننە بـوو، ئـەوا لەسەر هەق یارمەتییان بدەن، یان لە گەڵ برایانی مـسوڵمان بـوو و لەگـەڵ هـەق بەینییان هەبوو، بە بێ ئەوەی کـە زێـدەڕەوییەک بکـەن و بـە بـێ کەمـو کـورتی، ئـەوا هـیچ گرفتـێک نیـیە ئەگـەر لەگەڵـیاندا کـار بکرێـت، بـەڵام ئەگـەر قـسەکانیان لەسـەر خەڵکـی ئیلـزام بکرێـن و لێـشی لا نەدەن،

ئەوە دروووست نییە، بۆیە ئەو کەسە لە سەرییەتی کەوا لە گەڵ هەق بە ڕێدا بڕوات جا لە هەر کوێ بێت، ئەگەر هەق لەگەڵ برایانی مسوڵمان[١٨] بوو لێیان وەر ئەگیرێت، ئەگەر لە گەڵ ئەنساری سوننە[١٩] بوو لێیان وەر ئەگیرێت، ئەگەر لە گەڵ غەیری ئەوان بوو هەر لێیان وەر ئەگێرێت، ئەو کەسە لەگەڵ هەقدا بەڕێ ئەکەوێت، هەروەها یارمەتی پارتەکانی تریش ئەدرێت لە سەر هەق، بەڵام ئەوەیە کەوا نابێت کە پابەند بیت بە تەنها یەک مەزەبی دیاریکراو، کە بە موو لێی لا نەدەت ئەگەریش لەسەر ناهەق بوون، یان لەسەر هەڵە بوون، ئەوە شتێکی خراپە، بەڵام لە هەموو هەقێکدا ئەبێ لە گەڵ کۆمەڵ کار بکرێت، شتێکیش کە تێیدا هەڵە بوون ئەوا نابێت کە لەگەڵیاندا بیت.

ئەو کەسەی کە گومانیش لەو فەتوایەی شێخی بن باز ئەکات، ئەوا با بچێتەوە ماڵپەڕەکەی خۆی بە ناونیشانی:
http://www.ibnbaz.org.sa/index.php?pg=mat&type=fatawa&id=1953
بیخوێنێتەوە، یان گۆڤاری (الحرس الوطني) ژمارە (١٣٧) مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٤١٣ی کۆچی لە گۆشەی (مجموع فتاوى ومقالات متنوعة، الجزء الثامن) کە چاو پێکەوتنێکە لە گەڵ شێخ ئەنجامدراوە.

کەواتە: هەیاران ئەمەی شێخ هەڵبسەنگێنن و لە هەڵوێستی ئەوانیش بنۆڕن، داخوا هەق لە کاملادایە کە وەریبگرین، ئەوەی شێخ کە ئەڵێت: ئەگەر هەق بە ئیخوانەوە بوو یان بە هەر پارتێکەوە بوو، ئەوە یەکەم: ئایا خۆی لە خۆیدا باوەڕ بوون نییە بە بوونی پارتە ئیسلامییەکان؟، دووەم: ئایا ئەوە ئینساف نییە کە ئەڵێت: ئەگەر هەق بە هەر کامیان بوو ئەبێ هاوکاریان بکرێت، یان ئەمەی ئەوان کە ببڕای ببڕا لە گەڵ کاری پارتی گەری نیین و تا ئێوارە هەق وەلای هەر کامێکیان لە هەر گۆشەیەکەوە بێت، لای وەلا ناکەنەوە! بە خراپ و بیدەعەی ئەزانن و باشەکانیشیان بە قوربانی خراپانییان ئەکەن، ئەگەر خراپەیان هەبێت؟!!.

بۆیە هەر ئەڵێمەوە کە جیاوازی نێوان حیزبەکانی ئێمەو ئەوان ئەوەیە کە ئەوان موقەللیدن، هەتا شێخ بن بازیش هەر وا بڵێت: وەری ناگرن، تا بە ڕوبەی شێخی مەدخەلی هەڵینەسەنگێنن. دەنا لە ڕووی حیزبییەتەوە تەنها ناومان جیایە، ئێمە حیزبی فولان و فیسار ئەوانیش حیزبی لا حیزبی و مەدخەلی.!!

هەروەها لە فەتوایەکی تری بن بازەوە هاتووە:

السؤال :

هل تعتبر قيام جماعات إسلامية في البلدان الإسلامية لاحتضان الشباب وتربيتهم على الإسلام من إيجابيات هذا العصر؟

الجواب :

وجـــود هـــذه الجماعات الإسلامية فيه خير للمسلمين، ولكن عليها أن تجتهد في إيضاح الحق مع دليله وأن لا تتنافر مع بعضها، وأن تجتهد بالتعاون فيما بينها، وأن تحـــب إحـــداهما الأخرى، وتنصح لها وتنشر محاسنها، وتحرص على ترك ما يشوش بينها وبين غيرها، ولا مانع أن تكون هناك جماعات إذا كانت تدعو إلى كتاب الله وسنة رسوله صلى الله عليه وسلم.

واتە:

پرسـیار: ئایـا ئـەوەی کـە کـۆمەڵە ئیـسلامییەکان لـە وڵاتـە ئیـسلامییەکان ئەیکـەن بـۆ پـێگەیاندن و تـێگەیاندنی لاوان لە ئیسلام، یەکێکە لە خاڵە باشەکانی ئەم سەردەمە؟

وەڵام: **بـوونی ئـەو کـۆمەڵە ئیسلامییانە خێرێکی باشە بۆ مـسوڵمانان**، بـەڵام لەسـەریانە کـە هەوڵـبدەن و هـەق ڕوون بکەنـەوە، بەپـێی بەڵگـە، شتـێک نەکـەن کـە خەڵکـی لـێک بترازێـنن، هەوڵـبدەن کـە یارمـەتی و کۆمەکـی یەکتر بکەن و یەکتـرییان خـۆش بوێـت، وە ئامـۆژگاری یەکتـر بکـەن و چـاکەکانییان ڕابگەیەنـیت، وە مکـوڕ بـیت لـە وازهـێنان لـەو

شتەی کە ئەبێتە هۆی تێکدانی نێوان و ئەمان و خەڵکانی تر، کەوا بوو هیچ پەرچێک نییە لەوە کە چەند کۆمەڵێکی ئیسلامی هەبن بەو مەرجە بانگەواز بۆ خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) بکەن.

سەرچاوە:

١. http://www.ibnbaz.org.sa/index.php?pg=mat&type=fatawa&id=1785

٢. چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری (المجتمع) لە گەڵ بەڕێز شێخ عەبدولعەزیز بن باز لە بەرواری ١٤١٠/٧/١٧ ی کۆچی، لە (مجموع فتاوى ومقالات متنوعة) جزمی پێنجەم سازدراوە.

دەبا بزانین شێخی ئەڵبانیش "بە ڕەحمەتبێت" لەم بارەوە چی ئەڵێت و هەڵوێستی سەبارەت بە پارتە ئیسلامییەکان چۆنە؟

شێخ لە گوتارێکیدا ئەڵێت:

هؤلاء جمعيات أعتقد أن وجودهم ضروري لأن جماعة واحدة منهم لا تستطيع أن تقوم بكل واجب يفرضه الإسلام على الجماعة الإسلامية وإنما هذه الجماعات يجب أن تقوم كل منها بواجبها " ولكن بشرط واحد وهو أن يكونوا جميعاً في دائرة

واحـــدة مـــتفقون على الأسس وعلى القواعد التي ينبغي أن ينطلقوا منها ليتفاهموا ويتقاربوا "

واتـە: **ئـەو پـارت و كـۆمەڵانە، مـن وا ئـەزانم كـە بوونییان زەروورین، لەبەر ئەوە یەک كۆمەڵ بە تەنها ناتوانێت كەوا بە هەمـوو ئـەو واجـبانە هەڵبسـێت كـە ئیسلام فەڕزی كردووە لەسـەر كـۆمەڵە ئیـسلامییەكان**، بـۆیە هەمـوو ئـەو كـۆمەڵە ئیـسلامییانە ئەبـێت بـە ئەركـی خـۆیان هەڵبـسن، ئـەویش بـە مەرجـێک كـە هەمـوویان لـە نـێو یـەک بازنـەدا لەسـەر كـارە بنەڕەتـیـیەكان یەكدەنگ بن، وە لەسەر ئەو بنەمایە هەڵبسنە سـەر پـێ بـۆ ئـەوەی زیاتـر لـە یـەک بگەن و زیاتر لە یەكەوە نزیک كەونەوە.

هەروەها بەردەوام ئەبێت و ئەڵێت:

أنـــا على يقين لا السلفيون وحدهم يستطيعون ولا الإخـــوان المسلمين وحدهم يستطيعون ولا.. ولا.. عد ما شئت من جماعات وأحزاب ولكن هذه الجماعات إذا توحدت في دائرة واحدة وتعاونوا كل منهم في حدود اختصاصه فحينئذ أو فيومئذ يفـــرح المؤمـــنون بنصر الله وعلى ذلك نحن ماضون لا نعادي طائفة أو جماعة من الجماعـــات الإسلامية إطلاقاً لأن كل جماعة كما صرحت آنفاً تكمل النقص الذي يـــوجد عـــند الجماعة الأخرى هكذا اعتقد أن تكون علاقة الجماعات الإسلامية بعضها مع بعض والذي نراه مع الأسف خلاف هذا الواجب الذي ينبغي أن تجتمع الجماعات عليه"

واتە: من دڵنیام کە نە بە تەنها سەلەفییەکان و نە برایانی مسوڵمان ئەتوانن و نە .... و نە... کێت دەوێ لە کۆمەڵ و پارتەکان بیانژمێرە، بەڵام ئەو پارت و کۆمەڵانە ئەگەر لە یەک بازنەدا یەکبگرن و هەریەک بەپێی بسپۆری خۆیان هاریکاری یەکتر بکەن، ئەوا ئەو کاتە بڕوادارانی دڵخۆش ئەبن بەو سەرکەوتنەی کە خوا بۆیان ئەهێنێتە پێش، بۆیە ئێمە بەردەوامین لەوە کە بە هیچ جۆر دژایەتی هیچ تیرەو کۆمەڵێک لە کۆمەڵە ئیسلامییەکان ناکەین، چون هەر کۆمەڵێک هەر وەک پێشتر باسم کرد کەمو کورتی کۆمەڵی ئەویتر پڕ ئەکاتەوە، ئەگەر کەمو کورتییان لێ بەدی کرا، بەو جۆرە ئێمە ئێستا سەبارەت بە کۆمەڵە ئیسلامییەکان لە گەڵ یەکتریدا ئەبینین جێگەی داخە کە پێچەوانەی ئەو واجبەن کە پێویستە لەسەری کۆبن.

هەروەها بەردەوام ئەبێت و ئەڵێت:

الآن الحرب بين الإسلام وبين العلمانية ففي هذا الوضع ينبغي للرجل المسلم الغيور على الإسلام أن يتأنى في سبيل بيان موقفه من بعض الجماعات الإسلامية التي عندها انحـــراف قليل أو كثير عن الإسلام ما ينبغي الدخول في هذه التفاصيل ما دام هذه الجماعـــات الإســـلامية كلـــها ضد الهجمة الشرسة العلمانية بأن يقول هؤلاء من الإســـلاميين على الحق وهؤلاء منحرفين قليلاً عن الحق وهؤلاء منحرفين كثيراً عن الحق.. وهذا ليس الآن مجاله بارك الله فيك..

واتە: ئێستا شەڕە لە نێوان ئیسلام و عەلمانییەت، لەم بارو دۆخەدا پێویستە کە بابای مسوڵمان غیرەتی بۆ ئیسلامەکە هەڵبسێت و زۆر بە هێواشی لە سەر خۆبێت لە کاتی ڕاگەیاندنی هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە هێندێ لە کۆمەڵە ئیسلامییەکان، کە لە هێندێ شتی کەم یان زۆر لادانییان لێ پشکواوە، نابێت لەو کاتەدا بچیتە نێو وردەکارییەکانیانەوە، **مادام ئەو کۆمەڵە ئیسلامییانە تێکڕایان لە دژی ئەو هێرشە درندانەی عەلمانییەت وەستاونەتەوە، بەوە ئەبێت بڵێیت ئەو پارتە ئیسلامییانە لەسەر هەقن و ئەو لادەرانەش لە زۆر ڕووەوە لە هەق لایانداوە**.. ئێستاش بوار نییە کە لەو بارەوە قسە بکەین. وبارک الله فیک.

سەرنجی ئەم قسەی شێخی ئەڵبانی بدەن، کە ئەڵێت: (**نابێت لەو کاتەدا بچیتە نێو وردەکارییەکانیانەوە، مادام ئەو کۆمەڵە ئیسلامییانە تێکڕایان لە دژی ئەو هێرشە درندانەی عەلمانییەت وەستاونەتەوە**). ئەمەیە هەڵوێستی جوامێرانەی زانایان، نەک تۆنترەقەی مەدخەلییەکان! کە لەبەردەم چاکو خراپدا ئەتەقنەوە؟!!

هەروەها هەر سەبارەت بە پارتە ئیسلامییەکان، لە فەتوایەکی (اللجنة الدائمة) بە ژمارە (٦٢٨٠) هاتووە کە بەم شێوەی خوارەوەیە:

من فتاوى اللجنة الدائمة (السؤال الرابع من الفتوى رقم ٦٢٨٠) الجماعات الفرق الموجودة الآن أقصد بها جماعة الإخوان المسلمين وجماعة التبليغ وجماعة أنصار السنة المحمدية والجمعية الشرعية والسلفيين ومن يسمونهم التكفير والهجرة وهذه كلها وغيرها قائمة بمصر أسأل ما موقف المسلم منها وهل ينطبق عليها حديث حذيفة رضي الله عنه (فاعتزل تلك الفرق كلها ولو أن تعض بأصل شجرة حتى يدركك الموت وأنت على ذلك) رواه الإمام مسلم في صحيحة ؟
الحمد لله والصلاة والسلام على رسوله وآله وصحبه .... وبعد :
كل هذه الفرق فيها حق وباطل وخطأ وصواب وبعضها أقرب إلى الحق والصواب وأكثر خيراً وأعم نفعاً من بعض فعليك أن تتعاون مع كل منها على ما معها من الحق وتنصح لها فيما تراه خطأ ودع ما يريبك إلى ما لا يريبك .
وبالله التوفيق وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم

اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء
عضو/ عبدالله بن قعود
عضو / عبدالله بن غديان
عضو / عبد الرزاق عفيفي
الرئيس العام / عبدالعزيز بن عبدالله بن باز

واتە:

لە فەتواکانی لیژنەی هەمیشەیی (پرسیاری چوارەم لە فەتوای ژمارە (٦٢٨٠).

ئەو کۆمەڵانەی ئێستا لە ئارادان، کە مەبەستم کۆمەڵەی برایانی مسوڵمان و کۆمەڵی تەبلیغ[٢٠] و کۆمەڵی ئەنسارِی سوننەی موحەممەدی و جەمعییەی شەرعی و سەلەفییەکان، ئەوانەی کە پێیان ئەڵێن: تەکفیرو هیجرە، ئەوانەو ئەمانەی کە لە میسرِ پەیرەو ئەکرێن، پرسیارم ئەوەیە، ئایا هەڵوێستی مسوڵمان سەبارەت بەوان ئەبێ چۆن بێت، وە ئایا فەرموودەکەی (حذيفة) "خوا لێی ڕازی بێت" لەسەر ئەوان جێبەجێ ئەبێت، کە دەفەرموێت: (خۆ لەهەموو ئەو تاقمانە وە دوور بگرە، ئەگەر قەپ لە ڕەگی دارێگەوە بگریت و بمریت و لەسەر ئەو حاڵەتە بمێنیتەوە) کە موسلیم بە فەرموودەیەکی ڕاست گێڕاوێتیەوە؟

وەڵام: حەمد سەنا بۆ خواو سەڵات و سەلام لەسەر پێغەمەبەرکەی و شوێنکەوتووان و یارانی....

پاشان:

هەموو ئاو تاقمانە هەق و ناهەق و هەڵەو تەواویان تێدایە، هێندێکیان لە هەق و ڕاستی نزیکترن، کە ئەوان زۆرترین خێرو زۆرترین سوودیان هەیە لەوانی تر، **بۆیە تۆ لەسەرتە**

کـە یارمـەتی هـەر هەمـوویان بدەیت لەسەر ئەو هەقەی کە لەسـەرین، وە ئامۆژگاریـیان بکەیت و کاتێ کە هەڵەیەکییان لـێ بـەدی ئەکـەیت، وە شـتێکیش کـە گومانت لێی هەیە لێیوە دوور کەوە بۆ شتێک کە گومانت پێی درووست ناکات.

خـوا کارەکانمـا بـۆ پـێک بهـێنێ و درووودو سەلامیش لە سەر پێغەمبەرمان موحەممەد و شوێن کەوتووان و یارانی بێت.

لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوادان

ئەندام: عبدالله بن قعود

ئەندام: عبدالله بن غديان

ئەندام: عبد الرزاق عفيفي

سەرۆکی گشتی: عبدالعزيز بن عبدالله بن باز

هـەروەها لە فەتوایەکی شێخ (عبدالعزیز بن باز) بە ڕەحمەت بـێت، سـەبارەت بـە زەوابتی کۆمەڵە ئیسلامییەکان هاتووە، دەفەرموێت:

فمـــن كـــان عنده نقد لأي جماعة؛ فينصح لها، ويكتب لها ولرئيسها، ويُوضح ما ينـــتقده علـــيها بالأدلة، وبالرفق والحكمة، وهكذا تكون المناصحة، والحرص على جلـــب الخـــير ودفـــع الشر، وعلى تأليف القلوب، وعلى كثرة الخير وقلة الشر. أمـــا التنابـــز بالألقاب، وذمُّ هذا وذمُّ هذا فهو يمزِّق الصف ويُفرِّق الجماعة، ويزيد

الطـــين بلّـــة، ويـــزيد الشر شراً..فنصيحتي لجميع الجماعات المنتسبة إلى الإسلام، ونصيحتي للإخوان الذين [يظهر أن التسجيل قد انقطع هنا، ولذا فغير واضح الكلام الـــذي بُدأ به] يعادون الأخرى، أو يسبون الأخرى أو يكرهون الأخرى، التناصح، وعـــدم إظهار الشناعة أو السب الذي يفرِّق الناس..أما من كانت تدعوا للإسلام ، وتريد الإسلام، وتنشر الإسلام وقصدها تقريب الناس إلى الخير، وإبعادهم من الشر، فـــإن الواجب تشجيعها على ما عندها من الخير، وتنبيهها على ما عندها من الشر وتحذيـــــرها مـــــنه، حـــــتى يكثـــــر الخـــــير، ويقـــــل الـــــشر.

الإمام ابن باز رحمه الله

واتە:

هـەر کەسێک ئەگـەر ڕەخنەی لە هەر کۆمەڵێک هەبوو، ئەوا ئامـــۆژگاری ئەکرێـــن و بـــۆ ئـــەوان و بـــۆ ســـەرۆکەکەیان ئەنووسرێـت، وە بـە پـێی بەڵگـە ئـەو گلـەو ڕەخـنانەی کـە لەسەریان هەیانە بۆیان ڕوون ئەکرێتەوە، بە نەرم و نیانی و بـە حـیکمەت. ئـا ئەمەیـە شـێوەی ئامـۆژگاری کـردن و مکـوڕ بـوون لەســەر مـسۆگەر کـردنی خـێرو پاڵپـێوەنانی شـەڕ و پـێکەوە جۆشـدانی دڵـەکان و زۆر مـسۆگەر کـردنی خـێرو کەمکردنەوەی شەڕەکان.

بـەڵام نـاوو ناتـۆرە لـێنان و زەمکـردنی ئـەم و ئـەو، ئـەوا ڕیـزەکان پـەرت ئەکـەن و کـۆمەڵەکان لەیەکتـر دا ئەبڕێنن و قـوڕو لیـتەکان زیاتـر ئەگیرێـنەوە و شـەڕەکان هەنـدەی تـر

زۆرتـر ئـەبن، بـۆیە ئامـۆژگاریم بـۆ هەمـوو ئـەو کـۆمەڵە ئیـسلامییانە و هەمـو ئـەو بـرایانەی (لـێرەدا پچڕانـێک لـە کاسێتەکەدا درووست بووەو، بۆیە زۆر قسەکانی شێخ ڕوون نـیین) ئەوانـەی کـە دژایـەتی لەگـەڵ ئەوانیتـردا ئەکـەن، یـان جنـێو بـەوانی تـر ئـەدەن و ڕقـیان لـەوانی تـرە، ئامـۆژگاریم ئەوەیـە کـە هەڵـسن بـە ئامـۆژگاری کردنی یەکتر، وە نەکەن هەڵـەی یەکتـر بـڵاو بکەنـەوە، یـان جنـێو بـە یەکتر بدەن، کە ئەبـێتە مایـەی لـێکدوور کەوتـنەوەی خـەڵک لە یەکتر.. بەڵام ئـەو کەسـەی کـە بانگـەواز بـۆ ئیـسلام ئـەکات و ئیـسلامی گەڕەکـە، و ئیـسلام بـڵاو ئەکاتـەوە، مەبەستیـشی پـێ نـزیک خـستنەوەی خەڵکـە لـە خـێر و دوورخـستنەوەیانە لـە شـەڕ، ئـەوا واجـب ئەوەیە کە زیاتر بۆ ئەو کارە خێرە هانبدرێن و لـەو خـراپانەی کـە تـێیاندا مسۆگەریـشە لـێی ئاگـادار ئەکرێـنەوە ، تاکـو خـێر زیاتـر دەرکـەوێ و شـەڕیش کەمتـر بێتەوە.

فەرمـوون لـەم لیـنکەی خـوارەوەش گـوێ لـە قـسەکانی شێخ بەدەمی خۆی بگرنەوە:

(http://www.regayrasty.org/madxalizm/zawbt.ram)

ئەمەیە هەڵوێستی زانایان لە دەمی خۆیانەوەو ئەمەیش درۆ شـاخدارەکانی ئـەوان کـە لـە ژێـر درووشمـی (درۆ بکەن دۆر

بکەن تا پێتان باوەڕ ئەکەن) دێن هەتا بۆختان بە زاری ئەو شێخە پاکانەشەوە هەڵئەبەستن.!! خوا بە مانەوە نەمانگرێت. (ئامین)

چوارەم: هەڵوێستی زانایان سەبارەت بە گەڕان بە هەڵخلیسکانی زمان (زلة اللسان) ی زانایان و مسوڵمانان:

پێغەمەبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت:

(كل ابن آدم خطاء، وخير الخطائين التوابون) "رواه الترمذي عن أنس ﷺ" واتە: هەموو ئینسانێک هەڵە ئەکات، چاکترینیشییان ئەوانەن کە تۆبە ئەکەن. یان دەفەرموێ: (والَّذي نَفْسِي بِيدِهِ لَوْ لَمْ تُذْنِبُوا ، لَذَهَبَ اللَّه تَعَالى بِكُمْ ، ولجاءَ بقَوْمٍ يُذْنِبُونَ فَيَسْتَغْفِرُونَ اللَّه تَعالى فَيَغْفِرُ لهمْ) "رواه مسلم عنْ أَبِي هُرَيْرة ﷺ" واتە: سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە، ئەگەر گوناهـ و تاوان نەکەن، ئەوا خوا ئێوە لا ئەبات و کۆمەڵێکی تر ئەهێنێ، تا گوناهـ بکەن و پاشان داوای لێ خۆشبوون لە خوا بکەن و خوایش لێیان خۆش ببێت، یان دەفەرموێ: (إنَّ اللَّهَ وَضَعَ عَنْ أُمَّتِي الخَطَأَ وَالنِّسْيَانَ وَمَا اسْتُكْرِهوا عَلَيْهِ) "رواه ابن ماجه عن ابن عباس رضي الله عنهما" واتە: خوا قەڵەمی لە سەر ئوممەتی من هەڵگرتووە، لە کاتی هەڵەکردن و بیر چوونەوەو تۆبزی لێکردنیاندا..

بەڵام حەیفێ: ئەو موقەللیدانەی لا جەماعی، چونکە هەر بە چاویلکەی ڕەشەوە ئەڕوانن غەیری خۆیان، تۆزقاڵێک بە

ئینساف لێیان ناڕوانن، لە گەڵ ئەوە خوا ئینسافی دەگەڵ کافران و دووڕوەکانیشا بەکار هێناوە کە دەفەرموێ: (إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ) "المنافقون:١" واتە: ئەگەر دووڕووەکان هاتن و گوتیان شایەتی ئەدەین کە تۆ پێغەمبەری خوایت، خۆ خوا ئەزانێت کە تۆ پێغەمبەری خوایت، هەر خوا خۆشی شایەتە کە دووڕووەکان درۆزنن. کەواتە: ئەمە ئینسافی خوایە هەتا سەبارەت بە قسەی دوو ڕووەکانیش، ئەوەتا خوا دەفەرموێت: ڕاستە کە موحەممەد پێغەمبەری خواو نێردراوی خوایە، هەروەک کە دوو ڕووەکان وا ئەڵێن، کەواتە: دەنگونجێت کە درۆزنان قسەی ڕاستیش بکەن.

یان لە شوێنی تردا دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى) "المائدة: ٨" واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، هەمیشەو بەردەوام پابەندی فەرمانەکانی خوا بن، وە شایەتی دادوەرانە ئەنجام بدەن، وە دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەنێک واتان لێ نەکات کە لە دادپەروەری لا بدەن، بێگومان دادگەری نزیکترە لە تەقواو خواناسییەوە.

پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم) هەتا لە گەڵ شەیتانیش ئینسافی هەبووە، کاتێک کە بە (ابو هريرة) "خوا لێی ڕازی بێت" دەفەرموێت: (صدقك وهو كذوب) ڕاستی فێر کردووی بەڵام هەر

درۆزنیشە، بەڵام حەیفێ چی ئەکەیت لە گەڵ دەردی تەقلید.. تا ئێوارە هەقت لە دەم دەربچێت مادام دەگەڵ ئەوان هەڵناکەیت، ئەوا هیچییان هەق نیین، ئەوەتا خەریکە تۆمەت لە ملی (شیخ عبدالله بن الجبرین)یش دەئاڵێنن و خەریکە ئەویش لە مەنهەج لا ئەدەن، چون لە گەڵ ئەو مەنهەجە بە هەنجەتەی ئەوان یەک ناگرێتەوە...!

توخوا ئەگەر ئەو بیرو فیکرە ئایدزی نێو ڕابوونی ئیسلامیی نەبێت، چی شتێکە؟ ئەگەر پەتاو نەخۆشی نێو گەنجەکانمان نەبێت، چی شتێکە؟ تۆ تا دوێنی شێخ (عبدالله بن الجبرین) ت بە مامۆستای خۆت زانیبێت، ئەمڕۆ لە نێوان شەوو ڕۆژێکەوە بە لادەر لە مەنهەجی بزانیت و شێخی خۆشیان بە بە مەهدی و بە مەعسووم بزانیت؟ وەک ئەو زوڵمە زۆرەی کە بەسەر شێخ ئەحمەد سەللامیان هێنا لە هۆڵەندا، بەخوا خۆشەویستانم: ئەو کاتەی کە بەندە ئەچوومە دیار وتارەکانی شێخ ئەحمەد سەللام ، ئەو مزگەوتە شوێنی نوێژی دوو بەش بوو کاتێ کە شێخ ئەحەمەد وتاری ئەخوێندەوە هەر دوو شوێن تیکەڵ بەیەک ئەبووەوە، دەرەوەی مزگەوتیشی لێ پڕ ئەبوو، وەک ئەڵێ (لەحەشاماتی خەڵک زرمەی ئەهات) بەڵام دوای ئەو بێ ئەدەبییەی کە ئەو قوتابیانەی شێخ کە پێنج ساڵ بوو قوتابی شێخ بوون و هەڵسان بە فیتی شێخ ڕەبیع لە

مزگەوتێیان وە دەرنا، شێخێک کە هەموو سەرو ڕیشی لە خزمەتی عیلمی شەرعیدا سپی کردووە و تەمەنی لەشەست ساڵ بەرەو سەرەو قوتابییەکی شێخی ئەڵبانی بووە..

بەڵام بەری ڕەنجی پووچ و خەساوی براڵەی لا جەماعی، ئەوە بوو کە دوای چەند ساڵێک چوومەوە هەمان مزگەوتی شێخ بۆ نوێژی هەینی، کەچی ژمارەی نوێژکەران لە پەنجا کەس زیاتر مەزەندە نە ئەکراو ئەو دوو شوێنەی کە کاتی خۆی لە کاتی نوێژی هەینی ئەکرا بە یەک بەش، تەنها بەشێکییانەو بچووکتریش کراوەتەوە؟!!، ئەی ئەگەر ئەوە سزایەکی خوا نەبێت بۆ ئەو بەت نمەکو بێ ئەمەکانە تەفسیری چیتری بۆ ئەکەیت؟!

بەهەر حاڵ بێینەوە سەر باسەکەمان:

گوتمان کە خوا بۆیە تۆبەو ئیستیغفاری داناوە، چونکە هیچ کەس مەعسووم و بێ تاوان نییە، هەموو کەس زەللەی زمانی لێ ڕوو ئەدات، کاتێکیش کە ئەو کەسە دێتەوە سەر خۆی ئەو کات ئەزانێ کە هەڵەیەکی کردووە.

بەڵام وا وەیلا بە حاڵی ئەو کەس کە هەڵەیەک بکات، ئیتر تۆبەو پەشیمانی لێی وەر ناگیرێت و هەتا ماوە ئەبێ

لەدەست ئەو مورجیئانەی سەردەم هەر بناڵێنێت، بەڵام ئێمە ئیشمان بەوە نییە.

با بزانین تا چەند زانایان لە گەڵ ئەم هەڵوێستەی ئەواندان، لە کاتێکدا ئەوان بۆ لە خشتە بردنی خەڵکی تازە پێگەیشتوو چۆن دێن درۆ بەدەم شێخەکانەوە ئەکەن و زەللەی لیسانیان لا تاوانی گەورەیە، بۆ ئەمەش تەنها یەک وێنە لە قسەکانی شێخ (عبدالله بن الجبرين) ئەهێنینەوە، داخوا ئەوان تا چەند کلاویان لەسەر گەنجی نێو ڕابوونی ئیسلامی ناوە:

شێخ لە وتارێکیدا ئەڵێت:

(وأحياناً يلتقطون الزلات من بعض الشخصيات المرموقة.. ثم يُشيعونها ولا ينظرون إلى محاسن هذا الرجل المعيّن الذي وصفوه بما وصفوه به .. وهذا أيضاً من الخطأ.. ولا حاجة إلى أن أضرب مثلاً لهذا.. لكن من (كلمة غير واضحة) بلغني ووصل إلي. إذا رأوا أحداً من الناس قد التف حوله الشباب ، أو التف حوله جمهور الناس..صاروا يلتقطون الزلات.. وليس أحد سالم من الخطأ ، لكنهم يتخذون من هذه الزلة قدحاً فيه ،، وفي الحقيقة أن هؤلاء من أكبر الجناة ؛ ليس على الشخص هذا.. ولكن على الإسلام مادام هذا الشخص يمثّل الإسلام ويقوم بالدعوة إلى الإسلام ، فإن الطعن فيه طعنٌ فيما يدعو إليه في الواقع..
ألم تروا إلى أن الكفار كانوا يصفون الرسول صلى الله عليه وسلم بالأمين والصادق، لكن لما جاء بالحق صاروا يصفونه بكل صفات العيب؛ تنفيراً للناس منه.

ولا شك أنّ شأن أعداء الرسل سيبقى إلى يوم القيامة ،، كل من قام بدعوة الرسول سيجد له مثل هؤلاء القوم).

واتە:

هێندێ جاران هەڵخلیسکانی زمان (الزلات) لە هێندێ کەسی ناسراو بەدی ئەکرێت،.. پاشان دێن و بڵاوی ئەکەنەوەو سەرنجی چاکەکانی ئەو کەسە نادەن، کە بەو چەشنە وەسفییان کردووە، بێگومان ئەمەش هەر هەڵەیە.. پێویست ناکات کە نموونان بهێنمەوە.. بەڵام (وشەکە زۆر ڕوون نییە) پێمڕاگەینراوە و پێمگەیشتووە. ئەگەر بینرا کەسێک کە کۆمەڵە گەنجێکی بە دەورو بەروەیە، یان بینرا کە جەماوەرێکی بە دەورو بەروەیە، دێن بەدوای هەڵخلیسکانەکانی زمانی دا ئەگەڕێن.. لەگەڵ ئەوەی کەوا هیچ کەس لە هەڵە بەدەر نییە، بەڵام ئەوان دێن و ئەو هەڵخلیسکانە ئەکەنە پاساو بۆ پاشملەوتن و توانج لێدانی، لە هەقیقەت ئەو کەسانە **گەورەترین تاوانبارن**، چون هیچ کەس لەسەری نییە کە بەم چەشنە بێت، بەڵام بۆ ئیسلام و مادام ئەو کەسە تەمسیلی ئیسلام ئەکات، و بانگەواز بۆ ئیسلام ئەکات، ئەوا لە واقیعدا تانە گرتنتان، تانە گرتنە لەو شتەی کە ڕایئەگەیەنێت..

ئایا بێباوەڕانت نەبینی کە چۆن لە سەرەتا وەسفی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) یان ئەکرد و بە ڕاستگۆی دەستپاکییان لە

قەڵـەم ئـەدا... بـەڵام کاتـێک کـە هەقـی هـێنا، چـۆن هـاتن ئـەمجارەیان بـە کەمـو کـوڕی وەسـیفیان ئەکـرد، بـەس بـۆ ئەوەی خەڵکی لێی وە دوورخەنەوە!.

گومانـیش لـەوە دا نیـیە، کـە حاڵـەتی دوژمـنایەتی پـێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) تـا هـاتنی ڕۆژی پەسڵان هـەر ئەمێنێت، هـەر کەسـێک بـە بانگەوازی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هـەڵبسێت، ئەوا پیاوێکی وەک ئەو کەسانەی (کە کاریان گەڕانە وەدوای زەللات) لێ پەیدا ئەبێت..!

فەرمـوون: بـە گوێی خۆشتان گوێ لە دەمی (شێخ عبدالله بن جـبیرن) بگـرن، داخـوا وا ئەفەرموویـت یـا نـا: لـەم لیـنکەی خوارەوە قسەکانی ئەبیسن:

(http://www.regayrasty.org/madxalizm/zallat.ram)

دیقـەت بدەن: شێخ لەو چەند قسەی کە کردی، ئەڵێت: ئەوانە گەورەتـــرین تاوانـــبارن.. بـــەڵێ ڕاســـت ئەفەرموویـــت: گەورەتـرین تاوانـبار ئەوانـەن، کـە خـەڵک لـە زانایـان دوور ئەخەنـەوە، کـە سێکیش لە زانایان دوور بکەوێتەوە، میراتی پـێغەمبەر (صـــلى الله عليه وسلم)ی پـێناگات، وا وەیـلاش بە حاڵی ئـەو کەس کە میراتی پێغەمبەری بەر نەکەوێت، چون ئینسان بەوە کائنێکی بەرزو بڵندە کە شوێن سوننەتی پێغەمبەر (صلى الله علـــيه وســـلم) بکەوێت، کە زانایانیشت لەبەر چاو خەڵکەکە

خست، کێن تا ئەو خەڵکە بتوانن لە شوێن کەوتنی سوننەت بەهرەوەر بن تا بە دەستی پیرۆزی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە ئاوی کەوسەر بخۆنەوە؟!!

دیارە ئەم جۆرە ڕەفتارەش داهێنانی بیدعەیەکی زۆر بلح و نابووت و قێزەوینە کە هەر کەسێک پێیەوە هەڵسێت، پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (ومَنْ سَنَّ في الإِسْلامِ سُنَّةً سيِّئةً كَانَ عَليه وِزْرها وَوِزرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا مِنْ بعْده مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْقُصَ مِنْ أَوْزارهِمْ شَيْءٌ) "رواه مسلم عن أَبي عَمروٍ جَرير بنِ عبدِ اللَّه ﷺ". واتە: هەر کەسێک لە ئیسلامدا کارێکی خراپ دابهێنێت، ئەوە بۆخۆشی تاوانبار ئەبێت و ئۆباڵی ئەوکەسەش ئەکێشێت کە لە دوای ئەو کاری پێ ئەکات، بە بێ ئەوەی کە هیچ لە کردەوەکانی ئەوانی لەسەر کەمبێتەوە. خوا بمانپارێزێت. (ئامین).

پێنجەم: هەڵوێستی زانایان سەبارەت بەوانەی کە ئاگری فیتنە لە نێو مسوڵمانان خۆشئەکەن.

گەورەترین فیتنە ئەوەیە کە شیرازەی مسوڵمان تێک بدەیت و تۆوی ڕق و قین لە نێوانیاندا بچێنیت، یەکێک ئەگرن کە تا دوێنی سوژدەیەکی بۆ خوا نەبردووەو ڕۆژوویێکی بۆی نەگرتووە، ئەمڕۆ کە دێت لە سەر دەستی ئەوان تۆبەی پێ

ئەکرێت و ڕووی پێ لە نوێژێ ئەکەن، یەکێک لە مەرجی تۆبەکانییان ئەوەیە کە ئەبێ ڕقت لە غەیری ئەوان بێ لە مسوڵمانان نەک لە بێ باوەڕان، جا ئەبینیت ئەم پیاوەی دوێنی کە نوێژو ڕۆژووی نەبووەو چاکو چۆنی لەگەڵ هەموو کەسدا هەبووە، ئەمڕۆ ئەبێت ببێت بە دڕکی چاوی مسوڵمانان و چەپکە گوڵی بەر یاخەی بێ باوەڕان !!، دەیان کەسم لەو بەدبەختانە! بینیوە، کە جارێ ئەسڵەن نازانێت کە قورئان وەخوێنێت، بەڵام کە باسی یەکێک لەو مامۆستا بەڕێزانەیان بۆ ئەکەیت کە مسوڵمانەو کار بۆ خوا ئەکات و خەڵکی پەروەردە ئەکات، دێت و ئەڵێت: ئامان نەکەیت گوێ لە فوڵانە کەس بگریت، بڕۆ ژیان دەگەڵ دامێن پیسترین کەس و سەرخۆشترین کەس گرێبدە، بەس کاکەو براڵەی فولان کەس نەکەیت چونکە حیزبییە یان تەکفیرییە یان .. هەتادواییە. کاتێش کە پرسیاری خەوارجی لێ ئەکەیت، یان باسی بیدعەی لە گەڵ ئەکەیت، سەیر ئەکەیت تێ ئەکەوێت و دەمی ئەبێت بە تەڵەی تەقیو!! ئەوەی ئەیڵێتەوە تەنها وەک تووتیی هەر ئەوەیە کە گوێی لێ بووە.. !!

ئای چ تاوانێکە کە تۆ خەڵکی لەسەر ڕق و قینی مسوڵمانان پەروەرد بکەیت، ئەمەیە بەڕاستی فیتنەو نەخۆشی ئەو تاقمە سەر لێ شێواوە، بەخوا قەسەم لە هەموو ژیانم هێندەی ئەوانم بێ ڕەحمتر نەبینیوە، بۆیە ئەگەر بکەویە

ئـاوەوە بـە چـنگان ئـاوت ئەخەنـە دەم، تـا زوو بخنکـێیت و فـریای شـەهادەکە نەکـەویت؟!! بـەڵام ئەوەی کە زۆر جێگەی سـەرنجە ئەوەیە کە درۆ بە زمانی زانایانەوە هەڵئەبەستن و بـۆ لـە خـشتە بـردنی ئـەم و ئـەو دێـن و ئەڵـێن: ئەمـە قـەولی شـیوخە کـە ئـەبێ بە گوێیان کەین و بە موولێیان لا نەدەین، دەبـا بـزانین یەکـێک لـەو شـیوخانەی کـە ئـەوان بـە بەڵگـەی ئەیهێننەوە، شتی وایای گوتووەو لە گەڵ شتی وادا بووە؟

لەوانـە شـێخی ئەڵـبانی سـەبارەت بەوانـەی کە خەڵکی پۆڵێن ئەکـەن و ئاگـری فیتـنە لـە نـێو مـسوڵمانانداخۆشـئەکەن، ئەڵێت:

وانا لا أرى لكل طائفة من هذه الطوائف أن يتحزبوا لفلان على فلان، أو العكس تمـــام، وإنما أقول بقول رب العالمين (وكونوا مع الصادقين) وأولئك الشباب الذين أشرت اليهم هم أحق الناس في هذه الكلمة، على هؤلاء الذين يتحمسون لزيد على بكر أو لبكر على زيد، وان يهتموا بأن يصححوا عقيدتهم وعبادتهم وسلوكهم ولا يتعـــصبوا لشخص من هؤلاء الأشخاص او عليهم، لأن مثل هذا التعصب، أولا هو أشـــبه ما يكون بعبادة الأشخاص، هذه العبادة التي حذر منها أبو بكر الصديق في كلمته السابقة (من كان يعبد محمدا فإن محمدا قد مات ومن كان يعبد الله فإن الله حـــي لا يموت) التحمس لهؤلاء الأشخاص، تحمس لغير العصمة، والأمر كما قال الإمـــام مالـــك امـــام دار الهجرة (رحمه الله) : ما منا من احد الا رد ورُدَّ عليه الا صـــاحب هـــذا القبر، وأشار الى قبر النبي ﷺ، فأي انسان يتعصب لشخص، لعالم،

لداعـــيةٍ، فـــسوف يجد فيه أخطاءاً، أو يتعصب على آخر فسوف يجد فيه صوابا، وســـوف يجـــد فيه خيرا، ولذلك نحن قبل كل شيء ننصح هؤلاء الذين اختلفوا وكانوا سبب تفرق الشباب من حولهم الى طائفتين أو أكثر، ننصح هؤلاء المختلفين بعـــضهم مـــع بعـــض في بعض المسائل، وأنا احمد الله ان هذا الإختلاف ليس في إعتقادي اختلافاً اختلاف عقيدة وإنما هو إختلاف على بعض المسائل التي يمكن أن نسميها في إصطلاح المتأخرين مسائل فرعية ليست أصولية أو جوهرية، فإذا إختلف العلمـــاء فمـــا ينبغي أن يتفرق من حولهم بتفرق علماءهم لإنَّ الأمر كما قال عليه الـــصلاة والسلام (إذا حكم الحاكم فاجتهد فأصاب فله أجران، وإن أخطأ فله أجر واحـــد) وننصح هؤلاء العلماء أو الدعاة المحترفين أن لا يتحامل بعضهم على بعض وأن يتعاملوا على أساس قوله عليه السلام (إياكم والظن فإن الظن أكذب الحديث) فإذا ما أخطأ زيد من الناس فعلينا أن نبين له خطأه بالتي هي أحسن وليس بالتي هي أســـوء، وكل من المتخالفين يسلك هذا السبيل، لأننا ندَّعي جميعاً أننا سلفيون، أي أننا نتبع السلف الصالح، فيما كانوا عليه من هديٍ ومنهجٍ وسلوك، ونحن نعلم انهم قد اختلفوا في كثير من المسائل، لكن ما كان هذا الإختلاف سبباً لأن يتفرقوا ولِئَنْ يعادي بعضهم بعضاً. هناك بعض الأقوال التي صحت عن بعض السلف الصالح لو تبناها شخصٌ اليوم خطأً لأن لا وجه له من الصواب لقامت القيامة ضده، لكن لم تقم القيامة ضد ذلك الصحابي الذي شذَّ

في رأيٍ ما، في حكم ما، عن الحكم الذي يتبناه الآخرون.

فقـــد كـــان عمر بن الخطاب رضي الله عنه ينهى أن يحج الحاج متمتعاً وسلك سبيله في هذا النهـــي من بعده عثمان بن عفان رضي الله عنهما جميعاً، ولما حج عثمان في عهد خلافته ايضاً نهى الحجاج معه ان يتمتعوا بالعمرة الى الحج، ووقف في وجهه علي بن

ابي طالب ﷺ، وهو فرد ما افراد الأمة، وهو الخليفة من بعده، قال له : مالَكَ تنهى عـــن شـــيءٍ فعلناه في عهد رسول الله ﷺ لبيك اللهم لعمرة وحجٍ . ذاك ينهى عن التمتع للأمة بالحج وهذا يعلنها في وجهه انه هكذا السنة، ما تفرق الشعب من بينهم وإنمـــا ظلوا يحترمون رايُ كل واحد وقد يميلون الى الخليفة، لأنه خليفة المسلمين .. الى آخره.لماذا؟ لأن الخلاف إذا نشب بين العلماء فينبغي أن يبقي محصوراً بينهم، ولا ينـــتقل عدوى هذا لخلاف الى الشعب، لأن الشعب ليس عندهم من الرصانة ومن الحصافة والفكر، بحيث إنه يمنعه من أن يشتط في الخلاف. كذلك مثلا كان عثمان بن عفان يرى بأن الرجل إذا جامع زوجته و لم يُمْنِ يكفي الوضوء دون الغسل! وأن هـــذا مخالف للحديث الصحيح الصريح (إذا مسَّ الختان الختان فقد وجب الغسل أنزل أو لم يُنزل) مع ذلك ما صار هناك فتنة ولا صار خلاف بينه وبين عائشة مثلاً الـــتي هي تروي الحديث المخالف في قول عثمان ﷺ ومع ذلك كلهِ المسائل كثيرة وإنما المقصود التمهيل والتقريب، أن عمر بن الخطاب كان ينهى الرجل المسافر الذي لا يجـــد الماء أن يتيمم، وإنما يَظل هكذا صلاة، مع أن الآية أولاً في ظاهرها صريحة الدلالة (فإن لم تجدوا ماءاً فتيمموا صعيداً طيبا) وبلغ عمر بن الخطاب أن أبا موسى الأشـــعري كـــان يفتي في زمان عمر بظاهر الآية أن المسافر إذا لم يجد الماء تيمم، فأرســـل خلفَهُ قال بلغني أنك قلت كذا وكذا، قال نعم: يا أمير المؤمنين، ألا تذكر أنـــنا كـــنا في ســـفر، وأننا أجنبنا فتمرغت أنت و أنا ولما جئنا الى الرسول ﷺ وأخـــبرناه الخـــبر، قال: إنما كان يكفيك أن تضرب بكفيك الأرض ضربة واحدة، وتمـــسح بهما وجهك وكفيك، طيب، المقصود الا تذكر أن الرسول ﷺ قال: إنما كـــان يكفيك أن تضرب الأرض ضربة واحدة وتمسح بهما وجهك وكفيك؟ قال: لا!

قال: هل أمتنع عن الفتوى ؟ قال: لا إنما نوليك ما توليت، يعنى كما يقولون اليوم: على مسؤليتك، أنا ما أذكر قصة هذه، إنسان مو بس أنت تنسى، هذا أمير المؤمنين ينـــسي،... المهـــم كل هذا الخلاف وأكثر بكثير جداً، ما كانوا سببا لتفريق الأمة المسلمة، لأن العالم يأخذ مجراه، والأمة تبقى وراء علمائها، من اقتنع بهذا الرأي فهو على هدى، ومن اقتنع بذاك الرأي و و و فهو على هدى، لأننا نقول نحن كلمة في هـــذه المناسبة، ينبغي أن تسجل وتنشر أيضاً، أن المجتهد إن أصاب فله أجران وإن أخطأ فله أجر واحد، كذلك الذي يتبع المجتهد، حكمه حكم مجتهد، أي الذي يتَّبِع رأياً صواباً، أصاب الإمام المجتهد فله أجران، فهذا الذي إتبعه على هذا الصواب فهو مأجور أيضاً أجرين، تبعا الأجر من تفاوت، لكن الأجرين، أما الذي اتبع إماماً آخر وهو كان مخطئاً فهو مأجور أجر واحد، كذلك الذي اتبعهُ فهو مأجور أجراً واحداً. فـــإذا وقع الخلاف بين العلماء، فما ينبغي أن يكون هذا الخلاف سبب فرقة بينهم أولاً، وما ينبغي أن يكون سبب فرقة بين الشعب ثانياً، لأنهم جميعاً مأجورون، سواءً مـــن كان مُصيباً أو من كان مخطأً، هكذا كان سلفنا الصالح، ونحن نزعم أننا تمشي علـــى منهجهم وعلى طريقتهم. لكني أقول مع الأسف شديد كثير منا، يدعي هذه الدعوة، ويطبقها الى حد كبير، ولكنه ينحرف في بعض التطبيق انحرافاً خطيراً جداً، وهذه آثاراها الآن تظهر!

واتە:

مـن وا نابيـنم كـە (دروو‌سـت بـێت) هـەر تاقمـەو لە سەر هەر تاقمـێک تەحـەززوب بکـات، يـان بـە پێـچەوانەوە، بەڵکـو ئەم فەرمايـــشتەی پـــەروەردگاری جـــيهان ئەڵـــێمەوە کـــە

دەفەرموێت: تەنها لەگەڵ ڕاستگۆیان بن، ئەوانەی کە (قسە بە زانایان ئەڵێن) کە ئاماژەت پێدان، ئەوان زیاتر لەسەریانە کە ئەم فەرمایشتە بەجێ بگەیەن، ئەوانەی کە بە سۆزن بۆ زەید لە دژی ئەبو بەکر، یان بۆ ئەبو بەکر لە دژی زەید، لەسەریانە کەوا ئەهمیەت بەوە بدەن کە بیرو باوەڕو بەندایەتی و ئاکارو ڕەوشتیان چاک بکەن، وە دەمارگیرییان بۆ کەسێک لە کەسەکان لە دژی کەسانی تر نەبێت. چون ئەو جۆرە دەمارگیرییە، وەک پەرستنی کەسەکان وایە، کە (کاتی خۆی) ئەبو بەکری سەددیق لە قسەی پێشووی هۆشداری (ئەم زەنگە خەتەرناکەی)دا، کە فەرمووی: ئەو کەسە کە موحەممەدی پەرستووە، ئەوە موحەممەد کۆچی دوایی کرد، وەلێ ئەوەی کە خوا بپەرستێت ئەوە خوا زیندووەو قەت نامرێت. هەروەها سۆزداری بۆ ئەو کەسانەش، سۆزدارییەکە بۆ کەسێک کە مەعسووم نییە. بگرە کارەکە ئەمەیە کە ئیمام مالک (پێشەوای دارولهیجرە)"بەڕەحمەتبێت" ئەڵێت: کەس نییە لە ئێمە کە ڕەت نەکرێتەوەو کارەکانی پێ نەدرێتەوە، تەنها خاوەنی ئەم گلکۆیە نەبێت، ئاماژەی بە گۆڕی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کرد. هەر کەسێک دەمارگیری بۆ کەسێک یان زانایەک یان بانگەوازکارێک هەبێت، ئەوا بێگومان ڕۆژێک دێت کە هەڵەی لێ وەدیار کەوێت، یان ڕەنگە دەمارگیری لە دژی

کەسێکدا هەیە، کەچی لە دواییا ئەبینێت کە ئەو کەسە هەقی پێکاوە یان خێری لێ ئەبینێتەوە، بۆیە ئێمە پێشی هەموو شتێک ئەوانەی کە دەسماڵی ئەو ناکۆکییەیان لە دەستگرتووە، هەر ئەوانن کە هۆکاری ئەوەن کە ئەو گەنجانەی لە دەوروبەریان بوو ون ببن بە دوو تاقم یان زیاتر.

(ئەمە)ئامۆژگارییە بۆ هەموو ئەوانەی کە لە هێندێ مەسەلاندا یەکدەنگ نین. وە من سوپاسی خوا ئەکەم، کە ئەو ناکۆکییە سەبارەت بە کارە ئاقیدەییەکان نیین، بگرە ناکۆکییەکان سەبارەت بە چەند مەسەلەیەکن، کە ئەتوانین وەک ئەو زاراوەی زانایانی ئەم دواییە ناوی ئەنێن، بابەتی لاوەکین و بنەڕەتی و جەوهەری نیین، ئەگەر زانایان ناکۆک بوون، درووست نییە کەوا ئەوانەی لە دەورو بەریانەوەن لەیەک دوورکەونەوە بە هۆکار ناکۆکی ئەوانەوە، چونکە کارەکە بەم شێوەیە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ئەگەر حاکمێک لە حوکمەکەیدا ئیجتیهاد بکاو هەق بپێکێت، ئەوا دوو پاداشتی بۆ هەیە، ئەگەریش هەڵە بکات ئەوە پاداشتێکی بۆ هەیە.

هەروەها ئامۆژگاری ئەو زاناو بانگەوازکارە ناسراوانە ئەکەم، کە کەسییان ئۆباڵ لە ئەستۆی کەسی تریانەوە نەگرێت، بگرە لەسەریانە کەوا ڕەچاوی ئەم فەرموودەیە

بکەن کە دەفەرموێت: (نەکەن کە گومان بەیەک بەرن، چون گومان بردن درۆترین درۆیە).

کەواتە ئەگەر زەید هەڵەیەکی کرد، لەسەرمانە کەوا بە چاکترین شێواز نەک بە خراتیرن شێواز بچین و بۆی ڕوون بکەینەوە، کەچی زۆربەی ناکۆکی کاران ئەم شێوازە خراپەیان گرتۆتە بەر، لە بەر ئەوە تێکڕامان بانگەشەی ئەوە ئەکەین کە ئێمە سەلەفیین. مەبەستم ئەوەیە کە شوێن سەلەفی ساڵح لە ڕووی ڕێنمایی و بەرنامەو ئاکارو ڕەوشتەوە کەوتوویین، ئێمە ئەزانین کە ئەوان ئیختیلافییان لە زۆر مەسەلەوە هەبوو، بەڵام ئەو ئیختیلافە نەبۆتە هۆکاری لێکدابڕان و دژایەتی یەکتر کردن، بگرە هێندێ قسە هەن کە لە سەر زمانی هێندێ لە سەلەفی ساڵح درکێنراوە، کە هەقپێکانی لێ نە ئەفامراوەتەوە، خۆ ئەگەر لەو سەردەمەی ئێستاماندا یەکێک لە ڕووی هەڵەوە بیگوتایە، ئەوا قیامەت لە دژی هەڵئەگیرسا، بەڵام کەس لە دژی ئەو سەحابەی کە ڕایەکی لە حوکمێکیا کە خەڵکی پشتییان پێی بەستووە قسەیەکی ناوێزەی گوتووە هەڵنەساون و قیامەتییان لە دژیدا هەڵنەساندووە.

کاتی خۆی عومەری کوڕی خەتتاب "خوا لێی ڕازی بێت" بەرهەڵستی کرد لەوە کەسێک کە حەجی تەمەتتوع ، ئینجا لە دوای ئەمیشەوە عوسمانی کوڕی عەففان "خوا لێی ڕازی

بـێت" هـەمان مەسـلەکی گـرتە بـەر کاتـێک کـە لەسـەردەمی خەلافـەتی خـۆی حەجـی کرد، بەرهەڵستی لە هەموو ئەوانە کـرد کـە (حەجـی تەمەتتوع) ئەنجام بدەن، کەچی عەلی کوڕی ئەبـو تاڵـیب "خوا لێی ڕازی بێت" لەبەردەمی وەستایەوە، کە ئـەو تاکـێک بـوو لـە تاکـەکانی ئـوممەت، هـەروەها خەلیفەی دوای ئەمـیش بـوو، پـێی فەرموو: ئەوە بۆچی بەرهەڵستی لە شتـێک ئەکـەیت کـە لـە سـەردەمی پـێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەمانکرد. بە حەجو عومڕەدا خۆمان فیدای خوا ئەکرد، بەم شـێوە لـە بـەردەم خەلـیفەی مـسوڵمانان ڕایگەیانـد، کـە سوننەت بـەم شـێوەیە. کەچـی بەمـە خەڵکـی لە نێوانیاندا لە یەک دوور نەکەوتنەوە، بەڵکو مانەوە و ڕێزییان لە ڕای هەر یەکـەیان گـرت، لەگـەڵ ئەوە کە تێکڕا مەیلییان بۆ خەلیفەش هەبوو، چون خەلیفەی مسوڵمانان بوو..هتد. بۆچی؟ چونکە ئەگـەر خـیلاف کەوتـە نـێو زانایانـەوە پێویـستە ئـەو خیلافە هـەر لـە نـێوان ئەوان بمێنێتەوە، نابێت کە ئەم خیلافە پەرت ببێت بۆ ناو گەل، چونکە گەل خاوەنی قاییمی و ئەقڵی کامل و بیرکـردنەوە نیـیە، بـۆیە دەسـتی ئەگـێرێت لـە جـەورو ستەمێک کە لەنێو چەوانی دوو بەرکەی بەرپا ئەبێت.

هـەروەها بـۆ وێـنە: عـوسمانی کوڕی عەففان "خوا لێی ڕازی بـێت" وا ئەبینـێت: کـە ئەگـەر پـیاو لەگـەڵ خـێزانی خـۆی جووتـبوو، بـەبێ ئـەوەی کـە مـەنی لێ دەربچێت، ئەوە تەنها

دەستنوێژێکی بۆ بەسە بە بێ غوسل! هەر چەند ئەمە خیلافی فەرموودەی ڕاست و ڕاشکاوە کە دەفەرموێ: ئەگەر هەردوو ئەندام گەیشتن بەیەک، ئەوە غوسل واجب ئەبێت ئەگەرچی مەنیش دا نەبەزێت) بەڵام لەگەڵ ئەمە نە ئاژاوەو نە دوو بەرەکی نەکەوتە نێوان عوسمان و عائشە "خوا لێیان ڕازی بێت" کە ئەو فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە، کە پێچەوانەی قسەکەی عوسمانە "خوا لێی ڕازی بێت" بەم چەشنە مەسەل گەلێکی زۆرمان لەو بارەوە هەیە، مەبەسیشمان لێرە تەنها ڕێخۆشکردن و لێک نزیکبوونەوەیە.

هەروەها عومەری کوڕی خەتتاب، بەرهەڵستی کرد لە گەشتیار کە ئەگەر ئاوی چنگ نەکەوت بە خۆڵ تەیەمموم بکات، وای دەر ئەبڕی کە نوێژ ئەبێ وا ئەنجام بدرێت، لەگەڵ ئەوە یەکەم: ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: (ئەگەر ئاوتان چنگ نەکەوت ئەوە بە خۆڵیکی پاک تەیەمموم بکەن) زۆر ئاشکرایەو بەڵگەیە، کەچی کاتێک کە بە عومەری کوڕی خەتتاب " خوا لێی ڕازی بێت" گەیشت کە ئەبو موسای ئەشعەری کە لە دەورانی عومەریشدایەو بە پێی ئایەتەکە فەتوای داوە (کە ئەتوانێت خۆڵ بەکار بهێنێت، ئەگەر ئاوی چنگ نەکەوت)، عومەر بە دوایدا ئەنێرێت و پێی ئەڵێت: کە وا و وات گوتووە! ئەویش ئەڵێت: بەڵێ: ئەی پێشەوای

بڕواداران، ئایا بیرت نایەتەوە کەوا بەیەکەوە لە سەفەر بووین و لەشمان گران بوو و هەردوولاشمان نەخۆش بووین و هاتینە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و ئەویش پێی ڕاگەیاندووین و فەرمووی: بەسە کە دەستەکانت یەکجارلە زەوی دەیت و بە دەم و چوو مەچەکەکانت دا بهێنیت؟ باشە.. مەبەست ئەوەیە: ئایا بیرت نایەتەوە کەوا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: ئەوەندە بەسە کە جارێک دەست لە زەوی بدەیت و پاشان بیهێنیت بە دەمو چاووو مەچەکەکانت؟ ئەویش فەرمووی: نەخێر! ئەمیش ئەڵێت: ئایا واز لەم فەتوایە بهێنم؟ عومەریش ئەڵێت: نا بگرە، ئێمە تۆ ئەخەینە بەردەم وەک تۆ کە ئەوت خستۆتە بەر خۆت، واتە: وەک ئەمڕۆ باوەو ئەڵێن: لەسەر مەسوولییەتی تۆ ئەو کارە ئەکەم!، من چیرۆکەکەم نایەتەوە بیر، بەڵێ: بەڵێ ئەو ئینسانە، خۆ هەر تۆ نیت کە لە بیر ئەکەیت، ئەوە پێشەوای بڕوادارنەو لە بیر ئەکات.. گرنگ ئەوەیە: کە هەموو ئەو ناکۆکییانە چەندی بڵێین زۆرن، بەڵام نەبوون بە هۆکاری لێکترازانی ئوممەتی ئیسلامی، چون بابای زانا، بە ڕێگەی خۆیدا ئەڕوات و ئوممەتیش لە دوای زانایانی خۆی ئەوەستێتەوە، ئەو کەسەی کە بەم ڕایە دڵی ئاو بخواتەوە، ئەوە لە سەر ڕێنماییە، ئەویش کە بە فولان ڕا دڵی ئاو بخواتەوە... هتد ئەویش هەر لەسەر ڕێنماییە، لە بەر ئەوە

ئێمە ئەڵێین ئەمە قسەیەکەو بەو بۆنەوە، ئەبێت کە ئەم بابەتە تۆمار بکرێ و بڵاویش بکرێتەوە.

ئەو کەسەی کە کە ئیجتیهاد ئەکات و ئەیپێکێت، دوو پاداشتی بۆ هەیە، ئەگەریش نەیپێکێت، ئەوا یەک پاداشتی بۆ هەیە، بە هەمان جۆر ئەو کەسەی کە شوێن موجتەهید ئەکەوێت، حوکمەکەی هەمان حوکمی موجتەهیدەکەیە، یانی ئەو کەسەی کە شوێن ڕایەکی هەقپێکراو ئەکەوێت، پێشەوای موجتەهید لە ئیجتیهادەکەی هەقی پێکاوە، دوو پاداشتی بۆ هەیە، ئەوەی کە شوێنیشی ئەکەوێت، بە هەمان شێوە دوو پاداشتی بۆ هەیە، هەڵبەت پاداشتیش چون یەک نین، بەڵام دوو پاداشتی بۆ هەیە، بەڵام ئەو کەسەی کە شوێن پێشەوایەکی تر کەوتووە و هەقی نەپێکاوە، ئەوە وەک چۆن ئەو پێشەوایە یەک پاداشتی بۆ هەیە، ئەمیش بە هەمان شێوە یەک پادشاتی بۆ هەیە، ئەگەریش ئەم پێشەوایە هەقی پێکا بێت، ئەویش یەک پاداشتی بۆ هەیە.

ئەگەر ناکۆکی کەوتە نێوان زانایان، ئەوا یەکەم: نابێت کە ئەم ناکۆکییە ببێتە هۆکاری لێکدابران و لێکترازان لە نێوان زانایانەوە، دووەم: ناشبێت ببێتە هۆکاری لێکترازانی گەلیش بە تێکڕاوە، چونکە هەموو لا پاداشت وەر ئەگرن، چ ئەو کەسە کە هەقی پێکاوەو چ ئەوکەسەیش کە هەڵەی کردووەو نەیپێکاوە، ئا بەم شێوە بوون سەلەفی ساڵحمان،

ئێمەش وا ئەگەیەنین کەوا لە سەر نەهج و ڕێگەی ئەوان هەنگاو ئەنێین، بەڵام ئەڵێم: زۆر بەداخەوە، زۆرێک لە ئێمە، ئەم بانگەشەیە ئەکەن، لە زۆر لایشەوە بەجێی ئەگەیەنن، بەڵام لە بە جێگەیاندنی هێندێ شتان لا ئەدەن بە لادانێکی زۆر مەترسیدار، ئەمەشە کە ئێستا شوێنەواری بە دیار کەوتووە.

فەرموون لەم لینکەی خوارەوەش ئەتوانن کە هەمان قسە لە شێخی ئەڵبانی ببیسنەوە:

(http://www.regayrasty.org/madxalizm/firqa2.rm)

شەشەم: هەڵوێستی زانایان سەبارەت بە دابڕان (موقاتەعە کردن) و هەجری زانایان:

بەندێک کە ئەو مورجیئە ئاسایانە بەردەوام لە دەرهەق مسوڵمانان بە کاری ئەهێنن، ئەویش بریتییە لە هەجرو دابڕان لەو مسوڵمانانەی کە بە حسێبی خۆیان موبتەدیعن و ئەبێت هەجرییان بکرێت، هەجریشیان بۆ ئەوەیە تا ئەو کەسە بە خۆیدا بچێتەوەو بیدعەکانی لە خۆی دوورخاتەوە..؟!!

هەڵبەت بۆ ئەم کارەشیان دەمیان بەم ڕووداوەی ئەو سێ سەحابە پیرۆزەی "خوا لێیان ڕازی بێت" کە لەشەڕی

تەبـــووک دوا کەوتـــبوون زۆر گەرمـــە، ئەڵـــێن: ئـــەوەتا پێغەمبەری خـوا لەسـەر ئـەم کارەیان پەنجاو پێنج دانە شەو هەجـری کـردن، کەواتـە: ئـێمە بـەم هەجـر کـردنەمان شوێـن پـێغەمبەری نازدارمـان (صلى الله عليه وسلم) کەوتـووین؟!!! بـەڵام بـە خـوا قەسـەم بـەس شوێـن ئـەو نەکەوتـوون، چـونکە پـێغەمبەری خـوا (صلى الله عليه وسلم) بـۆیە هەجـری کردن لەبەر ئـەوە لـە جـیهاد دوا کەوتـبوون، ئـێ خـۆ ئێوە لە کێ شریخە هەڵسـێت گیانـتان دەرئەچـێت، ئـەوەی کـە لـە فەرهەنگـتاندا جـێی نەبـێتەوە جـیهادە! نـەک هـەر جـێی نابـێتەوە، بگرە تا ئەشـکەون لەسـارد کـردنەوەو دوور خـستنەوەی مسوڵمانان جـیهادو بەرگـری ناکـەون! کەوابـوو ئـەم کارەتـان لـە کوێـی ئەقڵ و مەنتیق جێی ئەبێتەوە؟ بگرە ئەوە ئێمەین کە ئەبێت هەجـرتان بکـەین، بـەڵام حـەیفێ شـاعیر گـوتەنی: (ضربني وبكا فـــسبقني واشتكى) ئـەو لـێی داوم کەچی خۆی ئەگریەت، پێشیشم ئەکـەوێ شـکاتم لـێ ئـەکات!!! خـۆزگە ئـەم کارەشـیان دوای پاسـاو بـۆ گرتن و ئاگادارکردنییان ئەبوو؟ بەڵام بابایەک کە خـێرێک لە کەسێک فێر بووەو لە ڕوانگەی ئەوان خێر نییەو شـەڕە، نایـەن پـێی بڵـێن ئەوە شەڕەو ئەبێ وازی لێ بهێنیت، بـەڵام ئـەوە ناکـەن و نـەک هـەر خـۆیان لێ وە دوور ئەگرن، بگـرە ڕۆژ ئـاواو ڕۆژهەڵاتیـشی لـێ وە ئاگـا دێـنن؟! هەڵبەت ئەمەش وێڕای ئەمە کە خیلافی سوننەتە، بگرە سەدان دەق و

فەرمایشتی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) هەیە لە کاتێک کە یەکێک هەڵەیەک ئەکات، یان لە نێو هەڵەیەکدا ئەژیەت کە ئەبێ هەڵوێستمان دەگەڵی چۆن بێت ، ئەوەتا ڕۆژێک بیلال قاپێک خورما بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەهێنێت و پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم) پێی دەفەرموێت: ئەوە ئەو قاپە خورما جوانەت لە کوێبوو ئەی بیلال؟ ئەویش ئەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ، ئەوە ئەم قاپە خورمایەم لە گەڵ قاپە خورمایەکی خۆم گۆڕییەوە کە ئەوەی من بە ئەندازەی ئەمە چاک نەبوو؟!! پێغەمبەری نازداریش (صلى الله عليه وسلم) پێی ئەفەرموێت: ئۆی ئەی بیلال! ئا ئەمەیە سوو بە هەقیقەت؟!! کەچی لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ئەوەی کە کاری سوو بکات نەفرەتی خوای لەسەرە، بەڵام ئەبینین ئەو نەفرەتە لە بیلال ناکات و پێشی وا نییە کە ئەو حوکمە بیلال بگرێتەوە، چونکە بیلال بەو حوکمەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئاگادار نەبوو!!

یان لە فەرموودەی بوخاریدا هاتووە کە لە عومەری کوڕی خەتتاب "خوا لێی ڕازی بێت" دەگێڕنەوە کە لە سەردەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پیاوێک هەبوو ناوی عەبدوڵڵا بوو، هەموو جار بە تۆمەتی ئاڕەق خواردنەوە پێغەمبەر

(صلى الله عليه وسلم) ئەیهێناو داری لێ ئەدا، جارێکیان هێنایان و پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) داری لێدا ! یەکێک لە خەڵکەکە نەفرەتی لێ کردوو گوتی: ئەوە چەندە جارە لە سەر ئارەق داری لێ ئەدرێت ، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: نەفرەتی لێ مەکەن، بەو خوایە هیچی لێ نازانم ئەوە نەبێ کە خواو پێغەمبەری خوای خۆش ئەوێت.!
(صحيح سنن ابن ماجة /٢٧٢٠)

یان (عدی کوڕی حاتم) "خوای لێی ڕازی بێت" ئەڵێت:کاتێ ئەم ئایەتە دابەزی کە دەفەرموێ: (حَتَّي يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ) "البقرة: ١٨٧" ئەڵێ: دوو داوە دەزووی ڕەش و سپیم هەڵگرت و لە ژێر جێگاکەی خۆمم دانا! (لەکاتی پارشێوا) سەیرم کرد و نەم بینینەوە؟!! ئەڵێ: ئەمەم بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) گێڕایەوەو پێکەنی! فەرمووی: ئاخر بەڕەکەت زۆر پان پۆڕە بۆیە نەتبینیوەتەوە !! (نەخێر) مەبەست لە ئایەتەکە ئەوە نییە، بەڵکو مەبەست پێی شەوو ڕۆژە. "متفق عليه، صحيح سنن ابي داود /٢٠٥٩" .

هەرچەند ئەو کاتەی کە سەحابەکان پارشێویان ئەکرد تا نزیک ڕۆژ هەڵاتی ئەخایاند، بەڵام پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕۆژووەکەی بە (عدی) نەگێڕایەوە چونکە بە هەڵە لە ئایەتەکە حاڵی ببوو.

بەڵام لە هەموو دەردێک گرانتر ئەوەیە کە خەڵکی هانبدەیت بۆ موقاتەعە کردن و هەجر کردنییان، بابای مەدخەلیش چونکە موقەللیدە دێت و تەقلیدی شێخەکەی ئەکات و ڕاست و چەپ لەو زانایە ئەگرێت و خەڵکی لێ وە دوور ئەخاتەوە، نازانێت کە چ کارەساتێک لە گۆبەندی ئەو هەڵوێستەی ئەنێتەوە، ئاخر زانایان میراتگری پێغەمبەرانن (علیهم السلام)، ئەگەر تۆ بێیت و خەڵکییان لێ وە دوور خەیتەوە، ئەو خەڵکە چۆن و بە چ جۆرێک بەو میراتەی پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) بگەن!! هەر بۆیە زانایانی دەمڕاست وەک شێخی ئەڵبانی دێت و پێیان ئەڵێت: درۆ بە زمانی منەوە مەکەن، چون ئەو هەڵوێستە نە هەڵوێستی منەو نە هەڵوێستی (شەرع)یش.

ئەوەتا شێخی ئەڵبانی بە ڕەحمەتبێت، ئەڵێت:

بصورة عامة لا أنصح اليوم باستعمال علاج المقاطعة أبداً.. لأنه يضر أكثر مما ينفع ، وأكبر دليل الفتنة القائمة الآن في الحجاز.. كلهم تجمعهم دعوة التوحيد – هو دعوة الكتاب والسنة – لكن لأن لبعضهم نشاطاً خاصاً ؛ إما في السياسة ، وإما في بعض الأفكار التي لا تُعرف من قبل عن أحد من أهل العلم ، وقد يكون خطأً وقد يكون صواباً ، ولا نتحمل أي شيء نسمعه من جديد

.. وبخاصة إذا كان أمراً نُكراً فيما يبدوا لنا بادي الرأي رأساً نحاربه.. هذا خطأ يا أخي ، هذا خطأ ..يعني:

تريد صديقاً لا عيب فيه..... وهل عودٌ يفوح بلا دخان

إيـــه هدول [هؤلاء] إخواناً لي ، انقسم عنهم جماعة ، أو هم انقسموا عن جماعة –والله أعلم–.

هؤلاء معنا على طول الخط في الكتاب والسنة ومنهج السلف الصالح،، لكن جاءوا بشيء جديد فعلاً بعضه خطأ، وبعضه صواب.. فلماذا ننشر بين بعضنا البعض الآن الفرقة ؟.. وتحزب وتعصب.. وبينما كنا كتلة، صرنا كتلتين!!

صـــرنا كتلتين.. صاروا ثلاثة صاروا سفريين ، صاروا سروريين....إلى آخره.– الله أكبر!

وما فرّق بينهم شيء يستحق التفريق، ما فيه خلاف في الأمور العظائم التي لا يمكن أن نتصور أن السلفيين يختلفون فيها.

نحـــن نعلم جميعاً أن الصحابة اختلفوا في بعض المسائل، لكن المنهج كان واحداً..

ولذلك فإذا أنت تصورت أن جماعة من أهل السنة والجماعة ومن الطائفة المنصورة شـــذّ مـــنهم أفراد ، نأخذهم بالرفق واللين –يا أخي– ، ونحاول أن نحتفظ بهم مع الجماعة ، ولا نقاطعهم ولا نهجرهم.

واتە: بە شێوەیەکی گشتی، من بە هیچ جۆر ئامۆژگاری کەس ناکەم کە وەک چارەسەر دابڕان بەکار بهێنێ.. چونکە زەرەری زیاترە لە باشە، گەورەترین بەڵگەش ئەو فیتنەیە کە ئێستا لە حیجاز لە ئارادایە، هەر هەموویان بانگەواز کردن بۆ یەکتایی خوا کۆیان ئەکاتەوە "بانگەواز کردن بۆ قورئان و سوننەت" بەڵام لە بەر ئەوە کە هێندێ کەس

چالاکی تایبەتی هەیە، ئینجا یان لە باری سیاسەتەوەیە، یان لە باری فیکرەوەیە، کە لای یەکێک لە زانایان ئاشکرا نییە، بۆیە ئەکرێت کە لە هەڵە بێت و ئەشکرێت کە هەقی پێکا بێت، ئێمە بەرگەی هیچ شتێکی نوێ ناگرین کە گوێمان لێی بێتەوە... بە تایبەت سەبارەت بە کارێک کە ڕەنگە لای ئێمە ئاشکرا بێت کە ئەو کەسە ڕای پووچی هەن کە ئێمە بێین و دژایەتی بکەین، **ئەمە هەڵەیە.. براکەم، ئەوە هەڵەیە.. یانی: هاوڕێیەکت ئەوێت کە عەیبی نەبێت.... ئایا دارێک هەیە گڕ بگرێ و دووکەڵی نەبێت؟**

ئێهـ هـ هـ ، ئەوانە ئاخر برای منن، کە تاقمێک لێیان جیا بۆتەوە، یان ئەوان لە تاقمێک جیا بوونەتەوە، هەر خوا باشتر ئەزانێت.

ئەوانە بە درێژایی ڕۆژگار لە گەڵ ئێمە لەسەر کتێب و سوننەت و لە سەر بەرنامەی سەلەفی ساڵح بوون، بەڵام ئێستا شتێکی نوێیان هێناوە، هەڵبەت هێندێ لەو شتانە هەڵەن و هێندێکیشیان هەقییان پێکاوە، کەواتە بۆیە ئێمە ئێستا بێین و هێندێکمان لە هێندێکماندا ئەو لێکدابڕان و جیا بوونەوەیە بڵاو بکەینەوە؟ یان تەحەززوب بکەین و دەمارگیری بنوێنین.. لە گەڵ ئەوە ئێمە کاتی خۆی یەک بەش بوویین، ئێستا بووین بە دوو بەش!! بووین بە دوو

بەش!! بوون بە سێ بەش، بوون بە سەفەرییەکان، بوون بە سروورییەکان... تا کۆتایی. الله اکبر!

ئەو شتەی کە خەڵکی لەسەری ناکۆک بوون و لێک جیا بوونەتەوە، قەد شیاوی ئەوە نەبووە کە لەسەری لیکدوور بکەونەوە، وە هیچ شتێک لەو کارە گەورە خیلافییانە ناگونجێت کە وا بیر کەینەوە کە سەلەفییەکانیش خلافییان لەسەر هەبووە.

ئێمە هەموومان تێکڕا ئەزانین کەوا یارانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ناکۆکییان هەبووە لەسەر هێندێ لە کارەکان، بەڵام بەرنامەکە هەر یەکە.. بۆیە ئەگەر تۆ وات بیر کردەوە کەوا هێندێ لەوانەی کە ئەهلی سەننەو جەماعەن لەوانەی کە تاقمی سەرکەوتوون، کەسی ناوێزەیان لێ هەڵکەوتووە، ئێمە لەو کاتەدا زۆر بە نەرمی و لەسەر خۆیی - برای خۆم - هەوڵ ئەدەین کە هەر لە ڕێزی جەماعەوە حسێبی بۆ بکەین و نە موقاتەعەیان بکەین و نە هەجریان بکەین.

فەرموون لەم لینکەی خوارەوەش ئەتوانن هەمان قسە لە شێخی ئەڵبانی ببیسنەوە:

(http://www.regayrasty.org/madxalizm/muqatahaalbani.ram)

حەفتەم: ئایا سەلەفییەت ناوە یا ناوەرۆک؟ ئایا، تا چەند ئەو کەسەی کە ناو لە خۆی ئەنێت سەلەفی لەشەرعدا هەقی پێکاوە؟

تەشقەڵەیەکی تر لەو تەشقەڵانەی کە ئەهلی دەنگو دەهۆڵ، لە دژی مسوڵمانان ئەیکوتن، ئەوەیە کە ئەوان سەلەفین و شوێن کەوتەی پێغەمبەری ئەکرەم و سەلەفی ساڵحن، ئێمەی داماویش ئەهلی بیدعەو گومراپین و ئەبێ لە لاپەڕی مسوڵمانێتی بپچڕێین و تووڕ هەڵدرێین؟!!

زۆر سەیرە کەسێک کە بانگەشەی سەلەفییەت بکات و هەق بە خۆی بدات کە تانە بگرێت لە زانایان و ناووو نازناویان بۆ بتاشێت! لە کاتێکدا خوای بەرزو بڵند دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْراً مِنْهُمْ وَلا نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْراً مِنْهُنَّ وَلا تَلْمِزُوا أَنْفُسَكُمْ وَلا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَنْ لَمْ يَتُبْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ) "الحجرات:١١" واتە:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، هیچ کەس و هیچ هۆزێک گاڵتە بە کەس و هۆزێکی تر نەکات، چونکە لە وانەیە گاڵتە پێکراوەکە گەلێک چاکتر بێت لە گاڵتەکەرەکان، ژنانیش با گاڵتە بە یەک نەکەن، چونکە لەوانەیە گاڵتە پێکراوەکان لای خوا لە گاڵتە پێکەرەکان چاکتر بن، سووکایەتی بە خۆتان مەکەن و یەکتری عەیبدار مەکەن، (چونکە سووکایەتی بە یەکتر سووکایەتییە بە خۆتان)، هەروەها ناوو ناتۆرەی

ناشرین بۆ یەکتر دامەتاشن، ئەوە ڕەفتارو شتێکی ناشرین و نا بەجێیە لە دوای باوەڕهێنان و مسوڵمان بوون، ئەوەی تەوبە نەکاو پەشیمان نەبێتەوە لە گوناهەکانی، ئەو جۆرە کەسانە خۆیان خستۆتە ڕیزی ستەمکارانەوە.

یان دەفەرموێت: (وَيْلٌ لِكُلِّ هُمَزَةٍ لُمَزَةٍ) (الهمزة:١) واتە: هاوارو ئاهو ناڵە بۆ کەسێک کە بە شوێن کەم و کوڕیدا ئەگەڕێت و لە عەیب و عاری خەڵکی ئەدوێت.

ئەوان بەو تەشقەڵەیان ئەیسلەمێنن کە زۆر بە غیرەتن هەتا لە خواش ناترسن؟!! (والعياذ بالله). بۆیە زۆر بوێرانە بۆ حەزو ویست و ئارەزوویان لەقە لە هەموو ئایەتێکی خوا ئەگرن، بۆ کلکە سووتە کردن بۆ ئاغایان، بۆ ماستاو گرتن بۆ کوێخایان، دەست لە مستی دوژمنانن لە دژ مسوڵمانان، دەنا کەی بووەو گونجاوە کە یەکێک لەسەلەف هێندە تەزکییەی خۆی بکات و باقی تر کە وەک ئەو بیریان نەکردبێتەوە، ئەهلی بیدعەو سەر لێشێواوی بن؟!! ئاخر پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە گەڵ ئەو هەموو شەڕ پێ فرۆشتنەی هەر فەرموویەتی: (اللهم اهدي قوم فإنهم لا يعلمون.....) خودایە ڕێنمایی گەلەکەم بکەیت چونکە نازانن. بۆیە سیفەتی نەفرەت کردن و تانەو تەشەر گرتن و زمان پیسی و دەمشڕی لە سیفەتی هەموو مسوڵمانێک بە دوورە، وەک پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (لَيْس الْمُؤْمِنُ بالطَّعَّانِ ، وَلا اللَّعَّانِ ، وَلا الْفَاحِشِ ،

وَلا الْبَذِيء) "رواه الترمذي وقال: حديثٌ حسنٌ، عَن ابْنِ مَسْعُودٍ رَضِيَ اللَّه عَنْهُ "

واتە: بڕوادار نە تانەگرو نە نەفرەتکەرو نە نا بەجێ و زمان پیسە. مەگەر ئەوان مسوڵمان نین؟ ئەی بۆچی وا بیر ئەکەنەوە؟

بۆیە لێرە بۆ جارێکی تر شێخ (عبدالعزیز بن باز) بە درۆیان ئەخاتەوەو لە خوێندنەوەی فەتوایەکی ئەوەی لێ ئەفامرێتەوە کە بڵێت: لە خوا بترسن و درۆ نە بە زمانی من و نە بەزمانی سەلەفی ساڵحیش هەڵمەبەستن، چونکە سەلەفی ساڵح قەت وەک ئێوە نەبووە؟

بفەرموون لەگەڵ فەتوای ژمارە (**١٦٨٧٣**) بەروارى **٢/١٢/ ١٤١٥** ی کۆچی کە لیژنەی فەتوا سەبارەت بەم باسە فەرموویەتی:

فەتواکە بەم شێوەی خوارەوەیە:

فتوى رقم (١٦٨٧٣) و تاريخ ١٢ /٢ / ١٤١٥ هـ .

الحمد لله وحده و الصلاة و السلام على من لا نبي بعده .. و بعد:

فقد اطلعت اللجنة الدائمة للبحوث العلمية و الإفتاء على ما ورد إلى سماحة المفتي العام من المستفتي / محمد بن حسن آل ذبيان ، و المحال إلى اللجنة من الأمانة العامة لهيئة كبار العلماء برقم (٣١٣٤) و تاريخ ٧ /٧/ ١٤١٤ هـ.

و قد سأل المستفتي سؤالا هذا نصه :

(نسمع و نجد أناسا يدعون أنهم من السلفية، و شغلهم الشاغل هو الطعن في العلماء و اتهـــامهم بالإبـــتداع وكـــأن ألسنتهم ما خلقت إلا لهذا، و يقولون نحن سلفية، والـــسؤال يحفظكـــم الله: ماهو مفهوم السلفية الصحيح، وماموقفها من الطوائف الإسلامية المعاصرة ؟ و جزاكم الله عنا و عن المسلمين خير الجزاء إنه سميع الدعاء).

و بعد دراسة اللجنة للاستفتاء أجابت بأنه:

إذا كان الحال كما ذكر فإن الطعن في العلماء و رميهم بالابتداع واتهامهم مسلك مـــرد لـــيس من طريقة سلف هذه الأمة و خيارها، وإن جادة السلف الصالح هي الدعـــوة إلى الكـــتاب و السنة ، وإلى ما كان عليه سلف هذه الأمة من الصحابة- رضي الله عنهم- و التابعين لهم بإحسان بالحكمة و الموعظة الحسنة و الجدال بالتي هـــي أحـــسن مـــع جهاد النفس على العمل بما يدعو إليه العبد، و الإلتزام بما علم بالـــضرورة من دين الإسلام من الدعوة إلى الاجتماع و التعاون على الخير، و جمع كلمـــة المسلمين على الحق، و البعد عن الفرقة و أسبابها من التشاحن و التباغض و التحاسد، و الكف عن الوقوع في أعراض المسلمين، و رميهم بالظنون الكاذبة و نحو هـــذا من الأسباب الجالبة لافتراق المسلمين و جعلهم شيعا و أحزابا يلعن بعضهم بعضا، و يضرب بعضهم رقاب بعض قال الله تعالى (واعتصموا بحبل الله جميعا و لا تفرقوا واذكروا نعمة الله عليكم إذ كنتم أعداء فألف بين قلوبكم فأصبحتم بنعمته إخـــوانا و كنتم على شفا حفرة من النار فأنقذكم منها كذلك يبين الله لكم آياته لعلكم تهتدون. و لتكن منكم أمة يدعون إلى الخير و يأمرون بالمعروف و ينهون عن المنكـــر و أولئك هم المفلحون. و لاتكونوا .....الأية. و ثبت عن النبي صلى الله علـــيه و ســـلم أنه قال (لا ترجعوا بعدي كفارا يضرب بعضكم رقاب بعض). و الأيـــــات و الأحاديـــــث في ذم التفـــــرق و أســـــبابه كـــــثيرة ،

و لهـــذا فإن حماية أعراض المسلمين و صيانتها من الضروريات التي علمت من دين الإسلام، فيحرم هتكها، و الوقوع فيها، و تشتد الحرمة حينما الوقوع في العلماء، و من عظم نفعه للمسلمين منهم لما ورد من نصوص الوحيين الشريفين بعظيم مترلتهم، و منها أن الله سبحانه و تعالى ذكرهم شهداء على توحيده فقال تعالى شهد الله أنه لا إله إلا هو و الملائكة و أولو العلم قائما بالقسط لاإله إلا هو العزيز الحكيم).

و الوقوع في العلماء بغير حق تبديعا و تفسيقا و تنقصا، و تزهيدا فيهم كل هذا من أعظـــم الظلـــم و الإثم ، و هو من أسباب الفتن، و صد المسلمين عن تلقي علمهم النافع و ما يحملونه من الخير و الهدى.

و هذا يعود بالضرر العظيم على انتشار الشرع المطهر، لأنه إذا جرح حملته أثر على المحمول. و هذا فيه شبه من طريقة من يقع في الصحابة من أهل الأهواء، و صحابة رسول الله صلى الله عليه و سلم هم شهود نبي هذه الأمة على ما بلغه من شريعة الله ، فإذا جرح الشاهد جرح المشهود به.

فالواجب على المسلم إلتزام أدب الإسلام و هديه و شرائعه، و أن يكف لسانه عن الـــبذاء و الوقوع في أعراض العلماء، و التوبة إلى الله من ذلك والتخلص من مظالم العباد ، ولكن إذا حصل خطأ من العالم فلا يقضي خطؤه على ما عنده من العلم، و الواجب في معرفة الخطأ الرجوع إلى من يشار إليهم من أهل العلم في العلم و الدين و صحة الاعتقاد، و أن لا يسلم المرء نفسه لكل من هب و دب فيقوده إلى المهالك من حيث لا يشعر. وبالله التوفيق و صلى الله على نبينا محمد و آله و صحبه و سلم.

اللجنة الدائمة للبحوث العلمية و الإ فتاء.

الرئيس : عبد العزيز بن عبد الله بن باز

عبد العزيز بن عبد الله بن محمد آل شيخ

عبدالله بن عبد الرحمن الغديان

بكر بن عبد الله أبو زيد

صالح بن فوزان الفوزان

واتە:

فەتوای ژمارە (**١٦٨٧٣**) و بەرووواری ی ١٢ /٢ / ١٤١٥ کۆچی.

حەمدو سەنا بۆ خوای تاکو تەنهاو سەڵات و سەلام لەسەر ئەو پێغەمبەرەی کە لە دوای ئەم هیچ پێغەمبەری تر نییە.. پاشان:

هەڵبەت لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەو فەتوا داوای داواکەری گەیاند بە موفتی گشتی/ موحەممەد بنو حەسەن ئال زوبەییان، لەوێشەوە گەیەنرا بۆ بەردەم لیژنەیەک لە ئەمینداریتی گشتی دەستەی گەورە زانایان بە ژمارە (**٣١٣٤**) و بەرواری ٧ /٧/ ١٤١٤ی کۆچی.

کە تێیدا داواکەر پرسیارێکی ناردووە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

دەبیسین و ئەبینین کەوا کۆمەڵە کەسێک بانگەشەی سەلەفییەت ئەکەن، کاریان تەنها بۆتە تانە گرتن لە زانایان و تۆمەتباریان ئەکەن بە بیدعە، وەک بڵێی کە زمانیان تەنها بۆ ئەوە درووستکرا بێت، وە ئەیشڵێن: ئێمە سەلەفین،

پرسیارەکەش ئەوەیە (خوا بتانپارێزێت): ئایا چەمکی سەلەفییەتی دروست چۆنە؟ وە ئایا هەڵوێستی سەبارەت بە تاقمە ئیسلامییە هاوچەرخەکان چۆنە؟ وە خوا پاداشتتان بداتەوە بۆ ئێمەو بۆ مسوڵمانان بە باشترین پاداشت، چون هەر خوا بیسەری نزاکانە.

پاش تاوو توێکردنی لێژنە سەبارەت بەو پرسیارە بەم شێوە وەڵامی دایەوە:

ئەگەر حاڵەتەکان بەمشێوە بێت کە باسکران، ئەوا تانە گرتن لە زانایان و بە بیدعە گێڕانیان و تۆمەت بۆ هەڵبەستنیان ڕێگەیەکەی ڕەتکراوە لە ڕێگەکانی سەلەفی ئەم ئوممەتەو هەڵبژاردەکانی، هەڵبەت ڕێگەی سەلەفی ساڵح برتییە لە بانگەواز کردن بۆ کتێب و سوننەت، وە ئەو ڕێگەی کە سەلەفی ئەم ئوممەتە لە سەرین لە یارانی پێغەمبەر (رضي الله عنهم) و تابعین، کەبریتییە لە حیکمەت و ئامۆژگاری چاکو گفتو گۆکردن بە چاکترین شێوە لەگەڵ جیهادی دەروون لە سەر کارکردن بەو شتەی کە بەندەی بۆ بانگ ئەکرێت، هەروەها پابەند بوون بەوەی کە بە زەروور ئەزانرێت لە ئایینی ئیسلامدا لە بانگەواز کردن بۆ کۆبوونەوەو کۆمەکو هاوکاری کردن لەسەر خێرو پێکەوە گرێدانی رای مسوڵمانان و کۆکردنەوەیان لەسەر هەق، وە دوور کەوتنەوە لە دابڕدابڕ بوون و هۆکارەکانی لە ساردو

سڕبوون لەگەڵ یەکو بوغزو قینە کێشان و ئێرەیی بە یەکتر بردن، وە دەست هەڵگرتن لە شوێنکەوتنی کەمو کوڕیەکانی یەکترو گۆماندارکردنیان و هەموو ئەوانەی کە ئەبنە هۆی لێکدابڕان و لێکدوورکردنەوەی مسوڵمانان و کردنیان بە تاقم و پێڕ کە دەرەنجام تێکڕا نەفرەت لەیەکتر بگرن و هەریەک لە ملی یەکتر بسوێنن، خوای گەورە دەفەرموێ: هەر هەمووتان بە تووندی دەستبگرن بە ئایینی خواوەو پەرت وبڵاو مەبن، یادی نازو نیعمەتی خوا بکەنەوە لە سەرتان، (چونکە) کاتی خۆی دوژمنی یەکتر بوون کەچی دڵەکانتانی بەهۆی نیعمەتی ئیسلامەوە پەیوەست کرد بە یەکەوەو هەموو بوونە برای یەکتر، (هەروەها ئەو کاتە) ئێوە لە سەر لێواری چاڵێکی ئاگر وەستا بوون، بەڵام خوا لەو ئاگرە ڕزگاری کردن، ئا بەو شێوە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بەڵکو هیدایەت وەرگرن. دەبێت لە ئێوە ئوممەتێک پێک بێت، یاخود ئوممەتێکبن کە بانگەواز بکەن بە خێرو چاکە، فەرمان بدەن بە هەموو کارێکی درووست، قەدەغەی هەموو نا درووستییەک بکەن، هەر ئەوانەشن سەرفراز. نەکەن وەک ئەو کەسانە بن کە ناکۆکی و دوو بەرەکییان لە ناودا بەرپا بوو، لە یەکدابڕان دوای ئەوەی بەڵگەو نیشانەیان پێ گەیشتبوو....) هەروەها لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) وارید بووە کە

فەرموویەتی: (لە دوای من کافر مەبنەوە، بە چەشنێک هەر یەکەو لە ملی ئەویتر گیر بکات) بێگومان ئایەت و فەرموودە زۆر هەن لەمبارەوە کە زەمی لێکدابران و هۆکارەکانیان کردوون.

بۆیە پاراستنی ئابڕووی مسوڵمانان و چاککردنیان لەو کارە زەروورانەن کە لە ئایینی ئیسلامدا زانراون، بۆیە ئەتککردن و شوێن کەوتنی ئابڕوویان لە ئایینی ئیسلامدا بە حەڕام گێڕدراوە، بێگومان ئەم بەحەرام گرتنەش تووتر ئەبێت لە کاتێک کە ئەم کارانە ڕوو بەڕووی زانایانەوە ئەنجام بدرێن، ئەویش لەبەر ئەوە کە خەڵکی زیاتر سوود لەم چین و توێژە وەر ئەگرن، هەروەک لە هەر دوو وەحییە پیرۆزەکە پلەو پایەیان بە نرخگیراوە، لەوانە خوای پاکو بێگەرد ئەوانی بە شایەتبوون لەسەر یەکتایی خوا گێڕاوە، خوای گەورە فەرموویەتی: (خوای گەورە خۆی شایەتی ئەدات و دەری خستووە کە جگە لەو خوایەکی تر نییە، هەروەها فریشتەکان و ئەو زانستخوازانەی کە هەر یەکەیان بە ڕێگەیەکی ڕاست و درووست دەیسەلمێنن، کە جگە لەو زاتە خوایەکی تر نییە، وە ئەو زاتە خوایەکی باڵادەست و دانایە). کەواتە باسکردنی زانایان بە خراپە بە ناهەق بەوە کە بە بیدعە دانەرو فاسق و کەموکوڕیان بزانن، هەموو ئەوانە گەورەترین زوڵم و تاوانن، وە هۆکاری فیتنەن، وە پەرچن

لە ڕێگەی مسوڵمانان، لەوە کە ناتوانن بیانگەنێ و لە زانستە بە سوودەکان و خێرو ڕێنماییەکانیان بە هەروەر بن .

بەمەش زەرەرێکی گەورە بە بڵاو بوونەوەی شەریعەتی پاک ئەگەیـنن، چونکە ئەگەر بێیت و تەجریحی هەڵگری زانستەکە بکەیت، ئەوا تەجریحی ئەو زانستەت کردووە کە لە دەست ئەو کەسەدایە، ئەمەش کەمێک نزیکە لە ڕێگەی ئەوانەی کە لە پێناو حەزو ئارەزووەکانیان ئەکەونە قسە گوتن بە سەحابەکان، سەحابەکانی پێغەمبەریش (رضي الله عنهم) شایەتی پێغەمبەرن بەسەر ئەو ئوممەتە لەوە کە ئەو پێغەمبەرە شەریعەتی خوای ڕاگەیاندووە، کەواتە ئەگەر شایەت تەجریح بکرێت، ئەوە تەجریحی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کراوە.

کەواتە: ئەوەی واجبە لە سەر بابای مسوڵمان ئەوەیە، **کە پابەندبێت بە ڕەوشتی ئیسلامی و ڕێنمایی و شەریعەتەکانی، وە زمانی بگرێت لە دەمشڕی و شوێنکەوتنی ئابڕووی زانایان، وە بگەڕێنەوەو تۆبە بکەن لەو شتانە، وەخۆیان لەو ستەمانەی کە کردوویانە لە دەرهەق خەڵکیدا ڕزگار بکەن، بەڵام ئەگەر هەڵەیەک لە زانایەک ڕوویدا، ئەوا نابێت کە وات لێبکات هەموو ئەوەی کە لایەتی بیکەیت بە قوربانی هەڵەکەی**، واجب ئەوەیە کە بۆ ئاگادار بوون لە هەڵەیەک خۆ بگەیەنیتە لای ئەو زانایانەی کە ئاماژەیان پێ دراوە کە

ئەهلی عیلمن و شارەزای دیین و بیرو باوەڕی درووستن و تێیان بگەیەنیت، نابێت کە ئینسان خۆی بداتە دەست هەموو شتێک و سەرەنجام بەرەو فەتارەتی ببات بە بێ ئەوەی کە هەستی بە خۆشی کردبێت.

هەرخواش کارەکان بەجێ ئەگەیەنێت، سەلاّت و سەلامیش لەسەر پێغەمبەرمان موحەممەدو شوێنکەوتوانی و یارو یاوەران...

لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوادان

سەرۆک: عبد العزيز بن عبد الله بن باز

ئەندام / عبد العزيز بن عبد الله بن محمد آل شيخ

ئەندام / عبدالله بن عبد الرحمن الغديان

ئەندام / بكر بن عبد الله أبو زيد

ئەندام / صالح بن فوزان الفوزان

ئینجا سەبارەت بە بانگەشەکردنی سەلەفییەتیش، ئەوا شێخ سالّح فەوزان ئەلّێت:

نسمع بعض الناس يقولون: لا يجوز الانتساب إلى السلف ، ويَعد السلفية حزب من الأحزاب القائمة في الوقت الحالي، فما رأيكم بهذا الكلام؟

فأجاب فضيلة الشيخ صالح الفوزان – حفظه الله-:

نعـــم الـــسلف حـــزب الله ، السلف حزب؛ لكنهم حزب الله، الله -جل وعلا- يقول:((أولئك حزب الله ألا إن حزب الله هم المفلحون)).

الـــسلف انحـــازوا إلى الكـــتاب والسنة وإلى الصحابة فصاروا حزب الله، وأما من خالفهم فهم أحزاب ضالة مخالفة..

الأحـــزاب تخـــتلف هناك حزب الله ، وهناك حزب الشيطان، كما في آخر سورة (المجادلة) ، هناك حزب الله،وهناك حزب الشيطان. فالأحزاب تختلف. فمن كان علـــى مـــنهج الكتاب والسنة؛ فهو حزب الله. ومن كان على منهج الضلال؛ فهو حـــزب الشيطان. وأنت تَخيّر، تكون من حزب الله، أو تكون من حزب الشيطان! تَخيّر!!

ثم سُئل حفظه الله:

يقول فضيلة الشيخ – وفقكم الله-:

بعـــض الناس يختم اسمه بـــ (السلفي) أو (الأثري)، فهل هذا من تزكية النفس ؟ أو هو موافق الشرع؟

فأجاب- حفظه الله-:

المطلـــوب أن الإنسان يتبع الحق.. المطلوب أن الإنسان يبحث عن الحق.. ويطلب الحـــق ويعمـــل به..أما أنه يُسمى بـــ (السلفي) أو (الأثري) أو ما أشبه ذلك فلا داعي لهذا..

الله يعلم – سبحانه وتعالى- ((قل أتعلمون الله بدينكم والله يعلم ما في السماوات وما في الأرض والله بكل شيء

عليم)).

فالتـــسمي (ســـلفي) (أثري) أوما أشبه ذلك، هذا لا أصل له ، نحن ننظر إلى الحقيقة ، ولا ننظر إلى القول والتسمي والدعاوى ..

قد يقول إنه (سلفي) وما هو بسلفي ،،(أثري) وما هو بأثري..

وقد يكون سلفياً وأثرياً وهو ما قال أني أثري ولا سلفي..

فالنظر إلى الحقائق ، لا إلى المسميات، ولا إلى الدعاوى..

وعلى المسلم أنه يلزم الأدب مع الله – سبحانه وتعالى-.

لما قالت الأعراب آمنا ، أنكر الله عليهم: ((قالت الأعراب آمنا قل لم تؤمنوا ولكن قولوا أسلمنا)).. الله أنكر عليهم أنهم يصفون أنفسهم بالإيمان ، وهم ما بعد وصلوا إلى هالمرتبة، توهم داخلين في الإسلام..

أعـــراب جايين من البادية.. وادعوا أنهم صاروا مؤمنين على طول! لا .. أسلَموا دخلـــوا في الإسلام ، وإذا استمروا وتعلموا دخل الإيمان في قلوبهم شيئاً فشيئاً : ((ولمـــا يدخل الإيمان في قلوبكم)).. وكلمة (لّما) للشيء الذي يُتوقع ، يعني سيدخل الإيمـــان، لكن أنك تدعيه من أول مرة تزكية للنفس.. فلا حاجة إلى أنك تقول أنا (ســـلفي) .. أنـــا (أثري) أنا كذا.. أنا كذا.. عليك أن تطلب الحق وتعمل به .. تُصلح النية .. والله هو الذي يعلم – سبحانه- الحقائق

واتـه: گوێـمان لـه هێندێ کەس ئەبێت و ئەڵێن: دروووست نییه کـه ئینـسان نـاو لـه خـۆی بنـێت سـەلەفی، چـون ئەڵـێن: سـەلەفییەت حیزبـێکه لـەو حیـزبانەی کـه ئێـستا باون، ڕاتان سەبارەت بەمە چییە؟

بەڕێز شێخ (صالح الفوزان) خوا بیپارێزێت، وەڵام ئەداتەوەو ئەڵێت:

بەڵی سەلەف حیزبی خوان، سەلەف حیزبن، بەڵام حیزبی خوا، خوای بەرزو بڵند دەفەرموێت: "ئا ئەوانە حیزبی خودان، هەر حیزبی خوداشە کە سەرفرازە"

سەلەف مەیل وەلای کتێب و سوننەت و یارانی پێغەمبەر ئەکەن، تا بوون بە حیزبی خودا، وە ئەوانەی کە لەگەڵیاندا ناکۆکن ئەوانە حیزبی گومڕاو ناکۆکن..

حیزبەکان چون یەک نیین، هەن کە حیزبی خودان و هەیشن کە حیزبی شەیتانن، هەروەک لە سورەتی موجادەلە هاتووە، کە حیزبی خوداو حیزبی شەیتانە کە هەن، حیزبەکان چون یەک نیین، هەر کەسێک لەسەر بەرنامەی قورئان و سوننەت بێت، ئەوا حیزبی خودایە. تۆش سەرپشکبە، دەبیتە حیزبی خودا، یان حیزبی شەیتان! بۆخۆت هەڵیبژێرە.

ئینجا پرسیاری لێ ئەکرێتەوە: هێندێ لە خەڵکی هەن ناوەکانیان بە (سەلەفی)[٢٢] یان (ئەسەری) کۆتایی پێ دەهێنن، ئایا ئەوە پاکانەکردن نییە بۆ خۆیان، ئایا ئەوە لە گەڵ شەرعدا یەک ئەگرێتەوە؟

شێخ "خوا بیپارێزێت" وەڵام ئەداتەوەو ئەڵێت: ئینسان لە سەرییەتی کە شوێن هەق کەوێت.. داوا ئەکرێت کە ئینسان بە دوای هەقدا بگەڕێت.. داوای هەق بکات و کاری پێبکات.. بەڵام ئەوەی کە ناو لە خۆی ئەنێت بە (سەلەفی) یان (ئەسەری) یا شتی تر، ئەمە هیچ پێویستییەک ناکات..

خوای پاکو بێگەرد ئەزانێت و دەفەرموێت: (خودا لە دینی خۆتان ئەگەیەنن، کە خوا ئاگاداره بەوە کەچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەن خوا بە هەموو شتێک زانایە).

کەواتە ناو لە خۆنان بە (سەلەفی) و(ئەسەری)و شتی تر، ئەوە هیچ ئەسڵێکی نییە، ئێمە لە هەقیقەت ئەڕوانین، چاو لە قسەو نازناوو بانگەشە ناکەین..

چونکە هەیە ئەڵێت: من سەلەفیم بەڵام سەلەفی نییە، ئەسەریم بەڵام ئەسەری نییە.. ڕەنگە سەلەفی و ئەسەریش بێت، بەڵام ناڵێت من سەلەفییم یان ئەسەرییم..

کەواتە تێڕامان لە هەقیقەتەکان هەوە، نەک نازناو یا بانگەشەکردن..

وە لەسەر مسوڵمان پێویستە کە پابەند بێت بە ئەدەب بوون لە گەڵ خوادا "سبحانه وتعالى"

کاتێ کە ئەعڕابییەکان ئەیانگوت: باوەڕمان هێناوە، خودا نکوڵی لێکردن: (ئەعڕابییەکان دەیانگوت بڕوامان هێناوە، ئەی موحەممەد پێیان بڵێ: هێشتا بڕواتان نەهێناوە، بەڵکو

بڵێن: مسوڵمان بوویین).. خودا نکوڵی کرد لەوە کە وەسفی خۆیان بە ئیمان ئەکرد. چونکە ئەوان هێشتا نەگەیشتبوون بەم پلەیە، لە گومانبوون لەوە کە داخیل بە ئیسلام بوو ون.. ئەعرابییەکان لە دەشتەکانەوە هاتبوون.. بانگەشەی ئەوەیان ئەکرد کە بەردەوام بڕوادار بوون! نەخێر... تەسلیم بوون و چووبوونە نێو ئیسلام، ئەگەر لەسەر ئەوە بەردەوام بن و فێر ببن بەرە بەرە ئیمانیش ئەچێتە نێو دڵەکانییانەوە.. (هێشتا ئیمان نەچۆتە دڵەکانتانەوە)، وشەی (لَمَّا) بۆ شتێکە کە ڕەنگە ببێت و بێتە دی، واتە: بەمزووانە ئیمان ئەچێتە دڵەوە، بەڵام تۆ هەر لە پلەی یەکەم دێیت و پاکانە بۆخۆت ئەکەیت..

کەواتە پێویست ناکات کە تۆ بڵێیت: من (سەلەفییم).. من (ئەسەرییم) من وام و ئاوام..

لەسەرتە کە هەقخواز بیت و کاری پێبکەیت و نیازەکان پاکەوەکەیت.. خوای پاکو بێگەرد هەر خۆیەتی کە هەقیقەت ئەزانێت.

فەرموون لەم لینکەی خوارەوەش هەمان قسە لە دەمی شێخ ببیسنەوە:

(http://www.regayrasty.org/madxalizm/nawisalafi.ram)

هەشتەم: تۆمەتی حیزبییەت تا چەند لە جێگەی خۆیەتی؟

دەربارەی حیزبییەت: ئەگەر سەرنج لەو مورجیئانەی سەردەم بدەین و تاوێک گوێیان بۆ شلوەکەین، ئەبینین چۆن بێ ڕەحمانە ئەکەونە بەر گۆشتی مسوڵمانان و شەن و کەویان ئەکەن و بە حیزبییان لەقەڵەم ئەدەن، ناوێریت دەمیان لێ وەکەیت یەکسەر ئەڵێن فولان حیزبییە، بۆیە زۆریان لا ئاساییە کە چاکو چۆنییت دەگەڵدا ببڕن و لە هەموو شوێنێک غیبەتت بکەن، بێئاگاشن لەوە کە خۆیان تەسکترین حیزبی سەر ڕووی زەوین!! حیزبی لا جەماعی، حیزبی مورجیئەی سەردەم، حیزبی موقەللید، هەموو ئەو حیزبو میزبانە دوو ڕووی یەک هەقیقەتی ئەو حیزبەن!! بەڵام سەیر لەوەدایە کە دێیت پێیان ئەڵێیت: ئاخر ئێوەی بێ ئیش چ خوا هەڵئەگرێت کە نان بەوگێژاوەتان پەیا ئەکەن! دێن و ئەڵێن ئەمە نەهجی ڕاست و دروستی سەلەفییەتە، چونکە زاناکانمان وان ئێمەش ئەبێ وا بین؟!!

دەجا بزانین ئەو زانایانەی کە دەمیان پێیان گەرمە وان و وا ئەڵێن؟

شێخ (صالح الفوزان) لە وەڵامی پرسیارێکدا ئەڵێت:

أنا أقول اتركوا الكلام في الناس اتركوا الكلام في الناس ، فلان حزبي ... فلان كذا ... اتركوا الكلام في الناس ابذلوا النصيحة وادعو الناس إلى اجتماع الكلمة ، وإلى

تلقي العلم عن أهله ، وإلى الدراسة الصحيحة ، إما دراسة دينية وهذه أحسن ، أو دراسة دنيوية تنفع نفسك وتنفع مجمتعك ، أما الاشتغال بالقيل والقال ، فلان مخطىء ، وفلان مصيب ، وفلان كذا [كلمة غير واضحة]... هذا هو الذي ينشر الشر ، ويفرق الكلمة ، ويسبب الفتنة...إذا رأيتَ على أحدٍ خطأ ..تناصحه بينك وبينه من تجلس في مجلس ، تقول فلان سوى كذا وفلان سوى كذا...تناصحه فيما بينك وبينه ..هذه النصحية أما كلامك في المجلس عن فلان هذه ليست نصيحة هذه فضيحة..هذه غيبة..هذه شر . نعم

واتە: من ئەڵێم: دەست لە قسە کردن لە خەڵکی هەڵگرن، فوڵان حیزبییە، فوڵان ئەمەیەو فوڵان ئەوەیە، واز لەمە بهێنن، خۆتان بە ئامۆژگارییەوە خەریک بکەن، خەڵک بانگ بکەن بۆ یەکخستنی ووشەکان و وەرگرتنی زانستی شەرعی لە ئەهلی خۆی بە دیراسە کردنێکی درووست، جا یا دیراسەیەکی دینی بێت کە ئەمەیان لە هەمووان باشترە، یان دیراسەیەکی دونیایی بێت کە سوود بە خۆت و بە کۆمەڵگا بگەیەنێت. بەڵام خۆ خەریککردن بۆ قسەو قال و فوڵان هەڵەیەو فوڵان لەسەر هەقەو فوڵان واو فوڵان وایە، ئەوە شتێک نییە.. تەنها ئەوە نەبێت کە شەڕ بڵاو ئەکاتەوەو ووشەکان لێک دوور ئەخاتەوەو فیتنە دەنێتەوە، ئەگەر کەسێکت بینی کە لەسەر هەڵەیە ئەوە لە نێوان خۆت و خۆیدا ئامۆژگاری ئەکەیت، **بەڵام لە کۆڕەکان دا ئەنیشن و**

قسە لەسەر فولان و فولان ئەکەن ئەوە ئامۆژگاری نییە، بگرە ئەوە ئابڕوو بردنە، ئەوە غیبەتە، ئەوە شەڕە. بەڵێ.

فەرموون لەم لینکەی خوارەوە بە گوێی خۆتان لە دەمی شێخ ئەم قسانە ببیسنەوە:

(http://www.regayrasty.org/madxalizm/fawzanhizbiat.rm)

نۆیەم: ئایا ئەو چەمکە تا چەند ڕاستە کە ئەوان لەو زەمەنە تەمو مژاوییەی ئێستاماندا خۆیان بە فیرقەی ناجی ئەزانن و ئەوانی تریش بە فیرقەی بیدعەو سەر لێشواوی؟!!

وەک باسمان کرد، کە ئەو تاقمە وێڵە چێژ لەو هەڵوێستە نەزۆکەی خۆیان ئەبینن، کاتێک کە خۆیان لە بازنەی فیرقەی ناجی و باقی تر لە فیرقەی سەر لێشێواو ئەبینەوە.. هەر بۆیە لە پای ئەم هەڵوێستەیان دیوارێکی زۆر پتەو لە نێوان خۆیان و مسوڵمانان درووست کردووە، ئەو کەسەش ئەتوانێت کە چاکو چۆنییان لەگەڵدا بکات ئەگەر تۆبە بکاو بچێتە سەر دینی ئەوان!! بۆیە بەندە ئەو تاقمە زۆر بە نامۆو نەناس لە جیهانی ئیسلامیدا ئەبینم.. بگرە بە جێگەی گومان و مەقاشی دەست کەسانێکیش ئەبینم کە بەرژوەندییان لەم کارە دایە.. چون ئەوان ئەم دینە تایبەت بۆخۆیان حسێب ئەکەن، کەسێک بە ڕەو ڕەوەی

ئـەوان نەخولـێتەوە، ئـەوا لەسـەر ئـەم دیـنە حسـێب نیـیە!! ئەمـەش بـە هەڵوێـست و لاسـاییەکی زۆری ئـەم جـوولەکانە ئەبیـنم (لەگـەڵ ڕێـزمدا) کـە ئەڵـێن: (نحـن شعب الله المختار) ئێمە گەلێکین خوا هەڵیبژاردووین. یان کە خوا دەفەرموێت: (وَقَالُـــوا كُونُـــوا هُوداً أَوْ نَصَارَى تَهْتَدُوا) "البقرة: ١٣٥" واتـە: ئەیانگوت: ببنە جوولەکە یاخود گاور، هیدایەت ئەدرێن!

هـەروەک لە فەرموودەیکی سەحیحی بوخاری هاتووە کە لە ئـەبی سەعیدی خودری "خوا لێی ڕازی بێت" ڕێگڕدراوەتەوە کـە پـێغەمبەری خـوا (صلى الله عليه وسلم)فەرمـوویەتی: (لتتبعن سَنَنَ من كان قبلكم، شبراً بشبر وذراعاً بذراع، حتى لو دخلوا جحر ضب تبعتموهم). قلنا: يا رسول الله، اليهود والنصارى؟ قال: (فمن). واتـە: بست بە بەست و قـۆڵ بـە قـۆڵ شوێـن ڕێـچکەو ڕێـبازی گەلانی پێشی ئەکەون، هـەتا ئەگـەر خـۆ بکەنە کونی بزن مشکیشەوە ئێوە شوێنیان ئەکـەون، (ئـەڵێ:) گـوتمان: ئـەی پـێغەمبەری خـوا، مەبەسـتت جوولەکەو گاورەکانە؟ ئەویش فەرمووی: ئەی کێ!!

ئـەم کـوڕگەلانەش لـە ڕووی ناوەرۆکـەوە هـەر ئـەم کـارو قسانەیان لێ ئەفامرێتەوە، بۆیە ئیسلام دێت زۆر بە تووندی لـە دەمیـیان ئەداتەوەو ئەڵێت: بابای مسوڵمان مادام فەرمان بـە چـاکەو ڕێـگری لـە خـراپە ئـەکات بـە بێ ئیمتیاز باشترین کەسـی سـەر ڕووی زەویـە، وەک دەفەرموێـت: (كُنْـــتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ) "آل عمران: ١١٠" واتـە:

بە ڕاستی ئێوە چاکترین ئوممەتێکن کە (بۆ سوودی) خەڵکی هێنراونەتە مەیدانەوە، چونکە فەرمان بە چاکە دەدەن و قەدەغەی خراپە دەکەن، کەواتە: مادام ئەهلی ئیسلام ئەهلی قیبلە بن و بانگەوازکارانیش بە پێی ئەم تێگەیشتنە ئیسلامییە بانگەواز بۆ خوا بکەن، ئەم ئایەتە ئەیانگرێتەوە! هەر چەند ڕەنگە بڵێن: ئەمە کاتێک ڕاستە ئەگەر ئەو کەسانە بە پێی تێگەیشتنی سەلەفی ساڵح بانگەواز بۆ خوا بکەن، ئێمەش ئەڵێین: کێن ئەو کەسانەی کە ئەم تیگەیشتنە دیاری دەکەن؟ ئایا هەر زانایان نیین؟ دەی ئێمە ئەڵێین ئەگەر لێمان گەڕێن و کلاوی تەقلیدمان لەسەر نەنێن، ئەم تێگەیشتنەمان هەر لە زانایانەوە وەرگرتووە، ئەگەر ئێوە باوەڕتان پێیان هەیە، کە نیتانە.

دەبا بزانین زانایان چی بەم هەڵوێستەی ئەو تاقمە دێنن: لەوەلامی ئەم تاقمە سەرگەردانە، (لیژنەی دائیمی) وەدەنگ دێ و بەیاننامەیەک بۆ دەمکوتکردنییان سەبارەت بەم بانگەشە بۆشەی ئەوان دەردەکەن، کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

من فتاوى اللجنة الدائمة (السؤال الأول من الفتوى رقم ٧١٢٢) .
في هذا الزمان عديد من الجماعات والتفريعات وكل منها يدعي الإنضواء تحت الفرقة الناجية ولا ندري أيهما على حق فنتبعه ونرجو من سيادتكم ان تدلونا على أفضل

هـــذه الجماعـــات وأخيرهـــا فنتـــبع الحـــق فـــيها مـــع إبـــراز الادلـــة ؟ .
الحمد لله والصلاة والسلام على رسوله وآله وصحبه .... وبعد:
كل هذه الجماعات تدخل في الفرقة الناجية إلا من أتى منهم بمكفر يخرج عن أصل الإيمـــان ،لكـــنهم تـــتفاوت درجاتهم قوة وضعفاً بقدر إصابتهم للحق وعملهم به وخطـــئهم في فهـــم الأدلةوالعمل ، فأهداهم أسعدهم بالدليل فهما للحق وعملا ، فأعرف وجهات نظرهم ، وكن معأتبعهم للحق وألزمهم له ، ولا تبخس الآخرين اخـــوتهم في الإسلام فترد عليهم ما أصابوافيه من الحق بل اتبع الحق حيثما كان ولو ظهر على لسان من يخالفك في بعض المسائل ، فالحق رائد المؤمن وقوة الدليل من الكتاب والسنة هي الفيصل بين الحق والباطل.
والله التوفيق وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم .
اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء
عضو / عبدالله بن قعود
عضو /عبدالله بن غديان
عضو / عبد الرزاق عفيفي .
الرئيس العام / عبدالعزيز بن عبدالله بن باز

واتە:
لە فەتواکانی (اللجنة الدائمة للإفتاء) ژمارە (٧١٢٢) وەڵامی پرسیارێک دراوەتەوە، کە بەم شێوەیە:

لەو سەردەمە کۆمەڵێک لە کۆمەڵ و پێڕە ئیسلامییەکان، هەریەک لەوان بانگەشەی ئەوە ئەکەن کە فیرقەی ناجیین،

نازانین کە کامیان لەسەر هەقن تاکو شوێنییان بکەوین، داوا لە بەڕێزتان ئەکەین ئاماژە بە چاکترین و هەڵبژاردەترین تاقم و کۆمەڵ بکەیت تاکو شوێنی بکەوین، لە گەڵ وەدیارخستنی بەڵگەکانیش؟

الحمد لله والصلاة والسلام على رسوله وآله وصحبه .... وبعد :

هەموو لەو کۆمەڵە ئیسلامییانە ئەچنە نێو بازنەی فیرقەی ناجییەوە، مەگەر یەکێک لەوان کوفرێکی لێ بپشکوێتەوە کە لە بنەڕەتی ئیمان دەری بهێنیت، بەڵام هەر یەک لەوان پلەی بەهێزو بێهێزیان بە ئەندازەی ئەوە کە تاچەند هەقیان پێکاوە و کاریان پێی کردووە یان لەبەڵگەو کردەوەکانییاندا باش حاڵی نەبوونییان وە دیار ئەکەوێت. ڕێنماترینییان ئەوانەن کە بە بەڵگەکان لە ڕووی تێگەیشتن و کارپێکردنییان بەختەوەر بوو ون، تۆ لە بیرو بۆچوونەکانیان بەهەروەر بە، کامیان زیاتر شوێن هەق کەوتووە، بەمەوە پا بەند ببن. با کەس لە مسوڵمان کاری براکانی تریان لە ئیسلام بە بێ بایەخ نەگرێت و ئەو هەقەی کە پێکاویانە بە ڕوویان دا نەدەنەوە، شوێن هەق بکەوە لە هەر کوێبێت، ئەگەرچی ئەو هەقەش لە هێندێ مەسەلەدا لەسەر زمانی ئەو کەسە وە دیار بکەوێت کە دەگەڵت یەکناگرێتەوە. هەق دێدەوان و پێشەنگی بڕوادارو بەهێزی

بەڵگەیە لە کتێب و سوننەت، هەر ئەو جیاکەرەوەی هەق و ناهەقە.

وبالله التوفيق وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم

اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء

ئەندام / عبدالله بن قعود

ئەندام / عبدالله بن غديان

ئەندام / عبد الرزاق عفيفي

سەرۆکی گشتی / عبدالعزيز بن عبدالله بن باز

دەیەم: ڕقگرتن لە زاناو بانگەوازکارانی ئیسلامی لە ژێر درووشمی بنەمای جەرح و تەعدیل تا چەند لە چوار چێوەی شەرعدایە؟

بەچکە تەشقەڵچییەکانی لا جەماعی، هۆکاری لێکدابڕان و لێکترازانێکی گەورەی گۆڕەپانی ئیسلامیین! چون وەک گوتمان ئەوان کاتێ بە چاوی ئەهلی سوننە لە خۆیان و خەواریج و قوتبی و تەکفیری لە ئێمە ڕا ئەمێنن، بە هەقی ئەزانن کە ڕاست و چەپان بدەنە بەرو دەست لە گچکەو گەوران نەپارێزن. بۆیە بەمکارەیان هێندەی تر مسوڵمانانییان لە یەکتر کردۆتە دوژمن و باوک کوشتەی

یەکتر!! کەسێک کە ئەمە هەڵوێستی بوو هەق و ناهەقی لێ ون ئەبێ و چاکی لێ خراپ ئەبێ و خراپی لێ ئەبێتە چاک!! من لە زۆرانیانم گوێ لێبووەو ئەڵێن: گوێگرە لە گۆرانییەکانی ئیبڕاهیم تەڕەساز! بەس ئاممان گوێ لە قسەکانی عەمرو خالد شل نەکەیت؟!!! ئەمەیە بنەمای جەرح و تەعدیل لای ئەوان کە هیچ عەدالێکیان لا نییە!!

بۆیە کەسێک لە گەڵیان نەبێت، پشتاو پشتێی بە دوژمن سەیر ئەکەن، هەرچەند لە زۆرانیش دەگەڵیاندا هەڵکەویت!

لە مەجلیسان.. لە کۆڕو دانیشتنان.. لە کووچەو کۆڵان و بەر دووکانان لە هەر کوێڕا بتگەنێ لە جیاتی سەلام و کەلام بوغزی پەنگخواردوویان ئەرژێننە ڕووان؟!!

ئەمە ئەگەر دەرهاویشتەی ئەم هەڵوێستە نەزۆکەیان بێت کە ئەم فیتنەی نێو مسوڵمانانیانی لێ ئیجاد بێت، ئای چ کارەساتێکە کاتێ لە دەرهەق زانایانەوە ئەم چەکە چڵکنە هەڵگرن و ڕوو بەڕوویان ببنەوە. ئاخر زانایان میراتگری پێغەمبەرانن وەک لە پێشەوە باسمان کرد، تۆ ئەگەر بێیت هەرچی زاناو بانگەوازکاری ئەم سەردەمەی پڕ لە فیتنەیە تەجریح کەیت، گلەیی چی ئەکەیت لەو خەڵکە کە دژ بە خواو پێغەمبەر شەڕێ بکەن! ئاخر کەسێک ئیبڕاهیم تاتڵی ساز بە

سازتر لە بانگەوازکار بسازێنێ، ئومێدی چی ئەکەیت بەو خەڵکە بەسەزمانە کە بۆ هیچ شتێک بە کەڵک نەیەو نەسازێ. لە کاتێکدا خوای (جل شأنه) دەفەرموێت: (أَفَنَجْعَلُ الْمُسْلِمِينَ كَالْمُجْرِمِينَ مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ) "القلم: ٣٥-٣٦" واتە: ئایا قەت موسڵمان دەگەڵ ستەمکاران ئەگێڕین، چیتانە ئەوە چۆن حوکم ئەکەن؟!

سەرباری ئەمانەش دێن و ئەم دەستە چڵکنە بە کەوای زانایانەوە هەڵئەسوون و وا لە خەڵکی ئەگەیەنن کە ئەمە هەڵوێستی زانایان و دانایانی ئەو سەردەمەیە!!

دەبا بزانین کە ئەم درۆیەشیان وەک باقی درۆکانی ترییان تا چەند بە دەردی درەوی تاڵ ئەچێت و وەک بابای سک چوو لە ورگی درۆزنان دەر ئەچێت؟!!

پرسیارێک سەبارەت بەمە لە شێخ (محمد صالح العثيمن) بە ڕەحمەتبێت ئەکەن و ئەویش بەم شێوەی خوارەوەیە:

س /ما رأي فضيلتكم فيمن صار ديدنهم تجريح العلماء وتنفير الناس عنهم والتحذير منهم، هل هذا عمل شرعي يثاب عليه أويعاقب عليه ؟

فأجاب فضيلته بقوله: الذي أرى أن هذا عمل محرّم، فإذا كان لا يجوز لإنسان أن يغتاب أخاه المؤمن وإن لم يكن عالماً فكيف يسوغ له أن يغتاب إخوانه العلماء من

المؤمـــنين؟! والـــواجب علـــى الإنسان المؤمن أن يكف لسانه عن الغيبة في إخوانه المؤمنين.

قال الله تعالى: \"ياأيها الذين ءامنوا اجتنبوا كثيراً من الظن إن بعض الظن إثم ولا تجسسوا ولا يغتب بعضكم بعضا أيحب أحدكم أن يأكل لحم أخيه ميتاً فكرهتموه واتقوا الله إن الله تواب رحيم\".

وليعلم هذا الذي ابتلي بهذه البلوى أنه إذا جرّح العالم فسيكون سبباً في رد ما يقوله هـــذا العالم من الحق، فيكون وبال رد الحق وإثمه على هذا الذي جرّح العالم، لأن جرح العالم في الواقع ليس جرحاً شخصياً بل هو جرح لإرث محمد صلى الله عليه وسلم ؛ فإن العلماء ورثة الأنبياء ، فإذا جرح العلماء وقدح فيهم لم يثق الناس بالعلم الـــذي عندهم وهو موروث عن رسول الله صلى الله عليه وسلم، وحينئذ لا يثقون بشئ من الشريعة التي يأتي بها هذا العالم الذي جُرح.

ولـــست أقول إنّ كل عالم معصوم؛ بل كل إنسان معرّض للخطأ، وأنت إذا رأيت من عالم خطأ فيما تعتقده، فاتصل به وتفاهم معه، فإن تبيّن لك أن الحق معه وجب عليك اتباعه، وإن لم يتبين لك ولكن وجدتَ لقوله مساغاً وجب عليك الكف عنه، وإن لم تجـــد لقوله مساغاً فحذر من قوله لأن الإقرار على الخطأ لا يجوز، لكن لا تجـــرحه وهـــو عالم معروف مثلاً بحسن النية، ولو أردنا أن نجرح العلماء المعروفين بحسن النية لخطأ وقعوا فيه من مسائل الفقه، لجرحنا علماء كباراً، ولكن الواجب هو مـــا ذكـــرتُ ، وإذا رأيت من عالم خطأ فناقشه وتكلم معه، فإما أن يتبين لك أن الـــصواب معـــه فتتبعه أو يكون الصواب معك فيتبعك، أو لا يتبين الأمر ويكون الخـــلاف بينكما من الخلاف السائغ، وحينئذ يجب عليك الكف عنه وليقل هو ما

يقـــول ولتقل أنت ما تقول. والحمد لله، الخلاف ليس في هذا العصر فقط، الخلاف من عهد الصحابة إلى يومنا .

وأما إذا تبين الخطأ ولكنه أصر انتصاراً لقوله وجب عليك أن تبين الخطأ وتنفر منه، لكـــن لا على أساس القدح في هذا الرجل وإرادة الانتقام منه؛ لأن هذا الرجل قد يقول قولاً حقاً في غير ما جادلته فيه.

فالمهم أنني أحذر إخواني من هذا البلاء وهو تجريح العلماء والتنفير منهم، وأسأل الله لي ولهم الشفاء من كل ما يعيبنا أو يضرنا في ديننا ودنيانا) أ.هـــ

المرجع: كتاب العلم ، للشيخ محمد العثيمين- رحمه الله- ص ٢٢٠ .

واتە:

پرسـیار: ڕای بەڕێـزتان چـییە سـەبارەت بەوانـەی کـە داب و نەریتیـــیان بـــۆتە تەجریحکـــردنی زانایـــان و پـــرینگانەوەی خەڵکی لە زانایان و ئاگادارکردنەوە لێیان، ئایا ئەمە کارێکی شەرعییە و پاداشت و سزای لەسەرە؟

بەڕێزی بەم شێوە وەڵامی دایەوە:

ئـەوەی مـن ئەیبیـنم ئەوەیـە کـە ئەم کارە حەڕامە، ئەگەر بۆ مەردم درووست نەبێت کە غیبەتی برا بڕوادارەکەی بکات کە زانـا نەبـێت، چۆن درووستە کە غیبەتی برا زاناکانی بکات لە بڕواداران؟!

واجب وایە کە بابای بڕوادار زمانی بگرێت و غیبەتی برا بڕوادارەکانی نەکات، خوای گەورە فەرموویەتی: "ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە خۆ دوورگرن لە هەموو ئەو گومانانەی کە ئەبردرێن، چون هێندێ لە گومانەکان تاوانن، سیخوڕی بەسەر یەکتریدا مەکەن و هێندێکتان لە پاشملە قسە لەسەر هیچ کامتانا نەکات، ئایا هەریەک لە ئێوە پێی خۆشە کە گۆشتی براکەی بە مردوێتی بخوات؟ کە حەتمەن ئەمە لەسەر دڵتانا گرانە، کەوابوو لە خوا بترسن، چون خوا وەرگری تۆبەکانەو بە بەزەییە" دەبا بزانن ئەو کەسەی گۆبەندی ئەم دەردە بووە کە ئەگەر تەجریحی زانای کرد، ئەو دەم خەڵکی ئەو هەقەی کە لەدەست زاناکەشدایە ڕەتی ئەکەنەوە، ئەو کات ئۆباڵ و تاوانی ڕەتکردنەوەی ئەم هەقە هەر ئەو کەسە ئەیکێشێت، کە تەجریحی زاناکەی کردووە.

چون لە واقیعدا جەرحکردنی زانا، جەرحی (کەس)ی نییە، بەڵکو جەرحکردنی میراتی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم)، چون زانایان میراتگری پێغەمبەرانن، ئەگەر تەجریحی زانایان بکرێ و کارەکانییان بەکەم بایەخ نیشانبدرێ، ئەو کاتە خەڵکی متمانە بەو زانستەی ئەو زانایەش ناکەن، هەر چەند زانستەکەیان میراتەو لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بۆئەوان جێماوە، کە وایشی لێهات ئەو کاتە کەس

متمانە بەو شەریعەتە ناکات کە لەدەست ئەم زانایەدایە کە تەجریحکراوە.

هەرچەن من نالێم کەوا زانا مەعسووم و بێتاوانە، بگرە هەموو ئینسانێک لێی دێت کە دووچاری هەڵە ببێت، ئەگەر تۆ پێت وایە هەڵەت لە زانایەکا بەدیکردووە، بڕۆ پەیوەنی پێوە بکەو دەگەڵیدا ڕێککەوە، ئەگەر بۆت ڕوون بووەوە کە ئەوەی لای ئەمەو هەقە، ئەوە واجبە کە شوێنی بکەویت، بەڵام ئەگەر بۆت ڕوون نەبووەوە کە ئەم لەسەر هەقە "واتە: لەسەر هەڵە بوو" بەڵام ئەوەی کە ئەم ئەیڵێت جێگەی خیلافی زانایانە، ئەوا پێویستە کە دەستی لێ هەڵگریت. بەڵام ئەگەر نەتبینی کە جێگەی خیلافە، ئەوا بۆت هەیە کە حەزەر لەو قسانەی بدەیت کە پێتوایە هەڵەن، چونکە بەردەوام بوون لەسەر هەڵە درووست نییە، بەڵام بریندارى ناکەیت، چونکە مکوڕ بوون لە سەر هەڵە درووست نییە، بەڵام کەسێک جەرح ناکەیت، کە ڕەنگە ئەو کەسە کەسێکی ناسراو بێت و ئەو قسەی کە کردوویەتی بە نیازێکی چاک گوتبێتی، چونکە ئەگەر بێین جەرحی زانایانی ناسراو بکەین کە قسەیەکییان بە نیازی پاک گوتبێت، ئەگەرچی لەم قسەشیدا لە هێندێ باسی فیقهیدا کەوتبێتە هەڵەوە، چون ئەگەر هەرچی بێ و جەرحی بکەین ئەوە گەورە زانایانیشی تێدا بە دەر نابێت.

بەڵام ئەوە پێویستە بکرێت کە باسم کرد. ئەگەر هەڵەت لە زانایەک بینی، گفتو گۆ و قسەی لەگەڵدا بکە، ئینجا یان ئەوەت بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەق بەوەو شوێنی ئەکەویت، یان هەق بە تۆیەو شوێنت ئەکەوێت، یان لای هیچتان یەکلا نابنەوە، ڕەنگە خیلاف بێت لە نێوان هەردوولاتان، چونکە باسەکە خۆی جێگەی خیلافە، لەو کاتە لەسەرتە کە وازی لێ بهێنیت و قسەی لەسەر نەکەیت، ئەوەتا ئێستا چی سەبارەت بەم باسە گوتووەو هەر ئەیڵێت و تۆش چیت گوتووە هەر ئەوە ئەڵێیت، سوپاس بۆ خوا خیلاف بەتەنها هەر لەو سەردەمە نەبووە، بگرە لەسەردەمی یارانی پێغەمبەریش و ئێستاشی لەگەڵ بێت هەر هەبووە، بەڵام ئەگەر هەڵەکە یەکلا بووەو ڕوون بووەوە، ئەویش هەر مکوڕ بوو لەسەر قسەی تا ڕای خۆی سەربخات، ئەوا ئەو کات لەسەرتە کە هەڵەی بە دیار بخەیت و خەڵکیشی لێ وە دوورخەیت، بەڵام نەک لەسەر بنەمای تیرو توانج لێگرتنی، چون ئەتەوێ بەمکارەت تۆڵەی لێ بسەنیتەوە، چونکە ئەو پیاوە ڕەنگە لەو کاتەی کە تۆ گفتو گۆی لەگەڵدا ئەکەیت لە شوێنی ترا هەقی گوتبێت.

گرنگ ئەوەیە کە من براکانی خۆم ئاگادار ئەکەمەوە لەو بەڵایە کە بریتییە لە تەجریحی زانایان و خەڵک لێ تەکاندنەوەیان، لە خوا داواکارم کە بۆ خۆم و بۆ ئەوانیش

شـیفا بنـێرێت لـه هەمـوو ئەوانـەی قـێزو زەرەر لـه دیـن و دونیامان ئەگەیەنێت.

سەرچاوە: كتاب العلم ، للشيخ محمد العثيمين- رحمه الله- لاپەڕە ٢٢٠

هـەروەها لـه شوێنی تردا له فەتوایەکی (اللجنة الدائمة للإفتاء) بە ژمـارە (٦٢٥٠) لـه بـەروارى ٢٠٠٣/١١/٦ لـیژنەی دائمـی ئەڵێت:

في العالم الإسلامي اليوم عدة فرق وطرق الصوفية مثلاً هناك جماعة التبليغ والإخوان المسلمين ، السنيين فما هي الجماعة التي تطبق كتاب وسنة رسوله ؟

الحمد لله والصلاة والسلام على رسوله وعلى آله وصحبه ... وبعد

أقرب الجماعات الإسلامية إلى الحق وأحرصها على تطبيقه أهل السنة وهم أهل الحديث وجماعة أنصار السنة ثم الإخوان المسلمين ، وبالجملة فكل فرقة من هؤلاء فيها خطأ وصواب فعليك بالتعاون معها فيما عندها من الصواب واجتناب ما وقعت فيه من أخطاء من التناصح والتعاون على البر والتقوى .

وبالله التوفيق وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم

اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء

عضو / عبدالله بن قعود

عضو / عبدالله بن غديان

عضو / عبد الرزاق عفيفي

الرئيس العام / عبدالعزيز بن عبدالله بن باز

واتە:
پرسیار: لە جیهانی ئەمڕۆی ئیسلامی کۆمەڵێک پێڕو تاقمی سۆفی هەن، بۆ نموونە لە کۆمەڵەی تەبلیغ و بریانی مسوڵمان و سوننیەکان، کامیان ئەو کۆمەڵەن کە کتێب و سوننەتی پێغەمبەرەکەی جێبەجێ ئەکەن؟

وەڵام: الحمد لله والصلاة والسلام على رسوله وعلى آله وصحبه ... وبعد.
نزیکترین کۆمەڵە ئیسلامییەکان لە هەق و سووڕبوونیان لەسەر جێبەجێ کردنیان لە ئەهلی سوننە، بریتین لە ئەهلی فەرموودەو کۆمەڵی ئەنساری سوننەو پاشان برایانی مسوڵمان، بە تێکڕا هەموو تاقمێک لەوان هەڵەی هەیەو ڕاستیشیان هەیە، تۆ لەسەرتە لەو شتەی کە لایەتی و هەقە یارەمەتییان بدەیت و لەوەی کە کەوتوونەتە هەڵە لێیان وە دوورکەویت، چون ئەبێت ئامۆژگاری و هاریکاری لەسەر خێرو چاکە پەیڕەو بکرێت.
هەر خوا کارەکان جێبەجی ئەکاو سەڵات و سەلامیش لەسەر پێغەمبەرمان موحەممەد و ئال و یارانی.

لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوادان
ئەندام: عبدالله بن قعود

ئەندام: عبدالله بن غديان

ئەندام: عبد الرزاق عفيفي

سەرۆک: عبدالعزيز بن عبدالله بن باز

یازدەم: هەڵوێستی زانایان سەبارەت بە بانگەوازکاران و ناودارانی وەک: (شیخ سلمان العودة و شيخ عائض القرني و شيخ سفر الحوالي و شيخ ناصر بن سليمان العمر و عدنان آل عرعر) و ... هتد. هەروەها بە (سيد قطب و حسن البنا) "ڕەحمەتی خوایان لێ بێت".

بابای مەدخەلی: چەندی شەیتان ڕقی لە بەندەی خوایە، دە هێندە ڕقی لە سەیید و حەسەن بەنایە! شێخ سەلمان و شێخ عایزو شێخ ناسرو شێخ سەفەری لێ بەلایە؟!! دەگەڵ چاکترینییان لە سەر پێیەو لە غەزایە، موشتەری شەڕەو سەدان زاناو ڕۆشەنبیرانی ئەو سەردەمەی کێشیان سەنگی عانەیەک وایە؟!!

وەک گوتمان ڕقی زۆرییان لەو ناوبراوانەی سەرەوەیە، ئەویش بە تۆمەتی ئەوە کە هێندێکییان خەواریجن و هێنێکییان تەکفیرین و هێندێکییان لە مەنهەج لایانداوەو، هێندێکییان شیوخ قسەی لەسەر کردوون... هتد

بەڵام ئەوەتا کۆمەڵێک شیوخمان لایە کە هیچ کام لەوان ناتوانن نکوڵی لە زانایەتییان بکەن، کەس نییە نکوڵی لە

زانستی شێخی ئەڵبانی بکات، یان لە شێخ (عبدالعزیز بن باز) و شێخ (صالح الفوزان) و شێخ (عبدالله بن الجبرین) گومانییان هەبێت.. دەبا بزانین ئەو شێخە بەڕێزانەی کە ناومان هێنان سەبارەت بەو کەسانەی کە مەدخەلییەکان بە لادەر لە مەنهەجییان حسێب ئەکەن چی ئەڵێن؟

۞ سەبارەت بە (شیخ سلمان العودة و شیخ عائض القرني و شیخ سفر الحوالي و شیخ ناصر بن سلیمان العمر و عدنان آل عرعر) زانایان قسەی باش و تەزکییەی باشییان بۆ کردوون، من لێرەدا چەند تەزکییە نامەیەکتان ئەخەمە بەر چاو، تا هێندەی تر ئەو تاقمە سەر گەردانە سەرگەردانەتر دەرکەوێ و ڕوونیشی کەینەوە کە ئەوانی موقەللید، چون موقەللیدن بۆیە ناتوانن هەق ببینن:

هێندێ لە تەزکییەکان ئەمانەی خوارەوەن:

١. تەزکییە نامەی یەکەم: شێخ (عبدالعزیز بن باز) لەم فەتوایەی خوارەوە تەزکییەی تێکڕای ئەو داعیانەی سەرەوە ئەکات، کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

بسم الله الرحمن الرحيم

المملكة العربية السعودية
دار الإفتاء
مكتب مفتي عام المملكة

الرقم : ٢/٩٧٤
التاريخ : ١٤٠٤/٤/١٤هـ
المرفقات : ———

من عبدالعزيزبن عبدالله بن باز الي حضرة الأخ المكرم/
وفقه الله لمافيه رضاه امين

سلام عليكم ورحمة الله وبركاته أمابعد : ـ

فقد وصلتني رسالتكم التي تسألون فيها عن الإستماع إلى أشرطة وخطب ومحاضرات وكتب الدعاة والعلماء مثل الشيخ /عايض القرني والشيخ/ سلمان العوده والشيخ / ناصر العمر والشيخ / سفر الحوالي والشيخ /عبدالوهاب الطريري . وهل هم مبتدعة وأنهم من بعض الجماعات المنحرفه . وأنهم ليسوا بسلفيين وإنما هم من الخوارج . وعن حكم اغتيابهم . وصلكم الله بهداه .

والجواب .

أشرطتهم مفيدة وليسوا مبتدعة وليسوا خوارج ولا تجوز غيبتهم ويجب الأدب معهم كغيرهم من اهل العلم من أهل السنة والجماعة وليس واحدمنهم معصوما . وهكذا غيرهم من أهل العلم بل كل واحد يخطيء ويصيب فيؤخذ من قوله ما أصاب به الحق ويترك ما خالف به الحق ويحمل على أحسن المحامل مهما استطاع المؤمن ذلك إحساناً للظن بالإخوان وحملاً لهم على أحسن المحامل . وقد صح عن النبي صلى الله عليه وسلم انه قال « كل بني آدم خطاء وخير الخطائين التوابون » .

وصح عنه صلى الله عليه وسلم انه قال « إن الحاكم إذا اجتهد فأصاب فله أجران وإذا اجتهد فاخطا فله اجر » وهكذا بقية العلماء من أصاب فله أجران ومن أخطا فله أجر إن كان من أهل العلم بشرع الله وأخلص في عمله لله وأسال الله للجميع التوفيق لما يرضي الله وينفع عباده مع العافيه من مضلات الفتن إنه سميع قريب والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته .

مفتي عام المملكه العربيه السعوديه
ورئيس هيئة كبار العلماء وإدارة البحوث العلميه والإفتاء

واتە:

شانشینی عەرەبی سعودی

خانەی فەتوادادان

نووسینگەی موفتی گشتی شانشین

ژمارە: ١٩٧

بەروار: ١٤١٤/٤/١٠

لە عەبدولعەزیز بن بازەوە بۆ ڕێزدار برای بەڕێزم..... خوا مۆفەقتان بکات و لێتان ڕازی بێت.

السلام علیکم ورحمه الله وبرکاتهـ

پاشان:

بێگومان نامەکەتان گەیشت کە تێیدا پرسیاری گوێگرتن لە کاسێت و وتارو و موحازەڕات و کتێبی بانگەوزاکاران و زانایانی وەک (شێخ عائض القرني والشيخ سلمان العوده والشيخ ناصر العمر والشيخ سفر الحوالي والشيخ عبدالوهاب الطريري)ت کردبوو، کە ئایا ڕاستە ئەوان دانەری بیدعەن، وە ئەوان لە هێندێ لە تاقمە گومڕاکانن، وە ئەوان سەلەفی نیین و بگرە حەوارجن، ئایا حوکمی غیبەتکردنیان چییە، خوا بە ڕێنمایی خۆیتان بگەیەنێت.

وەلاّم:

کاسێتەکانیان بە سوودن، وە ئەوان دروستکەری بیدعە نین وە خەواریج نیین وە غیبەتکردنیان دروست نییە، پێویستە ئەوان وەک باقی ئەو کەسانەی کە ئەهلی عیلمن لە ئەهلی سوننەو جەماعە وەدەرنێین لە غیبەتەوە، هەر چەند ئەوان هیچییان مەعسووم نیین وەک باقی ئەوانەی کە ئەهلی عیلمن، بگرە هەموو کەس هەڵەش ئەکاو ئەشیپێکێت، لە شتێک کە پێکابێتیان بە هەق لێیان وەر ئەگیرێت و ئەوەی کە موخالیفی هەقیش بێت وازی لێ ئەهێنرێت، وە قسەیەک کە کردبێتیان بە جوانترین شێوە لێک ئەدرێتەوە هەرچەندی کە بابای بڕوادار لە توانایدا هەبێت، ئەمەش لە سۆنگەی گومانی باشبردنە بە براکان، کە ئەبێ قسەکانیان هەردەم لە ڕووی چاکەوە هەڵسەنگێنرێت، هەروەک لە فەرموودەی دروستی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هاتووە کە دەفەرموێت: هەموو ئینسانێک هەڵەی لێ ئەپشکوێتەوە، چاکترینیشیان ئەوانەن کە تۆبە ئەکەن، هەروەها دیسان لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە ڕاست گیراوە کە دەفەرموێت: ئەگەر دادوەرێک ئیجتیهادی کردو پێکای، ئەوە دوو پاداشتی بۆ هەیە، ئەگەریش ئیجتیهادی کردو هەڵەی کردو نەیپێکا، ئەو پاداشتێکی بۆ هەیە. ئەمەو باقی زانایان ئەگەر یەکێک پێکای دوو پاداشتی بۆ هەیە، ئەگەریش هەڵەی کرد یەک پاداشتی بۆ هەیە، ئەمەش بە مەرجی ئەوە کە ئەهلی عیلم بن

بـە شـەریعەتی خـواو یەکلایـی لـە کـردەوەکانیدا هەبـێت بـۆ خـوا، لـە خوا دەخوازم کە مۆفەقمان بکات بۆ شتێک کە پێی ڕازیـیە و سـوودی بـدا بـە بەندەکانی و لە گەڵ دەر باز بوون لە گومڕایی فیتنەکانەوە، هەرخواش بیسەرو نزیکە.

والسلام علیکم ورحمه الله وبرکتاهـ

مـوفتی گشتی شانشینی عەڕەبی سعودی و سەرۆکی دەستەی گـەورە زانایـان و بەڕێـوەبەرایەتی لـێکۆڵینەوەی زانـستی و فەتوادان

مۆری شێخ

تەزکیـیە نامـەی دووەم: تەزکیـیەی (شـیخ عبدالعزیـز بـن باز) "بـە ڕەحمەتبـێت" بـۆ شـێخ (عـــائض القـــرني) کـە تێیدا ئەو کارە بانگەوازیـیانەی کـە شـێخ (عـــــائض) ئـەیکات زۆر بەچـاک ئەیانرخـێنێ و دوعـای بەردەوامبوون و خێری بۆ ئەکات کە خـوا مۆفەقی بکات، وە داوای لێ ئەکات کە بەردەوام بێت لە سەر ئەم شێوازەی کە هەیەتی:

ئەمەی خوارەوەش دەقی تەزکییە نامەکەی شێخە:

بسم الله الرحمن الرحيم

من عبد العزيز بن عبد الله بن باز ، إلى حضرة الأخ المكرم صاحب الفضيلة الشيخ/ عائض بن عبد الله القرني وفقه الله لما يحبه ويرضاه، وزاده من العلم والإيمان، آمين.

سلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

أما بعد:

فنظـــراً لحاجة الناس اليوم إلى الوعظ والتذكير والإرشاد، ولما لفضيلتكم من الجهود المشكورة في هذا المجال، والقبول والتأثير، نسأل الله أن يثيبكم على ذلك، فإني أرجو من فضيلتكم مواصلة الجهود في ذلك، والصبر على دعوة الناس إلى الخير، وتذكيرهم لما خلقوا له من توحيد الله وطاعته، وتشجيع إخوانكم من أهل العلم على ذلك، لما لا يخفـــى علـــى الجمـــيع من فضل الدعوة إلى الله سبحانه، وشدة حاجة المسلمين وغيرهم إليها، وذلك عن طريق المحاضرات والدروس والإجابة عما يشكل عليهم في أمور دينهم، والتعاون على البر والتقوى.

ونحن مستعدون للتعاون معكم في ذلك، والتفاهم مع ولاة الأمر فيما قد يعرض لكم في هـــذا السبيل، فسيروا على بركة الله، وأبشروا بالأجر العظيم، والذكر الجميل، وحـــسن العاقـــبة التي وعد الله بها المخلصين الصادقين، نسأل الله أن يجعلنا وإياكم مـــنهم، وأن يصلح قلوبنا وأعمالنا، ويجعلنا جميعاً من أنصار دينه، والدعاة إليه على بصيرة، وأن يوفق حكومتنا، وعلى رأسها خادم الحرمين ، وجميع المسئولين لكل ما فيه رضاه وصلاح أمر عباده، إنه جواد كريم.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

الرئيس العام لإدارة البحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد/ عبد العزيز بن عبد الله بن باز

الرقم: ١١٤٢

التاريخ: ١٤١١/٩/١٠هـ

واتە:

بە ناوی خوای گەورەو دلۆڤان

لە عەبدولعەزیز بن باز بۆ برای بەڕێز و پایەدارم شێخ (عائض القرني) خوا مۆفەقتان بکات بۆ شتێک کە پێیخۆشەو پێی ڕازییە، خوا ئیمان و زانستی زۆرتری پێبدات، ئامین

سلام عليكم ورحمة الله وبركاته

پاشان:

بە پێی سەرنجدان لە پێویستییەکانی خەڵک لە ئامۆژگاری و وەبیر هێنانەوەو ڕێنوێنی کردنیان، بەڕێزتان لەو کردۆکۆشەی کە ئەیکەن لەو بواردا جێگەی سوپاسگوزاری و وەرگرتن و کاریگەریین، لە خوا داواکارم کە خوا هەر لە سەر ئەمە جێگیرتان بکات، داوام لە بەڕێزتان ئەوەیە کە لەسەر ئەم کردو کۆشە هەر بەردەوام بن، وە خۆ ڕاگر بن لە سەر بانگەواز کردنی خەڵک بۆ چاکە، وە لە بیرهێنانەوەیان

لـــە وەحدانیـــیەتی خـــواو گوێـــڕایەڵی بـــوونی، وە هانـــدانی براکانتان لە ئەهلی عیلم کە لەسەر ئەمکارە بن.
لای کەس شێراوە نییە لە پلەو پایەی بانگەوازکردن بۆ خوای پاکو بێگەرد، وە زۆر پێویست بوونی مسوڵمانان و غەیرە مسوڵمانان بەم کارە، ئەمەش هەڵبەت لە ڕێگەی کۆڕو دەرس و وەڵامدانەوەی ئەو گرفتانەی لە کارو باری دینەکانیان لای خەڵکی درووست بوو ون، وە یارمەتی دانیان لەسەر چاکەو پارێزکاری کە هەردەم پێویستییان پێی هەبووە.

وە ئێمەش ئامادەین کە یارمەتیتان بدەین و سەبارەت بە پرسیار کردن لە بارەی کارەبەدەستان لەگەڵتانا تێبگەین، بە پشتیوانی خوا بڕۆنە پێشێ، مژدەتان لێبێت بە پاداشتێکی گەورە و یادهاتنەوەیەکی جوان و ئاقیبەتێکی باش، کە خوا هەردەم بەڵێنی ئەوەی بە یەکلابووان و ڕاستگۆیان داوە، لە خوا داواکارم کە خوا ئێمەش و ئێوەش لەوان بگێڕێت. وە خوا دڵ و کردەوەکانمان بسازێنێ، وە بمانگێڕێ بە سەرخەری دینەکەی خۆی و بانگکردنی خەڵکی بۆ ئەو، بە بەڵگەو پاساوی ئاشکراوە، وە خوا حکومەتەکەمان مۆفەق بکات، لەسەرووی هەمووانەوە خزمەتکاری هەردوو حەرەمەکە و تێکڕای لێپرسراوان، بۆ هەر شتێک کە مایەی

ڕەزامەندی خواو سازکردنی کردەوەکانی بەندەن، کە خوا هەر خۆی جوامێرو بەڕێزە.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

سەرۆکی گشتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوادان و بانگەوازو ڕێنوێنی/ عەبدولعەزیز بن باز

ژمارە (١١٤٢)

بەروار: ١٤١١/٩/١٠ی کۆچی.

تەزکیەنامەی سێیەم: تەزکیەی (شیخ عبدالله بن عبدالرحمن بن الجبرين) بۆ(شێخ سلمان العوده).

ئەمەی خوارەوە دەقی تەزکییە نامەکەی شێخە:

بسم الله الرحمن الرحيم

المملكة العربية السعودية

الرئاسة العامة لإدارات البحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد

الرقم : .....

التاريخ : ١٤١٧/٦/٢٩هـ

المرفقات : .....

الموضوع : .....

الحمد لله وحده وصلى الله وسلم على من لا نبي بعده محمد وآله وصحبه

وبعد فقبل سنوات قليلة تعرفت على أخينا في الله فضيلة الشيخ سلمان بن فهد العودة وجالسته مرارا وقرأت بعض كتبه ونشره وحضرت بعض الدروس والمحاضرات التي يلقيها وسمعت الكثير من الأشرطة التي سجلت من كلامه وقد ظهر لي من ذلك سعة علومه وتبحره في علم الشريعة والسنة النبوية وحفظه للأحاديث واستحضاره للأدلة والنصوص وما وهبه الله من الذكاء والفهم والادراك والقدرة على المعالجة واستنباط الفوائد ونحو ذلك مما وهبه الله لهذا العالم وقد وقع لكلامه تأثير في النفوس وأحبه المسلمون في القريب والبعيد وانتفع بأشرطته ومحاضراته من انتفع به خيرا وقد عرفنا من مجالسته وبيته ومشايخه ومؤلفاته تقيده بمذهب أهل السنة والجماعة في باب الأسماء والصفات والقضاء والقدر والأمر والشرع والإيمان والدين ومحبة أهل الخير والصلاح والسابقين الأولين من الصحابة والتابعين لهم بإحسان إلى يوم الدين وذلك من خلال ذبه عن الإسلام وتفنيده لحيل النصارى والشيوعيين والملاحدة والبعثيين والعلمانيين والرافضة والمنافقين وجميع المبتدعة والملاحدة ونحوهم ممن فضح أسرارهم وأبرز عوارهم وخذل أقوالهم وأعلن البراءة منهم والغرابة إذا أشاعوا ذلك وأشياعهم عنه سوءا وألصقوا به التهم وولدوا عليه الأفك وبل المكذوبة وظنوا به الظنون السيئة والغرابة إذا صدقهم وحسن الظن بأقوالهم من لا يعرف الحق لو لم يعرف من فضيلة الشيخ سوى ما أذاقوا به من السباب والشتم والثلب والعيب ولو أحسنوا الظن بإخوانهم العلماء وحسنوا بهم الظن لتوقفوا من تصديق هذه التوهات وعلموا أن الذين أشاعوها إما أن يكونوا من أهل الأهواء والمنكرات الذين يحبون التمتع بالملذات والشهوات المحرمة والذين قد أنكر عليهم الشيخ أحوالهم وبين الكذب من ضلالاتهم وإما أن يكونوا حاسدة من الذين رأوا ما فضيلة من المكانة والشهرة والمحبة التي لم تحصل لهم فأرادوا تنقيصه والحط من قدره وذلك أنهم لم يذكروا عنه كلمة تدل على ابتداع أو اعتقاد شيء أو انحراف عن الصواب فنصح كل مسلم أن يحب العلماء ويعرف قدرهم ويعرف ما اشتهر عنهم من الخير والفضل والقدر هو علامة محبة الله لهم فإن الله تعالى إذا أحب عبدا أحبه أهل السموات ووضع له القبول في الأرض نسأل الله أن يجزيه وسائر العلماء العاملين بالسنة أحسن الجزاء وأن يكلل جهودهم ويعظم أجرهم

والله الموفق وصلى الله على محمد وآله وصحبه وسلم

قال وكتبه عبد الله بن عبد الرحمن الجبرين

عضو الإفتاء

واتە:

بسم الله الرحمن الرحيم

شانشینی عەرەبی سعودی

سەرۆکایەتی گشتی بۆ بەڕێوەبردنی لێکۆڵینەوەکانی زانستی و فەتوا و بانگەوازو ڕێنوێنی.

بەروار: **١٤١٣/١٠/١٩**

الحمد لله وحده وصلى الله على من لا نبي بعده محمد واله وصحبه

پاشان: نزیکەی چەند ساڵێکە برامان بەڕێز (شێخ سلمان بن فهد العودة)م ناسیوەو چەند جارێکیش لەگەڵی دانیشتووم و چەند کتێبێک و بڵاو کراوەیەکی ئەوم خوێندۆتەوە، هەتا لە هێندێ لە وانە و دەرسەکانیشی بەشداریم کردووە، وە گوێم لە زۆربەی کاسێتەکانی گرتووە کە تۆمار کراون، لەمەوە ئەمەم بۆ ڕوون بووەوە کە زانستێکی فرەوانی هەیەو دەریایەکە لە زانستی شەرعی و سوننەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و لەبەربوونی فەرموودەکان و بەکار هێنانی بەڵگەو دەقەکان و ئەو شتانەی کە خوا بەم زانایەی داوە لە تێگەیشتن و دەرکپێکردن و فامکردن لە ماناکان و هەڵێنجانی سوودەکان. وە ئەو شتانەی کە خوا بەم زانایەی داوە وای کردووە کە قسەکانی کار لە سەر دڵەکان بکات و

مسوڵمانان لە دوورو نزیک خۆشییان بوێت و خەڵکێک کە خوا خێری بوێن سوود لە کاسێت و گوتارەکانی وەربگرن. هەڵبەت ئێمە لە ڕێگەی دانیشتنمان لە گەڵی و لە گەڵ شێخەکانی و نووسراوەکانی ناسیووە، کە وا ئەکەن بە مەزەبی ئەهلی سوننەو جەماعە لە بواری ناوو سیفەتەکان و قەزاو قەدەرو کارو باری بەندەکان و شەریعەت و باوەڕو ئایین و خۆشویستنی ئەهلی خێرو چاکە پێشینەکان لە یارانی پێغەمبەرو تابعینە چاکەخوازەکان تاکو هاتنی ڕۆژی دوایی گرێ بدەین، ئەویش لە ڕێگەی بەرگری کردنی لە ئیسلام و بە هەڵەخستنەوەی فڕوفێڵی دیانەکان و شیوعی و بێ باوەڕو بەعسی و عەلمانی و ڕافیزەو دوو ڕووان و تێکڕای بیدعەکاران و هاوشێوەی ئەوان، ئەوانەی کە نهێنی و ئابڕوویانییان ئاشکرا کردووەو قسەکانییان پووچکردوونەتەوەو وایانی لێ کردوون کە خۆیان لێ بەری کەن، کەواتە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەمان و هاوشێوەیان بێن و خراپە لە دژی ئەو بڵاو بکەنەوەو تۆمەتی بۆ هەڵببەستن و قسەو قسەڵۆکی درۆی بدەنە پاڵ وگومانی خراپی پێ بەرن، وە جێگەی سەر سوڕمانیش نییە کەوا ئەوانەی کە لە هەقیقەت نازانن و شێخی بەڕێزییان نەناسیوە بێن قسە لەمان وەربگرن و گومانی باش بە قسەکانییان بەرن، کە بێن و جنێو قسەی ناشرین و گلەو

عەیب لە شێخ بگرن، ئەگەر گومانی باش بە برا زاناکانییان بەرن، ئەوا نەدەهاتن کەوا بێن و بەو بە قسە پووچانەی ئەوان باوەڕ بکەن، وە وابزانن کە ئەوانەی دێن قسەو قال بڵاو ئەکەنەوە، یان ئەوانەن کە شوێن ئارەزوو و خراپەکاری کەوتوون، ئەوانەی پێییان خۆشە کە لەززەت لە خۆشی و ئارەزووە یاساغەکان وەربگرن، ئەوانەی کە شێخ نکوڵی و قسەکانییانی کردووەو درۆو دەلەسەکانییانی لە ڕێگەی گوتارەکانی ڕوونکردۆتەوە، یان ئەوانەن کە ئێرەیی پێ ئەبەن، ئەوانەی کە بەڕێزی ئەبینن کە مەکانەت و ناوبانگی خۆشەویستی پەیا کردووە، کە ئەوان وەک ئەم وە دەستییان نەهێناوە، دەیانەوێ بە کەمی بگرن و لە توانایی بییەخن، هەرچەند ئەوان هیچ قسەیەک سەبارەت بەوە ناکەن کە دەلالەت لەسەر بیدعەو بیرو باوەڕی بەرامبەر بە شتێک لێ پشکوابێتەوە ، یان لە هەقپێکان لایدابێت.. بۆیە ئێمە ئامۆژگاری هەموو مسوڵمانێک ئەکەین، کەوا زانایانییان خۆشبوێن و بە قەدرییان بزانن، وە بزانن ئەوەی کە ئەوانی دیار خستووە لە خێرو چاکەو قەدر گرتنی، ئەوە نیشانەیە لە خۆشویستنییان لە لای خوا، ئەگەر خوا بەندەیەکی خۆشبوێت وای لێ ئەکات کە هەموو ئەهلی ئاسمانەکان خوشیان بوێن و پاشان ئەم خۆشویستنە لەسەر زەوی بچەسپێت. لە خوا داواکارم کە پاداشتی ئەم و تێکڕای

زانایان بداتەوە بە چاکترین پاداشت، ئەوانەی کە کار بە پێی سوننەت بە زانستەکانییان ئەکەن، وە خوا کردوکۆشییان بە ماندوو بوون بۆ خوا وەربگرێت و پاداشتی گەوەریان پێ ببەخشێت. هەر خواش باشتر ئەزانێت.

وصلى الله على محمد وآله وصحبه وسلم

(عبدالله بن عبدالرحمن الجبرين) فەرموویەتی و نووسیویەتی ئیمزا.

تەزکییە نامەی چوارەم: تەزکییەی شێخ (محمد ناصرالدين الأباني) بۆ شێخ (عەدنان ئال عەرعور).

بە ڕێزان: هەڵبەت شێخ عەدنان ئال عەرعور یەکێکە لەوانەی کە بۆ ماوەی سی و سێ ساڵان قوتابی شێخی ئەڵبانی بووەو بۆ ماوەیەکیش قوتابی شێخ (عبدالعزیز بن باز)بووە "بە ڕەحمەتبن"، ئەو مندالّ بووە کە شێخ سەردانی ماڵە باوانی کردووە، شێخ عەدنان لە گوتارێکیدا باسی ئەوە ئەکات، کە جارێکییان شێخی ئەڵبانی هاتۆتە ماڵی باوکی، کە بۆ یەکەمجار بووە بە خزمەت شێخ بگات، ئەڵێ باوکم لە لای شێخ وەسفی کردم کە حەزم بە دینداریەو لە نێو قوتابیان قوتابخانە بەرگری لە ئیسلام ئەکەم، ئەڵێ شێخیش ئەمەی

زۆر پێ خۆشبووەو لەوێ ڕۆژێوە هانیداوم کە ڕێگەی هەق بەرنەدەم.

بەڵام حەف و مەخابن: ئەبینین کە ئەم فەریکە خوێنەوارانە لە پەلاری کوێرییان ئەمیشیان لێی قوتار نەکردووە، بگرە هەر زۆر ڕقیان لێیەتی، شوێن نییە کە بە گومڕاو گومڕاکەری لە قەڵەم نەدەن!!، وەنکوڵی لەوە ئەکەن کە ئەسڵەن قوتابی شێخیش بووبێت و ڕۆژێ لە ڕۆژان شێخ تەزکییەی کردبێت!!

هەڵبەت خۆشەویستان: من ئەوەی کە لام ئاشکرا بووە ئەوەیە کە ئەمان حەز بە کێبڕکێ (مونافەسە)ناکەن کە لە گەڵیاند بکرێت.. ئەوان بەس شێخ ڕەبیع و هەموو ئەوانەی کە لە حیزبی ئەون بە پیاو ئەزانن و بەس، دەنا شێخ عەدنان و شێخ ئەحمەد سەللام و شێخ سەلمان و شێخ ناسڕو .. هتد چون کۆڕو مەجلیسیان گەرمە، بازاڕی ئەمانیش وەک لامپای نەوت لێ بڕوا پرتە پرتییەتی، بۆیە وەک بابای لە ئاو کەوتوو دەست بۆ پووشێش ئەبەن تا نەخنکێن.

ئێمەش لێرەدا بۆ دەمکوتکردن و بێ دەنگکردنییان تەزکییە نامەیەکی شێخی ئەڵبانی سەبارەت بە شێخ عەدنان ئال

عەرعور بلاو ئەکەینەوە، تا دیار کەوێ گوریسی درۆیان چەند کورتە..

ئەمەی خوارەوە تەزکییە نامەکەی شێخە بۆ شێخ عەدنان:



بسم الله الرحمن الرحيم

الله والصلاة والسلام على رسول الله .

أما بعد :

فإن ظهر عندنا من يدعو أحد إخواننا الذين عرفناهم قبل أربع قرن أو يريد بالعقيدة السلفية والمنهج القويم، وطلبة العلم دعوة إلى الله بالحكمة والموعظة الحسنة وكان قد فقم بينه لذلك أنا عرفناه ومازال على ما عرفناه، ولا نعيب عليه في خلقه ودينه .

لذلك ننصح إخواننا بسبب إثارته وحضوره ويسعه الالتفات إلى شانئة المخالفين، وافتراء المفترين بما هو إخلاله وكذب إنما قصدهم صد الناس عن الدعوة الصحيحة والعلم النافع والله من وراء القصد .

٦ ربيع الآخر سنة ١٤١٤

شاهد أول
محمد عبد الرحمن الخطيب

شاهد ثاني
سالم بن محمد خليفة

محمد ناصر الدين الألباني

دەقی تەزکییە نامەکەی بەم شێوەیە:

بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله

پاشان:
بێگومان بەڕێز عەدنان عەرعور، یەکێکە لە براکانمان، لەوانەی کە پێش چارەگە سەدەیەک یا زیاتر، بە بیرو باوەڕی سەلەفی و بەرنامەیەکی ڕاست و قاییم و ویستی لە وەرگرتنی زانستدا ناسیومانە، بانگەواز بە پێی حیکمەت و ئامۆژگاری چاک بۆ خوا ئەکات، هەروەها هەر لەو کاتەی کە ناسیومانە ماڵی ئاوەڵاکردبوو بۆ ئەم کارە، وە بەردەوامیش هەر لەسەر بەڵێنیەتی لەگەڵمانا، هیچ کەمو کوڕییەک لە ئاکاری ناگرین.
بەمشێوەیە: ئامۆژگاری براکانمان ئەکەم، کەوا گوێ لە کاسێتەکانی بگرن و بەشداری لە دەرسەکانی بکەن و ئاوڕێش لە گێرەشێوێنی ناکۆکان و تۆمەتی تۆمەتبازان مەدەنەوە، ئەوانەی کە هەمیشە بانگەشە ئەکەن و درۆ هەڵئەبەستن کە مەبەستییان ئەوەیە کە پەرچ لە ڕێگەی بانگەوازی درووست و زانستی بە سوود درووست ئەکەن.
هەرخوا لە دوای مەبەستەکانەوەیە.

٦ ربيع الآخر ١٤١٤

(محمد ناصر الدين الألباني) ئیمزا

شایەتی یەکەم: (محمد عبدالرحمن الخطيب) ٦/ رەبیعی دووەم ١٤١٤

کۆچی ئیمزا

شایەتی دووەم: (سامي بن محمد خليفة) ٦/ رەبیعی دووەم ١٤١٤

کۆچی ئیمزا

تەزکییە نامەی پێنجەم: تەزکییەی شێخ (عبدالعزيز الراجحي)[٢٣] بۆ شێخ (سلمان بن فهد العودة) و شێخ (سفر الحوالي):

پرسیار لە شێخ (عبدالعزيز الراجحي) سەبارەت بە شێخ (سلمان بن فهد العودة) و شێخ (سفر الحوالي) دەکەن، ئەویش بەمشێوەی خوارەوە تەزکییەیان ئەکات:

سُئل- حفظه الله-:

وهل تعرفون شيئاً عن عقيدة الشيخ: سفر الحوالي، والشيخ: سلمان العودة؟

فأجاب وفقه الله :

نعم نعرف أن عقيدتهم سليمة ، من أهل السنة والجماعة..نعم.

فضيلة الشيخ عبدالعزيز الراجحي

الدرس بتاريخ ١٢ شعبان ١٢٤٢ الأربعاء

واتە: پرسیاری لێکرا (خوا بیپارێزێ):

ئایا شتێک سەبارەت بە ئاقیدەی شێخ (سفر الحوالي)و شێخ (سلمان العودة) ئەزانن؟

خوا مۆفەقی بکات وەڵامی دایەوە:

بەڵێ ئەزانین کە ئەوانە ئاقیدەیان ڕاست و درووستە، وە لە ئەهلی سوننەو جەماعەن.. بەڵێ..

بەڕێز شێخ (عبدالعزيز الراجحي)

وانەیەک لە بەرواری **١٢** شەعبان ساڵی **١٢٤٢** چوار شەممە، دراوە.

کەواتە لێرە دا زۆر چاک بۆمان ڕوون ئەبێتەوە، کە وەک شێخ (العثيمين) فەرمووی: ئەوانە شوێن ئارەزووەکانی خۆیان کەوتوون، کەسانێکی خراپ و ناحەز بە ئیسلام و مسوڵمانان لە پشت ئەو پلانە ژەهراویەن کە نایانەوێ هەق سەر بکەوێ و ئەم زانا بەڕێزانە کە نیعمەتێکی خوایین بۆ ئەو ئوممەتە هاتوون وەدیارکەون، ئەوان ئەیانەوێ ئەم سەرچاوە پاکو بێگەردە شێلوو کەن و خەڵکی لێ مەحڕووم کەن.. دەنا کە سەرنجی ئەو تەزکییە نامانە ئەدەیت، هەست

دەکەیت کە بێ گومان ئەو کەسانە ئەهلی عیلمن و ئی ئەوەن کە خەڵکی قسەیان لێ وەربگرن.

تەزکیـیە نامـەی شەشـەم: تەزکیـیەی شـێخی ئەڵـبانی بـۆ بانگەوازکاران.

گـوتمان لـە هـەر کـوێ زانایـەک کـۆڕو دەوری گـەرم بـێ و خەڵکی متمانەیان پێ بن، ئەوان دێن بە هەموو هێزێکیانەوە گەڕەکییانە بە پفی دەم چرای زانستییان بکوژێننەوە، بەڵام ناتـوانن، چـونکە بـەری خـۆر بـە بـێژینگ ناگیرێـت، ئـەوەتا شێخـێکی بـەرزی وەک شێخی ئەڵبانی "بە ڕەحمەتبێت" لێیان هـاتۆتە سەرپێ وهـەقییان پێ ئەڵێت:

ئەمەش لەو تەزکییە نامەی خوارەوە وە دیار ئەکەوێت:

سُئل الشيخ / الألباني رحمه الله تعالى السؤال الآتي :

السائل : كثُرت ضجة عندنا هنا في السعودية عن ((سلمان العودة و سفر الحوالي و ناصـــر العمـــر)) ، و وصـــلنا كلامك فيهم و أفهم معنا على الخط لكن عليهم ملاحظات من ضمنها :

الأولى : و هي توجههم الوجهة السياسية .

الثانية : قولهم أهل السنة و الجماعة أو اكتفائهم بالنسبة إلى أهل السنة و الجماعة .

و لكن بعض الشباب يرى خلاف ذلك لأن عنده أدلة .

الشيخ " مقاطعاً " : ماذا يرى بعض الشباب ؟

السائل : ماذا يرى سلمان ؟

الشيخ : يا أخي أنت تقول مستدركاً ، أن بعض الإخوان يرى خلاف ذلك . و أنا أسألك ماذا يرى ؟ (مستدركاً)

الـــسائل : يـــرى أن سلمان العودة بالذات – غير سفر و ناصر – سلمان العودة بالذات أنه ليس سلفياً .

الشيخ : هذا كذب و زور و بهتان .

السائل : أقول لك أدلته يا شيخ و إلا ليس لازم ؟

الـــشيخ : لا ما نحتاج أدلة . نحن نعرف أقوالهم ، نعرف آرائهم ، و إنما نحن ننتقد بعض الجزئيات التي لا يسلم منها أي إنسان . عقيدتهم سلفية ، دعوتهم سلفية على الكتاب و السنة و منهج السلف الصالح ، بعض الناس يتهمونهم بالإخوان.

السائل " مقاطعاً " : أنا سمعت الشريط الذي استدلوا به . و بعضه لا يقوله سلفي

الشيخ : يا أخي بارك الله فيك الآن ما فيه مجال للمناقشة .

أنت تسألني و الدين النصيحة .

أقول لكم أمسكوا ألسنتكم عن الطعن في هؤلاء الشباب الناشئين في طاعة الله و في الدعـــوة إلى الكـــتاب و السنة ، هؤلاء يُتهمون بأنهم اخوانيون ، ليت في الإخوان المـــسلمين بعدد هؤلاء الثلاثة يدعون إلى الكتاب و السنة و اتباع السلف الصالح ، ليت في كل الإخوان المسلمين ثلاثة من أمثالهم ، و لكن الأمر كما قال الإمام مالك : (ما منّا من أحدٍ إلاّ ردَّ و رُدَّ عليه ، إلا صاحب هذا القبر –صلى الله عليه و سلم –) . لذلك فلا يجوز تتبع عثرات العلماء ، ما من أحدٍ إلا و له عثرة ، ما من أحدٍ

إلا ولـــه كـــبوة بـــل كـــبوات فإن كنّا نريد أن نطعن في هؤلاء فمن يسلم لنا ؟ هل هناك إنسان معصوم بعد رسول الله – صلى الله عليه و سلم – ؟

السائل : لا.

٥. يحـــرم على كل مسلم أن يقدم أي دعم أو مساندة للعمليات العسكرية من قبل جنود الاحتلال؛ لأن ذلك إعانة على الإثم والعدوان.

أمـــا مـــا يتعلق بمصالح البلد وأهله – من توفير الكهرباء والماء والصحة والخدمات وضـــبط المـــرور واستمرار الأعمال والدراسة وديمومة المصالح العامة ومنع السرقة ونحوها– فلا بد من السعي في توفيرها بحسب الإمكان.

٦. إن من مقررات الشريعة الثابتة المستقرة – التي لا خلاف عليها بين أهل الإسلام – حفظ دماء المسلمين وأموالهم وأعراضهم.

ولم يـــرد في القـــرآن وعيد على ذنب بعد الشرك كما ورد في وعيد من قتل مؤمناً مـــتعمداً قال الله ـسبحانهـ : "وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَـــضِبَ اللّـــهُ عَلَـــيْهِ وَلَعَـــنَهُ وَأَعَـــدَّ لَـــهُ عَـــذَابًا عَظِيمًا" (٩٣) سورة النساء.

وفي صحيح البخاري عن أبي بكرة مرفوعاً أن رَسُولَ اللَّهِ – صلى الله عليه وسلم – قـــال: " إِذَا الْتَقَـــى الْمُـــسْلِمَانِ بِـــسَيْفَيْهِمَا فَالْقَاتِـــلُ وَالْمَقْـــتُولُ فِـــي النَّارِ " .

وفي الـــصحيحين عَـــنْ جَرِيرٍ أَنَّ النَّبِىَّ – صلى الله عليه وسلم – قَالَ لَهُ فِي حَجَّةِ الْـــوَدَاعِ : "اسْتَنْـــصِتِ النَّاسَ " ، فَقَالَ: " لاَ تَرْجِعُوا بَعْدِى كُفَّارًا يَضْرِبُ بَعْضُكُمْ رِقَابَ بَعْضٍ " .

وفي صـــحيح البخاري عَنِ ابْنِ عُمَرَ – رضي الله عنهما – قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ – صـــلى الله عليه وسلم –: " لَنْ يَزَالَ الْمُؤْمِنُ فِي فُسْحَةٍ مِنْ دِينِهِ ، مَا لَمْ يُصِبْ دَمًا حَرَامًا " .

ولسنا نعرف لغة أقوى وأوضح وأصدق في إقامة الحجة وقطع المعذرة عن المتأولين والمتحايلين والمتساهلين وأكثر حفظاً لدماء المسلمين وأعراضهم من هذه اللغة النبوية المحكمـــة، ولهـــذا يجب أن يحفظ هذا الأصل الذي هو حقن دم المسلم وتحريم ماله وعرضه وعدم فتح باب التأويل في ذلك.

٧. مـــن المـــصلحة الظاهرة للإسلام والمسلمين في العراق وفي العالم ألا يستهدف المستضعفون ممن ليسوا طرفاً في النـــزاع وليست دولهم مشاركة في الحملة العسكرية علـــى العراق كمن يقومون بمهمات إنسانية أو إعلامية أو حياتية عادية لا علاقة لها بالمجهـــود الحـــربي، وقد قال ـتعالىـ :" وقاتلوا في سبيل الله الذين يقاتلونكم ولا تعتدوا إن الله لا يحب المعتدين".

وقد ثبت في الصحيح أن النبي ـصلى الله عليه وسلمـ ترك قتل المنافقين وعلله بقوله ـصـــلى الله علـــيه وســـلمـ:" لاَ يَـــتَحَدَّثُ النَّاسُ أَنَّ مُحَمَّدًا يَقْتُلُ أَصْحَابَهُ ".

فـــإذا كان رسول الله ـصلى الله عليه وسلمـ يداري مثل هذا ويدفعه بترك من قد يكـــون مـــستحقاً للقتل في الأصل فكيف بغيره؟! خاصة والإعلام اليوم قد سلط الأضواء كثيراً على مجريات الوضع في العراق، وعلى كل عمل يقوم به أهل الإسلام. فالواجب تحري مردود الأعمال التي تقع ومدى تأثيرها على الشعوب من المسلمين وغيرهم.

٨. إن المحافظـــة على وحدة العراق مطلب حيوي وضروري ، وهناك أصابع خفية تحاول إيقاد نار الفتنة، وتمزيق العراق إلى طوائف، وإثارة المعارك الداخلية بين الشيعة والسنة أو بين الأكراد والعرب.

ومـــثل هذا الاحتراب الداخلي –الذي قد ينجر إليه المتسرعون من كل فئة– ضرر ظاهـــر وخدمة مجانية لليهود الذين يتسللون إلى العراق ولقوى التحالف التي توظف الخـــلاف في ترسيخ سيادتها، وتسليط كل طرف على الطرف الآخر يقتل رموزه، ويفشي أسراره ، والمحصلة النهائية أن كل فئة تقول : الأمريكان خير لنا من هؤلاء، ولهذا يجب أن يتواضع العراقيون جميعاً على أن حقهم أن يعيشوا بسلام – تحت راية الإســـلام – بعضهم إلى جوار بعض، وهذا وضع تاريخي مرت عليه قرون طويلة، وليـــست هذه المدة الحرجة من تاريخ العراق بالفرصة الذهبية التي يطمع كل طرف أن يـــوظفها لصالحه، والأولوية في هذه المرحلة هي لترسيخ وحدة البلد، والمصالحة الداخلـــية وتجنب أسباب الفتنة والاحتراب، وكف بعض الطوائف عن بعض، فهذه مصلحة مشتركة.

٩ . إذا اســـتطاع أهـــل الإسلام عامة والمنتسبون إلى الدعوة خاصة أن يتجهوا إلى الإصـــلاح والبناء والإعمار المادي والمعنوي والأعمال الإنسانية والتربوية والعلمية والمناشط الحيوية، وكانوا قريبين من نبض الناس ومشاعرهم، متصفين بالحلم والصبر وسعة الصدر، وتركوا خلافاتهم جانباً – إذا استطاعوا ذلك – فسيكون لهم في بناء الـــبلد وإعماره وقيادة مؤسساته تأثير كبير، والبلد الآن في مرحلة تشكل وتكون، والأســـبقية مؤثـــرة ، خصوصاً إذا صحبها إتقان لفنون الإدارة والتدريب العملي والعمل الجماعي المؤسسي.

ولـــذا يجـــب الاستفادة من المساجد والمدارس وغيرها في توجيه الناس ومخاطبتهم واســـتثمار وســـائل الإعلام من الإذاعات والقنوات الفضائية والصحف والمجلات وإقامـــة الدروس والمحاضرات والحلقات على هدى وبصيرة وعلم وتأسيس صحيح بعـــيداً عن التحيز والهوى والموقف الشخصي والحزبي، وبعيداً عن إقحام الناس في الانـــتماءات الخاصـــة والمواقف الضيقة والخلافات المذهبية التي تؤدي إلى الشتات والفرقة والاختلاف والتطاحن.

١٠. ونوصـــي إخوانـــنا المسلمين في العالم بالوقوف إلى جنب إخوانهم في العراق بالدعاء الصادق والتعاطف والتراحم والنصرة قدر الإمكان، كما أوصى النبي ـصلى الله علـــيه وســـلمـ خـــصوصاً وهم يشهدون معاناتهم في قبضة المعتدين بالقصف العشوائي والتدمير والقتل الأعمى الذي طال معظم مناطق العراق، ولعل من آخرها مـــا نـــشهده الـــيوم في مدينة الفلوجة الصامدة المنصورة ـبإذن اللهـ وما حولها. ونوصـــيهم بإعانـــة إخوانهم بالرأي السديد والنظر الرشيد المتزن البعيد عن التسرع والاستعجال، وأن يكف عن إطلاق الفتاوى المربكة ذات اليمين أو ذات الشمال مما يتسبب في اضطراب الأمر بينهم.

ونوصـــيهم بمـــؤازرة الـــشعب العراقـــي في محنته الأليمة، وأن تسارع الجمعيات والمؤســـسات الخيريـــة إلى الـــسعي في سد حاجة العراقيين للغذاء والدواء واللباس وضروريات الحياة.

نسأل الله أن يحفظ شعوب الإسلام في العراق وفلسطين وفي كل مكان، وأن يكف بـــأس الذين كفروا والله أشد بأساً وأشد تنكيلاً، والله أعلم، وصلى الله وسلم على عبده ورسوله محمد وآله وصحبه والحمد الله رب العالمين.

وقع على هذا البيان كل من :-

الشيخ الدكتور. أحمد الخضيري (أستاذ الفقه بجامعة الإمام محمد بن سعود).

الشيخ الدكتور. أحمد العبد اللطيف (أستاذ العقيدة بجامعة أم القرى).

الشيخ الدكتور. حامد بن يعقوب الفريح (أستاذ التفسير بكلية المعلمين بالدمام)

الشيخ الدكتور الشريف حاتم العوني (أستاذ الحديث بجامعة أم القرى).

الشيخ الدكتور. خالد القاسم (أستاذ الدراسات الإسلامية بجامعة الملك سعود).

الشيخ الدكتور. سعود الفنيسان (أستاذ التفسير وعلوم القرآن في جامعة الإمام – سابقا-).

الشيخ الدكتور. سعيد بن ناصر الغامدي (أستاذ العقيدة في كلية الشريعة – أبها).

الشيخ الدكتور. سفر بن عبدالرحمن الحوالي (أستاذ العقيدة في جامعة أم القرى سابقاً).

الشيخ الدكتور. سلمان بن فهد العودة (المشرف على مؤسسة الإسلام اليوم).

الشيخ المحامي. سليمان الرشودي (محام).

الشيخ الدكتور. صالح بن محمد السلطان (أستاذ الفقه في جامعة القصيم).

الشيخ الدكتور. عبدالرحمن بن أحمد علوش مدخلي (أستاذ الحديث في كلية المعلمين).

الشيخ الدكتور. عبد العزيز الغامدي (أ ستاذ الفقه بجامعة الملك خالد بأبها).

الشيخ الدكتور. عبدالله بن إبراهيم الطريقي (أستاذ الثقافة الإسلامية بجامعة الإمام).

الشيخ الدكتور. عبدالله بن عبدالعزيز الزايدي (أستاذ الثقافة الإسلامية بجامعة الإمام).

الشيخ الدكتور. عبدالله بن وكيل الشيخ (أستاذ الحديث في جامعة الإمام).

الـــشيخ الدكـــتور. عبدالوهاب بن ناصر الطريري (نائب مشرف مؤسسة الإسلام اليوم).

الشيخ الدكتور. علي بن حسن عسيري (أستاذ العقيدة في كلية الشريعة – أبها).

الـــشيخ الدكـــتور. علـــي بادحدح (أستاذ الحديث وعلوم القرآن – جامعة الملك عبدالعزيز).

الـــشيخ الدكـــتور. عوض بن محمد القرني (أستاذ أصول الفقه في جامعة الإمام – سابقا–).

الشيخ الدكتور. قاسم بن أحمد القتردي (أستاذ التفسير في كلية الشريعة – أبها)

الـــشيخ الدكـــتور.محمـــد بن حسن الشريف (أستاذ القرآن وعلومه بجامعة الملك عبدالعزيز).

الشيخ الدكتور. محمد بن سعيد القحطاني (أستاذ العقيدة بجامعة أم القرى سابقاً).

الشيخ الدكتور. مسفر القحطاني (أستاذ الفقه بجامعة الملك فهد للبترول والمعادن).

الـــشيخ الدكتور. مهدي محمد رشاد الحكمي (أستاذ الحديث في كلية المعلمين – جازان).

الشيخ الدكتور. ناصر العمر (المشرف على موقع المسلم).

هەڵبەت بەیاننامەکە کەمێک درێژە، بۆیە ئەوەی کە پێویستە سەبارەت بە ڕوانگەی ئەم کۆمەڵە زانایە بەوەی کە لە ئێراق لە ئارادایە، هێندێکییان لێ ئەکەین بە کوردی، باقی تر ئەوەی ویستی ئەتوانێت لە دەقە عەرەبییەکە بیخوێنێتەوە: بەیاننامەکە بەم شێوە دەست پێ ئەکات:

گوتارێکی کراوە بۆ گەلی ئێراقی موجاهید

الحمد لله رب العالمين وصلى الله وسلم على نبيه الأمين، وبعد:

سەبارەت بەو بارو دۆخەی کە ئێستا کەس و کارمان لە ئێراق پێیدا ڕەت ئەبن، ئەم گوتارە پێویستی بە نووسینێکی هەڵاوێژتن (استثناء) ئەکرد، کە تێیدا سەرخستن و یەکانگیری و گۆڕینەوەی ڕاو بۆچوون و ڕاوێژ و ئامۆژگاری بە واجب بگرێت کە هەقێکی مسوڵمانە بەسەر براکەیەوە.

هەروەها لە بەیاننامەکە هاتووە و ئاماژە بەوە ئەدات:
کە ئەگەری شەڕی ناوەخۆ لە ئێراق لە ئارادایە لەگەڵ درووستبوونی حکومەتێکی سەر بە ئیحتیلال.
بۆیە دێن چەند ڕوانگەیەکی خۆیان سەبارەت بەو کێشەیە ئەخەنە ڕوو:
لە ڕوانگەی یەکەم: ئاماژە بەوە ئەدات کە گەلی ئێراق بۆ خوا یەکلا ببنەوەو واز لە حەزی دونیا و بەرژەوەندی تاکە کەسی و حیزبی و تاقم و کۆمەڵ بهێنن، وەک لە ئایەتەکەشدا هاتووە کە دەفەرموێت: (ئێمە ڕۆژی دوایی ئەگێڕین بۆ ئەو کەسانەی کە لە گەورەیی و فەساد لە سەر زەوی ناخوازن و ئاقیبەتیش بۆ پارێزکارانە.
هەروەها ئامۆژگاریان ئەکات کە هاوکاری و ئینساف و دادگەری لە نێوان خۆیاندا مسۆگەر بکەن.. هەروەها ئاماژە

ئەدات کە گەورەترین هۆکاری فیتنە ئەوەیە کە کەس بە ڕای خۆی موعجەب نەبێت و کەس پێی وا نەبێت کە هەر خۆی ڕاست و لەسەر هەق و هەقپێکاوە، لەمسەریشەوە گومانی خراپ بەیەک بەرن، چونکە ئەمانە ڕێ بۆ ئەو شەڕە خۆش ئەکەن کە زۆرێک لە ناحەزان چاوەڕێی ئەکەن.

ئینجا لە خاڵی دووەم: باس لە مەرجی سەرکەوتن ئەکات کە بریتییە لە دەرککردن بەو بارو دۆخ و ئەو واقیعەی کە ئینسان پێیدا ڕەت ئەبێت، هەر ئاواتێک ئەگەر بە ڕوانگەیەکی واقعی و نەخوێندنەوەی نەخشەکان بە هەموو ئەو دەست تێوەردانەی کە ئەکرێت و بخوازرێت، ئەوە سەر ئەکێشێت بۆ دۆڕان، بۆیە خوا دەفەرموێت: (ئامادەی بکەن لەوەندە هێزەی کە لە بارتاندایە) گەورەترین هێز، هێزی ئەقڵ و تێڕوانین و ڕوانگەی ستراتیژیەتە.

هەروەها لە خاڵی سێیەم کە زۆرێک لە مورجیئەکانی سەردەمی ناڕەحەتکردووە، ئەوەیە کە ئەڵێت:
گومان لەوەدا نییە کە جیهادی داگیرکەر واجبە لەسەر ئەوکەسانەی کە ئەتوانن ڕایپەڕێنن، کە بریتییە لە جیهادی پاڵنان (جهاد الدفع) کە لە بەشی پاڵپێوەنانی بابای هێرشبەر (دفع الصائل)ە، کە ئەمە جیهادێکە کە مەرجی جیهادی تەڵەبی تێیدا بە دەرە، وە تێیدا پێویست بە بوونی قیادە ناکات،

بەڵکو جیهادێکە بە پێی توانا ئەنجام ئەدرێت، چونکە فەرموویەتی: لە خوا بترسن ئەوەندەی لە تواناتاندا هەیە.
وە گومان لەوەدا نییە کە ئەم داگیرکەرانە موحاریب و شەڕکەرو دەستدرێژکەرن، بۆیە تێکڕای شەریعەت لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەبێت شەڕیان لەگەڵدا بکرێت، تاوەکو زەلیل و سەرشۆڕ "بە ئیزنی خوا" ئەکرێنە دەرەوە، هەروەک یاساکانی سەر زەمینیش دانییان بە هەقی گەلان ناوە کە ڕوو بەڕووی داگیرکاران ببنەوە.
ئەسڵیش ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێت: (مۆڵەتدراوە بەو "ئیماندارانەی" شەڕیان پێفرۆشراوە کە بجەنگن و بەرهەڵستی بکەن چونکە ستەملێکراون، بێگومان خوا دەسەڵاتی هەیە کە سەریان بخات و سەرکەوتنیان پێ ببەخشێت. وە خودا سوننەتی پاڵپێوەنانی بۆ پاراستنی ژیان و بەرپاکردنی دادگەری و چەسپاندنی شەریعەت گێڕاوە، کە دەفەرموێت: (خۆ ئەگەر خوا خەڵکی نەدا بەیەکداو هەق دژی بەتاڵ نەوێستێت، هەرچی شوێنی خوا پەرستی جوولەکەو گاور هەیە لە کوخ و کڵێساو کەنیسە، وە مزگەوتان کە ناوی خوای زۆری تیا ئەبرێت، هەمو کاوڵ دەکرێت، بێگومان خوا ئەو کەسە سەردەخات کە پشتگیری ئایین و بەرنامەکەی دەکات و هەوڵی سەرخستنی دەدات، بە ڕاستی خوا زۆر بە هێزو باڵا دەستە) کەوابوو: بەرهەڵستی

کردن هەقێکی شەرعییە، بگرە واجبێکی شەرعییە، بۆیە هەموو گەلی ئێراق لەسەریانە کەوا بەرگری لە خۆیان و عەرزو ئەرزو نەوت و ئێستاو داهاتوویان لە دژی هاوپەیمانانی ئیستعمار بکەن، هەروەک کاتی خۆی بەرهەڵستی ئیستیعماری بەریتانیایان کرد.

هەروەها لە خاڵی چوارەمی بەیاننامەکە هاتووە:
درووست نییە بۆ مسوڵمان کەوا ئازاری هیچ کەس لە پیاوانی بەرهەڵستکار (رجال المقاومة) بدات، یان شوێنییان ئاشکرا بکەن، بگرە لە سەریانە کەوا سەریان بخەن و پارێزگاریان لێ بکەن.
خاڵی پێنجەم ئەڵێت: حەرامە لەسەر مسوڵمان کە یارمەتدەرو پاڵپشتبێت بۆ کردەی سەربازانی داگیر کەر، چونکە ئەوە یارمەتی دانە لەسەر تاوان و دەرستدرێژییە.

لە خاڵی شەشەم ئاماژە ئەدات بەوە کە بڕیارەکانی شەریعەت جێگیرن و هیچ ناکۆکییەک لە نێوان ئەهلی ئیسلامدا نییە کە پێویستە خوێنی مسوڵمانان و ماڵ و ئابڕوویان پارێزراو بێت. چونکە لە قورئاندا هیچ بەڵێنی تۆڵە لە دوای هاوتا دانان لای خوا نەهاتووە هەروەک لە ڕووی کوشتنی بڕوادار هاتووە، وەک خوا فەرموویەتی: (هەر کەسێک بڕوادارێک بە ئەنقەست بکوژێت، ئەوا پاداشتی

دۆزەخەو بە نەمری تیا ئەمێنێتەوەو غەزەب و نەفرەتی خوای لەسەرە، وە خوا سزایەکی گەورەی بۆ ساز داون. وە لە فەرموودەی بوخاریشدا هاتووە، کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ئەگەر دوو مسوڵمان گەیشتنە یەک و شەڕیان لەگەڵیەکدا کرد، ئەوا ئەوەی کە ئەکوژێ و ئەوەی ئەکوژرێت ئەچێتە دۆزەخ. هەروەها لە حەجی ماڵئاوایی فەرمووی: : لە دوای من پاشگەز مەبنەوە بۆ بێ باوەڕی بچن کە هێندێکتان لە ئەستۆی هێندێکتان گیر بکەن، هەروەها لەفەرموودەیەکی تری بوخاری هاتووە کە دەفەرموێت: بەردەوام بڕوادار لە دڵفرەوانی دایە، مادام خوێنێکی بە حەڕام نەڕشتبێت.

وە لە خاڵەکانی تر: ئاماژە ئەدات بەوە کە پیاوانی بەهەڵستیکار خۆ دوور بگرن لەو کەسانەی کە بەشێک نین لە ناکۆکییەکان.

هەروەها ئامۆژگاریان ئەکات، کە یەکپارچەیی ئێڕاق بپارێزن، چون دەست هەیە کە ئاگری فیتنە لە نێوان تایفەکان خۆش بکەن، تا شەڕی ناوەخۆ سەر هەڵبدات، پاشان ڕوو لە بانگەوازکاران ئەکات کە لە ڕووی ماددی و مەعنەوی و پەروەردە، لە هەولی چاکسازی و بونیاتنان بن، وە هەوڵبدەن ئارامی و دڵفرەوانی لە نێوان خەڵکەکەدا بڕوێنن.. بۆ ئەمەش سوود لە مزگەوت قوتابخانەکان و

ڕێگەکانی ڕاگەیاندن و کەناڵە ئاسمانییەکان و ڕۆژنامەو گۆڤارو سازکردنی دەرس و گوتارو کۆڕو سیمینار... هتد ببینن.

لە خاڵی دەیەم: ئامۆژگاری برا مسوڵمانەکانی جیهان ئەکات و پێیان ڕا ئەگەینێت کە هەروەک پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئامۆژگاری کردووین، کە پاڵ بە براکانیان بدەن لە ئێراق و بە نزای ڕاست و سۆزداری و سەرخستن بە پێی توانا هاوکاریان بکەن، بە تایبەت یارمەتی ئەوانە بدەن کە کەوتوونەتە بەر شاڵاوی بەر بڵاو لە وێرانکردن و کوشت و بڕکردنیان کە زۆربەی ناوچەکانی ئێراقی گرتۆتەوە، بەتایبەت کە ئەمڕۆ ئەبینین چۆن شاری فەللوجەی جوامێری و دەروو بەری ڕو بەڕووی بۆتەوە.

وە ئامۆژگاریان ئەکات کەوا یارمەتی براکانییان بدەن زۆر بەپەلە. وە دەست هەڵگرن لە فەتوای ئاڵۆزو تێکەڵکراو کە هۆکارن بۆ چاندنی تۆوی پشێوی نێوان (مسوڵمانان). کە ئاماژەیە (بەو فەتوایانەی کە جیهادی ئێراقیان پێ فیتنەیە" الله اعلم")

وە لە کۆتاییدا ئامۆژگارییان ئەکات بەوە کە پاڵپشتی گەلی ئێراق بکەن و لە نارەحەتی ڕزگاریان بکەن، هەروەها کۆمەڵ و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان تێبکۆشن بۆ

پڕکردنەوەی کەمو کوڕی و ئاتاجی ئێڕاقییەکان لە ڕووی خۆراکو داوو دەرمان وجل و پۆشاکو پێویستییەکانی ژیان. پاشان لە خوا دەپاڕێنەوە: کە گەلی مسوڵمان لە ئێڕاق و فەڵەستین و هەموو جیهان بپارێزێت و هێزو دەسەڵات لە کافران بسەنێتەوە، چونکە خوا هێزو دەسەڵاتی زۆرترەو بە توندی و سەختی تۆڵەیان لێ ئەسەنێت.

پاشان (٢٦) کەس لە زانایان بەیاننامەکەیان مۆر کردووە هەروەک لەسەرەوە ناویان هاتووە.

ئەمە هەڵوێستی جوامێرانەی زانا بەناو بانگەکانی جیهانی ئیسلامییە، کەچی لەمسەریشەوە لە جیاتی دەستخۆشی و خۆشحاڵبوون، (شیخ عبدالمحسن عبیکان) کە قەت ئامادە نەبووە قسە لەسەر بنەماڵەی ئال سعود بکات، وەک لەو چاوپێکەوتنەی ڕۆژی چوارشەممە کە لە بەرنامەی (إضاءات)ی کەناڵی (العربية) لە ٢٠٠٤/١٢/٨ لەگەڵیدا سازکرا، ئەڵێت: (أمير منطقة الرياض، كنت دائماً أزوره في مكتبه، لو كنت أنا ضد الدولة ما كنت أزوره وأناصحه ويحصل بيني وبينه مناقشات مستمرة دائماً، الذي يكون ضد الدولة مثل البعض الذين لا يرون الدولة ويريدون مثلاً الخلافة الإسلامية ويريدون الخروج على الحكّام هؤلاء لا يعترفون بولاة الأمر، ولا يمكن أن يزوروا ولاة الأمر ويرفضون زيارة ولاة الأمر) واتە: ئەمیری ناوچەی ریاز، من بەردەوام لە

نووسینگەکەی سەردانی ئەکەم، من ئەگەر دوژمنی دەوڵەت بوومایە ئەوا هەرگیز سەرم لێی نە ئەدا، من ئامۆژگاری ئەکەم و لە نێوان من و ئەو گفتو گۆی زۆرمان کردووە، بەڵام ئەو کەسەی کە دژی دەوڵەتە، وەک ئەوانەی دەوڵەتیان ناوێت و بۆ نممونە خیلافەتی ئیسلامییان ئەوێت و دەیانەوێ لە دژی حوککام ڕابپەڕن، ئەوانە دان بە کاربەدەستان ناهێنن، ناگونجێت کە سەر لە کاربەدەستان بدەن، بۆیە ڕەتی ئەکەنەوە کە دیدەنییان بکەن؟!!

ئەمە هەڵوێستیەتی سەبارەت بە کار بەدەست، کەچی هاتووە ئەم فەتوای بیست و شەش زانایە بە ئاگر خۆشکەری بارو دۆخەکە ئەنرخێنێت و ئەڵێت: (ليس هناك راية ولا أرضية للجهاد..) هیچ ئالاو ئەڕزیەتێک نییە لەوێ تا جیهادی تیا بکرێت!! بێ ئاگا لەوە کە ئەگەرجیهادی دەفع بوو، چاوەڕێ ناکرێت تا ئالاو ئەڕز هەبێت، (**هەڵبەت شێخ لەوەدا ڕاست ئەکات کە ئەڕزیەت نییە تا جیهادی تیا بکرێت، چونکە بستێک زەوی ئازاد نەماوە لە خاکی ئێراق کە داگیر نەکرابێت، لەوەیا لە گەڵیم**) ؟!!

هەڵبەت ئەم هەڵوێستە جوامێرییەی کە ئەم زانا بەڕێزانە هەیانبوو، جگە لەوە کە زۆرێکییان لە لایەن شێخ (محمد ناصر الدين الألباني) و شێخ (محمد صالح العثيمن) و (عبدالعزيز بن باز) بە

ڕەحمەتبن، تەزکیەیان کراوە، وەک لە پێشەوە تەزکیە نامەکانیانم بلاو کردەوە.. لەوانە یەکێکی وەک شێخی ئەڵبانیش "بەڕەحمەتبێت" کە ئەگەر ئێستا بمایە هەمان هەڵوێستی ئەم پۆڵە موجاهیدەی ئەبوو. بەڵگەی قسانیشم ئەم گوتارەی خوارەوەیە کەشێخی ئەڵبانی کاتێ کە پرسیاری جیهادی ئەفغانی لێ ئەکەن، بەم چەشنە وەڵام ئەداتەوەو ئەڵێت:

ومن الغفلة إلى حد بعيد أن الناس يؤخذون بالعواطف، فتثور ثورة في بلد ما، فتثور عواطف ونريد أن نجاهد، فإذا ما مضى بضع سنين أصبحت الثورة هذه خامدة في نفوس الناس، وأصبح الجهادُ نسياً منسياً ، فإذا ما أثيرت مشكلة أخرى في بعض البلاد الإسلامية، أيضاً ثارت عواطف المسلمين وسألوا عن حكم الجهاد، فنقول :الجهاد قبل حادثة أفغانستان ، وقبل حادثة سوريا ، وقبل حادثة فلسطين، كل هذه الحوادث وهذه الحروب الظالمة التي وقعت في بعض البلاد الإسلامية من أهل الكفر والضلال الجهادُ فيها فرضُ عينٍ على المسلمين، لا يجوز لهم أن يتأخروا عن هذا الجهاد إطلاقاً لأن العلماء قسّموا الجهاد إلى قسمين :جهاد حكمه فرض العين .وجهاد حكمُه : فرض كفائي .أما الجهادُ الأول الذي هو فرضُ عين: فهو إذا ما غُزيت بلدة واحدة من بلاد الإسلام، فعلى المسلمين أن يخرجوا أو على الأقل أن يخرج جماعة منهم يتحقق بهم الواجب ألا وهو صد هذا الكافر الذي غزا البلد المسلم، فإن لم يشف ذلك، فيتتابع المسلمون حتى لو فرضنا أنه يجب عليهم جميعاً أن يخرجوا فهو واجب وجوب عينيا، إذا تأخروا أثموا جميعاً.

واتە: شتێک لە بێ ئاگاییەکی دوور ئەوەیە، کە خەڵکی کار بە سۆزو عاتیفە ئەکەن، کاتێ کە شۆڕشێک لە وڵاتێک هەڵئەگیرسێت، ئەوا سۆزەکان هەڵئەسن دێن و ئەڵێن: ئەمانەوێ جیهاد بکەین، ئەگەریش چەند ساڵێکی پێ بچێت، ئەبینین ئەو شۆڕشە لە ناخی خەڵکەکە دا ئەمرکێتەوە و جیهادەکە ئەبێتە شتێکی لە بیر کراو، بەڵام ئەگەر گرفتێکی تر لە هێندێ لە وڵاتی ئیسلامی سەر هەڵبداتەوە، هەمدیس سۆزی خەڵک هەڵئەسێتەوەو پرسیاری حوکمی جیهاد ئەکەنەوە، ئەڵێین: پێش ڕووداوی ئەفغانستان و پێش ڕووداوی سوریا و پێش ڕووداوی فەلەستینیش، **هەموو ئەو ڕووداوە زۆرو شەڕو ستەمانە کە لە وڵاتە ئیسلامییەکان لە لایەن کوفرو گومڕاییەوە سەریهەڵداوە، ئەوا جیهاد تێیدا فەرزی عەینە لەسەر هەموو مسوڵمانێک کە پێی هەڵسێت. بۆیە نابێت بە هیچ چەشنێک کە دوا بخرێت**، چون زانایان جیهادیان کردۆتە دوو بەش: جێهادێک کە حوکمەکەی فەرزی عەینییە و جیهادێکیش کە حوکمەکەی فەرزی کیفایەیە.

سەبارەت بە جیهادی یەکەم: ئەوا ئەبێتە فەرزی عەینی ئەگەر وڵاتێک لە وڵاتە ئیسلامییەکان داگیر بکرێت، ئەوا مسوڵمانان لەسەریانە کەوا دەربچن، لانی کەم کۆمەڵێک لەوان ئەبێ دەربچن و ئەو واجبە ڕاپەڕێنن، کە بریتییە لە

بەرەنگاربـوونەوەو وەڵامدانـەوەی کافـر کـە هاتووە وولاتی ئیـسلامی داگـیر کـردووە، ئەگەر بەمەندە تەواو نەبوو، ئەوا هەمـوو مـسوڵمانان ئەبێت کە پەیوەندییان پێوە بکەن، هـەتا ئەگـەریش لەسـەر هەمـووان پێویـست بـوو کـە دەربـچن و ڕاپەڕن، **ئەوا ئەو جیهادە هەر فەڕزی عەینییە، ئەگەریش دوای بخەن ئەوا تێکڕا گوناهبارن.**

ئەم لینکەی خوارەوەش هەمان قسەکانی شێخ ئەڵبانییە، ئەتوانن گوێی لێ بگرنەوە:

(http://www.regayrasty.org/madxalizm/afgan.rm)

لێرەوە بۆمان ڕوون ئەبێتەوە، کە داخوا ئەم جیهادەی لە ئێراق بە فەزڵی خوا سەری هەڵداوە فیتنەیە یاخود ئەو پۆڵە مۆنەن کە خۆیان نەک هەر فیتنەن، بگرە گێژاوی نێو ئەو ڕابوونەیشن کە وێڕای خۆیان خەڵکانی تریشیان بە قسە خوارو خێچەکانی خۆیان گێژ کردووەو لەیەککردووە، بابەیەکی فیتنەچی کە ئەسڵەن نازنێت (فیتنە) چییە لە خەڵکی مسوڵمانییان بەرداوەو ڕیزی مسوڵمانانییان پەرت کردووەو کردوویانن بە دوژمی یەکترو بابە کوشتەی یەکتر.. خوا بمانپارێزێت.

خۆشەویستان.. خوێنەرانی هێژاو سەنگین:

لـە کۆتایـی قـسان، حـەز ئەکـەم یـەک دیـاری پێـشکەش بـەو بەڕێـزانە! بکـەم و لـە زمـانی شـێخ (عبدالعزیـز بـاز) بـە ڕەحمەتبـێت، خـۆیان بناسـن و بـزانن ئـەوەی کـە ئەیکـەن لە کێوە سەر دەرئەکاو بەرەو کام شوێن ڕێ ئەکا..

ئەمەش بەیاننامەیەکە کە لە لایەن شێخ (عبدالعزیز بن عبدالله بن باز) بە ڕەحمەتبێت دەرچووە و ڕوویان تێئەکاو دەفەرموێت:

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد الأمين وعلى آله وصحبه ومن اتبع سنته إلى يوم الدين أما بعد:

خـوای بـەرزو بڵـند فـەرمانی کـردووە بـە دادگـەری و چـاکەکاری، وە بەرهەڵـستی کـردووە لـە زوڵـم و سـتەم و دەستدرێژی، وە خودا پێغەمبەرەکەی موحەممەد (صلى الله عليه وسـلم) بـۆ ئـەو شـتە نـاردووە کـە تـێکڕای پـێغەمبەرانی بـۆ هـەناردوون لـە بانگـەواز کـردن بـۆ یەکتایـی خـوا و یەکلابـوونەوەی بەنـدەکان بۆ خوای تاکو تەنها، وە فەرمانی کـردووە بـە جـێگیرکردنی دادگـەری و ڕێـگری کـردووە لـەو کارانـەی کە دژ بە دادگەرین، لە پەرستنی غەیری خوا و دابڕ دابڕ بوون ولێکترازان و دەستدرێژی کردنە هەقی بەندەکان، هەڵـبەت لـەو سـەردەمەی ئێـستاماندا زۆرێـک لەوانـەی کـە لەسەر عیلم و بانگەوازکردن بۆ خێر حسێبن، ئەکەونە دوای

عـەیبی زۆرێـک لـە بـرا بانگـەوازکارە ناوداره‌کـان و قـسە لەسـەر ئابـڕووی تالیبولعـیلم و بانگەوازکاران و گوتاربێژان دەکـەن، کە زۆر جاران لە مەجلیسەکانییان بە نهێنی باسیان دەکەن، کە ڕەنگە هێندێ جاران قسەکانیان تۆمار بکەن و لە نـێو خەڵکیشدا بڵاوی بکەنەوە، یان هەر بە ئاشکرا لە ڕێگەی لـێدوانە گشتییەکان لە مزگەوتەکان ئەوە ئەکەن، کە هەڵبەت ئەمـەش ڕێـگەو ڕێـچکەی ئەوانـەن کـە موخالـیفن بـەوەی کە خـواو پـێغەمبەرەکەی لـە زۆر لاوە فـەرمانی پـێکردوون، لەوانە:

یەکـەم: ئـەو کارەیـان دەستدرێـژی کـردنە سـەر خـەڵکانی مـسوڵمانە، بگـرە بـۆ سـەر قوتابیـیانی عـیلم و ئـەو بانگەوازکارانـەن کـە کـردو کۆشـیان کـردووە بۆ ڕێکخستنی وانەو لێدوانەکان و دانانی کتێبی بە سوود.

دووەم: ئـەم کارەیـان مایـەی لـێکدابڕان و لـێکترازانی ڕێـزی مـسوڵمانانە، ئەوانـە خـۆیان زۆر هـەژارن لـە یەکڕیـزی و تەبایی نـێو خۆشـیان، ئـەویش بە بەبوونی زۆر قیل و قال و قـسەو قـسەڵۆکی نـێوان خۆیان کە باوە، چونکە ئەوانەی کە ئـەمان قسەیان لەسەر ئەکەن، ئەهلی سوننەو جەماعانەن کە ناسـراون بە دژایەتی کردنی بیدعەو خورافیات، ئەوانەن کە لـە دژی ئەوانـە ئەوەسـتن کـە بانگـەواز بـۆ ئەو خورافیات و

بیدعەیە ئەکەن و پیلانەکانیان ئاشکرا ئەکەن، ئەوەی کە ئەمان ئەیکەن، نابینین کە هیچ بەرژەوەندیەکی پێ مسۆگەر بێت، تەنها خزمەتە بە دوژمنە بێ باوەڕو دەغەڵەکان، یان ئەوانەی کە ئەهلی بیدعەو سەرلێشێواوین و هەردەم لە بڕوادارن لە سەنگەردان.

سێیەم: ئەم کارەیان بریتییە لە پشتگرتن و یارمەتیدانی غەرەزبازان لە عەلمانیەکان و ڕۆژئاوایەکان، لەو بێباوەڕانەی کە ناسراون بەوە کە لە دژی بانگەوزاکاران تێئەکۆشن و کار ئەکەن و بە درۆیان ئەخەنەوەو خەڵکی لە دژیان هەڵئەنێن لە ڕێگەی نووسراوەکانیانەوە کە ئەینووسن، ئەمە هەقی برایەتی ئیسلامی نییە کەوا ئەو دوژمنە دونیا ویستانە بە سەر براکانیان لە قوتابییانی عیلم و بانگەوزاکاران و باقی خەڵکەکەدا زاڵ بکەن.

چوارەم: بێگومان ئەم کارە هۆکارە بۆ لەکەڵک خستنی دڵەکان بە گشتی و بە تایبەتی، وە ڕەواج پێدانە بە درۆو دەلەسەو غیبەت و دووزمانی، وە هۆکارە بۆ کردنەوەی دەرگای شەڕو ئاژاوە بۆ لاوازکردنی دڵەکان و هاندانە بۆ ئیسارە کردنی فیتنەو ئازاردانی بڕوادارن، بە بێ ئەوەی کە موستەهەقی ئەمەش بن.

پـێنجەم: زۆربـەی زۆری ئـەو قـسانەی کـە ئەکرێـت، هـیچ ئەڕزشـێکیان نییە لە واقعدا، بگرە تەنها ئەندێشەو گومانێکە کـە شـەیتان بـۆ شوێـنکەوتووانی ڕازاندۆتـەوەو تەفـرەی پێداون، خـوای گـەورە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيراً مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلا تَجَسَّسُوا وَلا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضاً) (الحجرات:١٢) واتـە: ئـەی ئەوانـەی کە بڕوادارن، خۆ دوور گرن لە زۆربەی گـومانەکان، چـون هێندێ لە گومانەکان تاوانن، نە سیخوڕی و نـە لە پاشملە هێندێکتان لە سەر هێندێکتان مەدوێن. بابای بـڕوادار ئـەبێ قـسەی بـراکەی بـە جوانتـرین لاوە ببینـێت، هەروەک یەکێک لە سەلەف ئەڵێت: (لا تظن بكلمة خرجت من أخيك سـوءا وأنـت تجد لها في الخير محملا) واتە: هەرگیز گومانی خراپ بە قسەیەک مەبـە کـە لـە دەمی برای ئیماندارت دەر ئەچێت، لە کاتێکدا کە ئەتوانیت باشترین مانا بۆ قسەکەی بتاشیت.

شەشەم: هەر کارێک کە هێندێ لە قوتابییانی عیلم کە ئەهلی ئیجتیهاد بوون و ئیجتیهادێکیان کرد، ئەگەر جێگەی ناکۆکی بوو لای هێندێ کەس، چاکترین شت لە پێناو گەیشتن بە هەق ئەوەیـە کـە بـە جوانترین شێوە و بە نزیکترین ڕێگا دەگەڵی گفـتو گـۆ بکـەیت، بـۆ ئـەوەی خـوخدەی شـەیتان لـە نـێوان بـڕواداران بڕەوێنرێـتەوە، ئەگـەر ئەمەشـی بـۆ ڕاسـتە ڕێ نەبـوو، ئـەوە کەسێک کە بینی و پێویست بوو کە ئەم هەقەی

پێ بگەیەنیت، ئەوا ئەبێت بە جوانترین ئاخاوتن و بە نەرمترین شێواز، دوور لە هەموو هێرشێک و بریندار کردنێک و تۆمەتبارکردنی نیازەکان، بە بێ زیادو نوقسان ئەم هەقە ڕا بگەیەنیت، هەروەک پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) سەبارەت بەمجۆرە کارانە دەفەرموێت: (ما بال أقوام قالوا كذا وكذا) ئەوە چییانە خەڵکێک وا ئەڵێن و وا ئەڵێن؟!!

ئامۆژگاریم بۆ ئەو برایانەی کە دوای ئابڕووی بانگەوازکاران ئەکەون، ئەوەیە کە تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە لای خوا، لەوشتانەی کە لە (دژی بانگەوازکاران) نووسیویانە، لەوا شتانەی کە گوتوویانە، کە تێکڕا هۆکار بوون بە فەساد کردنی دڵ و درووستکردنی ڕقو کینە لە نێوان هێندێ لە لاوەکان و سەرقاڵکردنییان و دورخستنەوەیان لە وەرگرتنی زانستی بە سوود و بانگەوازرکردن بۆ خوا بە گوتنی قیل و قال و قسە کردن لەسەر ئەم و ئەوو گەڕان وە دوای هەڵەی ئەوانی ترو سەنگەر لێگرتنیان.

هەروەک ئامۆژگارییان دەکەم کە خۆیان بەری بکەن لەو شتانەی کە نووسیویانە لەو کارانەی کە بەرگوێی خەڵکییان خستووە، وە ڕازی بن بەو کردەوە بەرهەمدارانەی کە لە خوات نزیک ئەکەنەوە، کە سوودیان بۆ بەندەکان ئەبێت، وە

ئاگاداربن لەوە کە بە بێ بەڵگەو ڕوونکردنەوەیەک پەلە بکەن لە تەکفیر و تەفسیق و تەبدیعی ئەم و ئەو، ، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (من قال لأخيه يا كافر فقد باء بها أحدهما) "متفق على صحته" واتە: کەسێک بە براکەی خۆی بڵێت: ئەی کافر، ئەوا ئەم کوفرە یەکێکیان ئەگرێتەوە، "واتە: ئەگەر ئەو کەسەی کە تەکفیر کراوەو کافر نەبووبێت، ئەوا ئەو کەسەی کە ئەمی بە کافر داناوە، خۆی کافر ئەبێت!!"

شەرع وایە بۆ ئەوانەی کە بانگەوازکاری هەقن و ئەوانەی کە تاڵیبی عیلمن، ئەگەر ئیشکالێکیان لە قسەی ئەهلی عیلم و غەیری ئەوان بۆ درووستبوو، بگەڕێنەوە لای ئەو زانایانەی کە جێگەی ئیعتیبارن و پرسیاریان لێ بکەن، تاکو کارەکان لەسەر هەق بنیاتبنرێ و گومانی نێو دڵیان پێی بڕەوێنرێتەوە، با بە گوێی فەرمایشتی خوا بکەن کە لە سورەتی نیسائدا فەرموویەتی: (وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ وَلَوْلا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لَاتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلَّا قَلِيلاً) "النساء: ٨٣" واتە: هەر کاتێک هەواڵێکیان پێ گەیشت، دەربارەی هێمنایەتی، یاخود ترس و بیم، بڵاوی دەکەنەوە، خۆ ئەگەر ئەو هەواڵە بڵاو نەکەنەوەو بیگێڕنەوە بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)،

یان بۆ کار بەدەستی خۆیان، ئەوانەی کە لە ژێر بەژێری هەواڵەکان تێ دەگەن، نهێنی و ڕازەکانی لێ دەر دەهێنن، جا ئەگەر فەزڵ و چاودێری خواو ڕەحمەت و میهرەبانیەکەی نەبوایە شوێنی شەیتان ئەکەوتن، جگە لە کەمێکتان.

خوا خۆی بەرپرسە لە سازکردنی حاڵی مسوڵمانان و کۆکردنەوەی دڵ و کردەوەکانیان لەسەر پارێزکاری و تێکرای زانایانی ئیسلامی و تێکرای بانگەوازکارانی هەق بۆ کارێک کە پێی ڕازیەو پێی خۆشە مۆفەق بکات، وە خوا هەر خۆی بەرپرسە بۆ کۆکردنەوەی قسەکانییان لە سەر ڕێنمایی و دووریان بخاتەوە لەو هۆکارانەی کە ئەبنە مایەی لێکدابران و ناکۆکی و هەق پێ سەرخستن و ناهەق پێ ڕەتاندنیان، خوا هەر خۆی سەرپشکە و خاوەن دەسڵاتە بەسەر ئەم شتەدا.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم

ومن اهتدى بهداه إلى يوم الدين

(عەبدولعەزیز بن باز) ڕەحمەتی خوای لێبێت.

سەرۆکی بەڕێوە بردنی لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتواو بانگەوازو ڕێنوێنی (١٤١٤/٦/١٧)ی کۆچی.

بەندەش لێرە بەو بەیاننامەی شێخ عەبدولعەزیز بن باز "ڕەحمەتی خوای لێبێت" کۆتایی بە باسەکە ئەهێنم، لە خوای گەورەش داواکارم کە ئەمکارەمی بۆخۆی وەرگرتبێت و ڕەزامەندی ئەوم مسۆگەر کردبێت، هەر شتێکی باشم کردبێت، ئەوە لە خواوەیەو، ئەوەی کە خراپیشە ماڵی قەڵبەو بۆ خاوەنی ئەگەڕێتەوە..

دەتۆش خوێنەری خۆشەویست و مسوڵمانی هێژا:
هەژار گوتەنی: بیخوێنەوە، وەردی دەوە، وردی کەوە، لێی ورد بەوە، ئەگەر بەهەرەی پێگەیاندی و شتی باشی تێگەیاندی، ماڵی نووسەر سەد جار ئاوا، دەنا هەر لێی گەڕێ و باسی مەکەو کەسمان لە کەس.

براتان هێمن عەبدولعەزیز
٢٨/ی موحەڕەم ساڵی ١٤٢٨ی کۆچی.

---

(١)خەواریج: یەکەم تاقم بوون کە لە مێژووی ئیسلامدا پەیا بوون و لەسەر پێشەوای بڕوادارن عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب

"خوا لێی ڕازی بێت" دەرچوون و هێندێ لە هاوەڵانیان کافر کرد.

بیرو باوەڕیان وایە کە درووستە لەسەر ئەو پێشەوا مسوڵمانانە ڕاپەڕن کە ستەم و فیسقیان لێ پشکواوە، وە بەندە بە تاوانی گەورە کافر ئەبێت و بە نەمریش لە ئاگری دۆزەخ ئەمێنێتەوە، هەروەها باوەڕیان بە شەفاعەت نییە.

مەدخەلییەکانیش ئەمڕۆ کە پەیا بوون و هەموو ئەو موجاهیدانەی کە بەرگری لە موقەددەساتی ئیسلامی ئەکەن بە نەرمڕەوو تونڕەوەوە بە گومڕاو خەواریج ئەزانن؟!!

سەبارەت بە حوکمی خەواریجیش: شێخی ئیسلام ئیبنو تەیمیە "بە ڕەحمەتبێت" ئەڵێت: زانایان تێکڕا کۆکن لە سەر خراپەکاری و گومڕا بوونی خەواریج، هەر چەند یەکدەنگ نیین لەسەر کافر کردنییان، بگرە دوو ڕای جیاواز لەسەر ئەم تاقمە گوتراوە، ئەویش مەزەبی ئیمام ئەحمەدو ئیمام مالیکە، هەروەها لە مەزەبی ئیمام شافعیش دیسان کێشە لە سەر کافرکردنییان هەیە.

لە مەزەبی ئیمام ئەحمەد، خەواریج بە ستەمکار ناسراون، بەڵام لە ڕاکەی ترا بە کافرو هەڵگەڕاو لە دین سەیر ئەکرێن و ئەشبێت بکوژرێن، وە دیلیان ئەکوژرێت، هەروەها ئەگەر گونجا داوای تۆبەیان لێ ئەکرێت، ئەنا ئەبێ بکوژرێن.

(مجموع الفتاوى ٢٨/٥١٨)

(٢) مورجیئە: یەکێکە لە تاقمە کەلامەییەکان، کە خاوەن تێگەیشتن و بیرو بۆچوونێکی هەڵەن لە بواری ئیمانەوە، کە لە نێو خۆیاندا زۆر چوونیەک نین، کە هەڵبەت قسەیان سەبارەت بە زۆر تاقم و پێڕ کردووە، یەکەم کەسیش کە قسەی ئیرجائی لێ پشکواوە (ذر بن عبد الله المذحجي)یە، تووتنترینییان ئەوانەن کە ئەڵێن: ئیمان تەنها ناسینە و کوفریش بریتییە لە جەهل بەخوا، کە لەقسەکانییان ئەوە وەر ئەگیرێت کەوا ئیبلیس و فیرعەون تێراو تێر بڕوادارن؟!! وە پێیان وایە کەوا ئیمان بەس بریتییە لە بەڕاستدانان و کردەوەش ناچێتە جوغزی ئیمانەوە، کەسێک لە دڵەوە مادام بڕوادارە، ئەوە ئەگەر کردەوەشی نەبن، هەر بڕوادارەو ئەهلی بەهەشتە؟!

لە ڕووی زمانەوانیشەوە، "ئیرجاء" واتە: دوا خستن، هەروەک خوی گەورە دەفەرموێ: (قَالُوا أَرْجِهْ وَأَخَاهُ) "الأعراف ١١١" واتە: مۆڵەتی بدەو دوای بخە، هەروەها بۆئەوەش بەکار ئەبرێت کە ئومێدی پێ بدات، بە پێی ئەو مانایە مورجیئە دێن کردوەوە لە ئیمان جوێ ئەکەنەوە، واتە (أرجأوا العمل عن الإيمان) واتە: تاخیری ئەکەن، یان لەبەر ئەوەی کە سزاکان لە تاوانباران دوا ئەخەن!!

وە پێیان وایە کەوا تاوان هیچ کارێک ناکاتە سەر ئیمان، هەروەک تاعەتیش لەگەڵ کوفردا ڕێکناکەوێت.
بە ناوبانگترین قسەکانی مورجیئەش ئەمانەی خوارەوەن:

۞ ئیمان تەنها بریتییە لە بەڕاستدانان و ناسین لە دڵ، کە ئەمە قسەی جەهمییەکانیشە ئەگەر لەگەڵی ڕێکبکەون.
۞ ئیمان بریتییە لە گوفتاری زمان، ئەگەر ڕووتیش بێت لە ڕووی بیرو باوەڕەوە، واتە: مادام لە زمانەوە ئەڵێن: ئیمانداریـن ئەگەر لە دڵیشدا ئیمانی نەبێت، هەر بڕوادارە، کە ئەمەش قسەی کەڕامییەکانە.
۞ ئیمان گوفتاری زمان و بەڕاستدانانی دڵە بەس، ئەمەش قسەی فوقەهای مورجئیەکانە، کەواتە کردەوەکانی جەواریح بەدەرن لەم پێناسەوە. وە وا ئەزانن کەوا ئیمان جێگیرەو نە زیاد ئەکات و نە کەمیش ئەبێت! کە ئەمەش پێچەوانەی بیرو باوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعەیە، کە ئەمڕۆ بابای مەدخەلی لە گەڵیاندا لە ڕووی هەڵسو کەوت و مامەڵەیان کاکەو برالەیەکییان هەیە!!

(٣) بابەتێکم لە گۆڤاری (دووربین) ژمارە (٨) و(١٠) بە نێونیشانی دەمارگییر حیزبی نووسیووە، لەوێدا بە تێرو تەسەلی باسم لە حیزبییەت و دەمارگیری حیزبی کردووە.

(٤) حاجی مەجید: مجێوری مزگەوتی گەڕەکەکەمان بوو، پیاوێکی تا بڵێی خواناس و مسوڵمان بوو، بەڵام چەندی بڵێی موقەللید و مەزهەبی بوو، کە (کەبار)ی پێش بانگی بەیانی ئەکردو لە جیاتی بڵێت: ئەستغفیروڵڵا، ئەیگوت: ئەستەخخیروڵڵا!! هێندە داماوو نەزانبوو زۆر جاران هێشتا بانگ یەک سەعاتی مابوو ئەهاتە بەردەم بڵند گۆکەو پفێکی ئەکردو بانگی ئەدا، دوایی کە ئەیبینی هێشتا وەختی بانگدانی ماوە!!، دەهاتەوە بەردەم بڵندگۆکەو ئەیگوت توخوا خەڵکینە لە قسوورم عافوکەن چون هێشتا بانگ نەبووەو بانگم داوە؟!!.

(٥)شێخ (ربيع بن هادي المدخلي بن محمد عمير المدخلي) لە تیرەی (المداخلة) یە لە ناوچەی جازان لە باشووری شانشینی عەڕەبی سعوودی. لەساڵی ١٣٥١ی کۆچی لە دایکبووە.
شێخێکی بە ناو بانگی گۆڕەپانی ئیسلامییەو قوتابی زۆری هەن، بەڵام حەیفێ ئەمڕۆ لە ڕابوونی ئیسلامی بوونەتە هێماو هەوێنی (جرح و تحطیم) ولێکدابڕان و لێکترازانی ئوممەتی ئیسلامی، لە کوێ بوونیان هەبێت، دەوێدا مسوڵمانان پەرت و پەرتەوازەو لێکدابڕاون !!.
حوککام و کار بەدەستی وڵاتانی ئیسلامیش ئومێدی زۆریان پێ هەن، چونکە بوونەتە ڕەمزی ڕاگرتنی کورسی و

دەسەڵاتی تاغوتان لە ڕێگەی وەلاء و دەستخۆشی لێ کردنییان.. چون ئەزانن هێندەی ئەم تاقمە لە ڕێگەی فەتواو گومڕاکردنی ئوممەت ئەتوانن گیانی بەرهەڵستی لە نێو لاوانماندا بمرێنن، بە سەدان چەکو بۆمبی ئەتۆمی ناتوانن گیانی پاراستنی ئابڕووی مسوڵمانان لە نێو ڕۆڵەکانمانا هەڵتەکێنن.

(٦) شێخ (محمد ناصر الدين بن الحاج نوح الألباني) کە لە ساڵی (**١٣٣٣**) ی کۆچی بەرامبەر (**١٩١٤**)ی زایینی لە شاری ئەشقوردەی پایتەختی ئەڵبانیا لە بنەماڵەیەکی هەژار لە دایک بووە، لە ڕۆژی شەممەی بیست و دووی مانگی جەمادی ئاخیرە لە ساڵی (**١٤٢٠**)ی کۆچی بەرامبەر ئۆکتۆبەری (**١٩٩٩**) لە ئوردن کۆچی دوایی کردووە.

شێخی پایە بەرز فەرموودەناسێکی بەرچاوی سەدەی بیست بووە، بگرە وەک (شيخ عبدالعزيز بن باز) بە ڕەحمەتبێت، ئەڵێت: شێخی ئەڵبانی نوێکەرەوە (مجدد)ی ئیسلامی ئەم سەردەمەیە، خاوەنی چەندین کتێبی نایابە، گرنکترینیان بریتین لە کتێبی: (سلسلة أحاديث الصحيحة) و (سلسلة أحاديث الضعيفة).

(٧) (عبد الله بن صالح بن عبد الله الفوزان) لـه شـاری بوڕەیده لـه (القصيم) سـاڵی ١٣٧٠ی کۆچـی لـه دایـک بـووه. یەکـێکه لـه ئەندامانی دەستەی گەورە زانایان.

(٨) (عبد الله محمد بن صالح بن محمد بن سليمان بن عبد الرحمن العثيمين الوهيبي التميمـــي)، لـه بیست و حەفتی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز لـه سـاڵی ١٣٤٧ی کۆچی لـه شـاری (عنيزة) کـه یەکـه لـه شـارەکـانی (القصيم)ی شـانـشینی عـەڕەبی سـعودی لـه دایک بووه، لـه مـانگی شـەوالی سـاڵی ١٤٢١ی کۆچـی لـه شـاری جـیدده لـه سـعودیه وەفـاتی فەرمووه.

(٩) شـیخ عـبدالله بـن عبدالرحمن بن عبدالله بن الجبرين): لـه سـاڵی ١٣٤٩ی کۆچـی لـه (محيرقة)ی سـەر بـه پارێزگای (القويعية) لـه ڕۆژ ئاوای (رياض) لـه دایک بووه.

(١٠) (سيد قطب إبراهيم حسين الشاذلي): لـه دێـی (موشة) سـەر بـه شـاری (أســيوط) لـه ڕۆژی ١٩٠٦/١٠/٩ لـه دایک بووه، لـه سـاڵی ١٩٦٥ بـه تۆمـەتی پیلانگێڕان لـەدژی حوکمـەتی میسڕو کوشتنی (جمال عبدالناصـــــــر) گـــیراوه، لـــه ڕۆژی ١٩٦٦/٨/٢١ حوکمـــی لـــه سێدارەدانی بۆ دەرچووه، لـه ڕۆژی ١٩٦٦/٨/٢٩ حوکمـەکـەی جێبەجێکراوه. خوا لێی خۆشبێت.

بـە ناوبانگترین کتێبی تەفسیری (في ظلال القرآن)ە کە لە زیندان نووسـیویەتی، هـەروەها کتـێبی (معالم في الطريق) کـە لەسەری لە سێدارە دراوە.

(١١) حسن البنا: لـە دێی مەحمودیە سەر بەشاری بوحەیرە لـە ڕۆژی یەکشەممەی ٢٥ی شـەعبان لە ساڵی ١٣٢٤ی کۆچی بەرامـبەر ١٤ی ئۆکـتۆبەری سـاڵی ١٩٠٦ ی زایـیین لـە دایـک بووە. لە شاری ئیسماعیلیە لە مانگی (ذي القعدة)ی ساڵی ١٣٤٧ ی کۆچـی بەرامبەر ١٩٢٨ی زاینی کۆمەڵەی برایانی ئیسلامی دامەزراندووە، لـە شـەوی شـەممەی ١٤ی (ربيع الآخر) لـە ساڵی ١٣٦٨ی کۆچـی بەرامبەر ١٢ی فێبرایلی ساڵی ١٩٤٩ی زایینی ئـەو کاتـەی کـە پێشەوا ئـیمام بەنـنا لـە بارەگـای (جمعية الشبان المـسلمين) ئەگەڕایـەوە، لـە سـەر شەقامی ڕەمسیس لە قاهیرە دەسـتی غـەدرو خـیانەتی ئـەگاتێ و ئەکوژرێـت، خـوا بەشەهیدی وەرگرتبێت.

(١٢) (هَجر) زاراوایەکی شەرعییە، بە مانای خۆلێدوورگرتن و مـوقاتەعە کـردن دێـت، پـێغەمبەری خـوا (صـلى الله علـيه وسلم) دەفەرموێت: (لا يحِلُّ لمسْلِمٍ أنْ يهْجُرَ أخَاه فوْقَ ثَلاثٍ ، فمنْ هَجر فَوْقَ ثلاثٍ فمات دخَل النَار) "رواهُ أبو داود بإسْنادٍ على شرْطِ البخاري، عنْ أبي هريرة رضي الله عـنه" واتـە: درووسـت نـیـیە بـۆ مسوڵمان کە لە سێ ڕۆژان

بەرەو سەر خۆ لە براکەی بگرێت، هەرکەسێک لە سێ ڕۆژان بەرەو سەر خۆی بگرێت، بمرێت ئەچێتە دۆزەخ.
بەڵام لای ئەوان هەجری ئەوانەی لەگەڵیان نین، لە جیهادی تەتەر پیرۆزترە!!

(١٣) فیرقەی ناجی لەم فەرموودە وەرگیراوە کە دەفەرموێت: (افْتَرَقَتِ الْيُهُودُ عَلَى إِحْدَى وَسَبْعِينَ فِرْقَةً. فَوَاحِدَةٌ فِي الْجَنَّةِ. وَسَبْعُونَ فِي النَّارِ، وَافْتَرَقَتِ النَّصَارَى عَلَى ثِنْتَيْنِ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً. فَإِحْدَى وَسَبْعُونَ فِي النَّارِ، وَوَاحِدَةٌ فِي الْجَنَّةِ. وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ! لَتَفْتَرِقَنَّ أُمَّتِي عَلَى ثَلاَثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً. وَاحِدَةٌ فِي الْجَنَّةِ، ثنتانِ وَسَبْعُونَ فِي النَّارِ. قِيلَ: يَا رَسُولَ اللهِ! مَنْ هُمْ؟ قَالَ: الْجَمَاعَةُ) رواه ابن ماجة عن عَنْ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ "رضي الله عنهما"، واتە: جوولەکە بوون بە حەفتاو یەک تاقم، یەکیان لە بەهەشتەو حەفتایان لە دۆزەخن، وە دیانەکانیش بوون بە حەفتاو دوو فیرقە، حەفتاو یەکیان ئەچنە دۆزەخ و تەنها یەکیان ئەچێتە بەهەشت، سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە، ئوممەتی منیش ئەبێتە حەفتاو سێ تاقم، حەفتاو دوویان ئەچنە دۆزەخ و یەکیان ئەچێتە بەهەشت. گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ، کێن ئەوانەی کە ڕزگار ئەبن، فەرمووی: جەماعەن (واتە: ئەهلی سوننەو جەماعەن). ئەو تاقمەی کە ڕزگار ئەبن، پێیان ئەگوترێت، تاقمی ڕزگار بوو (الفرقة الناجية)، مەدخەلییەکانیش خۆیان بەو فیرقەیە

حسێب ئەکەن، ئەوەی کە لەسەر ڕچەو بۆچوونی ئەوانیش نەبێت، ئەوا ئەکەوێتە ڕێزی ئەو حەفتاو دوو فیرقەیەی کە ئەچنە دۆزەخ خوا پەنامان بدات.

هەر چەند زانایان بە جۆرێک تاقمی ڕزگار بوویان شی کردۆتەوە، کە سوپاس بۆخوا کەمو زۆر ئەهلی ئیسلام ئەکەونە جوغزی ئەو بازنەوە، ئەوەی کە ئەم تاقمەش دەستنیشان ئەکەن زانایانن، بۆ وێنە: هێندێک ئەڵێن: ئەوانە ئەهلی فەرموودەن، هەیە ئەڵێت: ئەوانەن کە جیهاد لە پێناو خوا ئەکەن، هێندێک ئەڵێن: غەریبەکانن، هێندێکیش ئەڵێن: هەر ئەوانەن کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئاماژەی پێداون بە (من كان على مثل ما انا عليه اليوم وأصحابي) ئەو کەسەی کە لەسەر ئەو نەهجەیە کە پێغەمبەرو یارانی لەسەرن، هەر بۆیە شێخ (عبدالعزیز بن باز) بە ڕەحمەتبێت، ئەڵێت: هەموو لەو کۆمەڵە ئیسلامییانە ئەچنە نێو بازنەی فیرقەی ناجییەوە.

(١٤) جەرح و تەعدیل (الجرح والتعديل) زانستێکە لە زانستەکانی فەرموودە، (الجرح)، واتە: باس کردنی عەیبێک کە لە کەسێکدایە، هەروەها (التعديل)، واتە: باسکردنی چاکەیەک کە لەو کەسە هەیە.

بابای مەدخەلیش هەقی ئەم یاسایەیان بە خۆ داوە، کە کێیان بوێت جەرحی کەن و کێشیان بوێت تەعدیلی کەن!!! لای ئەوان ئەوەی کە شیاوی جەرحکردن بێت جەرحی ئەکەن، ئەگەر باشەشی هەبن هەر بە قوربانی جەرحێی ئەکەن!!

(١٥) القرامطة الباطنية: بزووتنەوەیەکی باتینی ڕوخێنەرن، دەگەڕێتەوە لای کەسێک بە ناوی (حمدان بن الأشعث) ناسراو بە (قرمط)، کە خەڵکی خۆزستانی شاری ئەهواز بوو، پاشان دێتە کووفە، ئەم بزووتنەوە پشت بە ڕێکخستنێکی سەربازی ئەبەستێت، کە ڕواڵەتەکەی بە شیعەکردنی خەڵکە بە شکانەوەیان بە لای ئالی بەیتەوە، ئەوەی کە ئالی بەیتیش نەبێت موستەهەقی کوشتنێیە.

(١٦) (هيئة كبار العلماء وادارة البحوث العلمية والأفتاء): گەورەترین دەسەڵاتی ئایینی سعودیەیە، لە نووسراوێکی مەلەکی بە ژمارە (أ/١٣٧) لە ڕۆژی ١٣٩١/٧/٨ی کۆچی بڕیاری درووستبوونی دراوە، ئەو دەستەیەش لە گەورە زانایانی پسپۆری سعوودی پێکدێت، لە کاتی پێویستیش ئەگونجێت کە کەسانی غەیرە سعوودیشی دەگەڵ بکەوێت، بەو مەرجەی سیفەتی زانایانی سەلەفییان هەبێت.

کاریشیان بریتییە لە سازکردن و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکان، بۆ تاووتوێکردن و توێژینەوەیان، پاشان دەرکردنی فەتوا بۆ کارو باری تاکو کۆمەڵ، ئەمیش لە ڕێگەی ئەوپرسیارانەی کە ڕوو بەڕووی ئەم دەستەیە ئەبنەوە.

ئەم دەستەیەش سەرەتا لە حەڤدە کەس لە گەورە زانایان پێکهاتبوون، کە بریتی بوون لە (١- الشيخ محضار عقيل ٢- الشيخ عبد الرزاق عفيفي ٣- الشيخ محمد الأمين الشنقيطي ٤- الشيخ عبد الله خياط ٥- الشيخ عبد الله بن حميد ٦- الشيخ عبد العزيز بن باز ٧- الشيخ عبد العزيز بن صالح ٨- الشيخ عب المجيد حسن ٩- الشيخ محمد الحركان ١٠- الشيخ سليمان بن عبيد ١١- الشيخ إبراهيم بن محمد آل الشيخ ١٢- الشيخ صالح بن غصون ١٣ - الشيخ راشد بن خنين ١٤- الشيخ عبد الله بن غديان ١٥- الشيخ محمد بن جبير ١٦- الشيخ عبد الله بن منيع ١٧- الشيخ صالح بن لحيدان) بە پێی بڕیاری ژمارە (أ/١٣٩)بەرواری (١٣٩١/٧/٨) ی کۆچی، (الشيخ إبراهيم بن محمد بن إبراهيم آل الشيخ) کرا بە بەرپرسی بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتواو بانگەوازو ڕێنوێنی (الإدارة البحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد) پاشان (الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز) کرا بە سەرۆکی گشتی.

ئەندامانی ئێستای ئەم دەستەیەش لەمانەی خوارەوە پێکدێن: (الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن محمد آل الشيخ) سەرۆکی

دەستە، هەڤدە ئەندامیشی هەن، کە ئەم بەڕێزانەی خوارەوەن:

(١- الشيخ صالح بن محمد الليحدان ٢- الشيخ محمد بن عبد الله بن سبيل. ٣- الشيخ الدكتور عبد الله بن عبد المحسن التركي ٤- الشيخ الدكتور صالح بن عبد الله بن حميد ٥- الشيخ الدكتور عبد الله بن محمد آل الشيخ ٦- الشيخ عبد الله بن عبد الرحمن الغديان ٧- الشيخ عبد الله بن سليمان المنيع ٨- الشيخ الدكتور صالح بن فوزان الفوزان ٩- الشيخ حسن بن جعفر العتمي ١٠- الشيخ محمد بن سليمان البدر ١١- الشيخ محمد بن زيد آل الشيخ ١٢- الشيخ الدكتور بكر بن عبد الله أبو زيد ١٣- الشيخ الدكتور عبد الوهاب بن إبراهيم أبو سليمان ١٤- الشيخ الدكتور عبد الله بن محمد المطلق ١٥- الشيخ الدكتور أحمد بن علي سير مباركي ١٦- الشيخ الدكتور عبد الله بن علي الركبان).

(١٧) شیخ (**عبد العزيز بن عبدالله ابن باز**) ناسراو بە (ابو عبدالله) لە (**ریاض**)ی پایتەختی شانشینی عەرەبی سعودی لە دوازدەی مانگی (**ذي الحجة**) لە ساڵی **١٣٣٠**ی کۆچی لە دایک بووە، لە بەیانی ڕۆژی پێنجشەممەی مانگی موحەرەم لە **١٤٢٠/١/٢٧** لە تەمەنی **٨٩** ساڵی لە (**ریاض**) بە نەخۆشی سەرەتان وەفاتی فەرمووە. لە ساڵی **١٤٢٠**ی کۆچی چاوەکانی لەدەستداون، هەر لە تەمەنی پێش بالغ بونیشییەوە هەموو قورئانی لە بەرکردووە، ناو براو سەرۆکی دەستەی گەورە زانایانی سعوودی بووە. خوا بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات.

(١٨) برایانی مسوڵمان (الإخوان المسلمون) پارتێکی ئیسلامی نەرمرەون، دوای ڕوخانی خەلافەتی ئیسلامیی لە ساڵی ١٩٢٤ دا، ئەم کۆمەڵە لە سەر دەستی پێشەوا حەسەن بەننا لە ساڵی ١٩٢٨دامەزرا.

(١٩) (جماعة أنصار السنة المحمدية): کۆمەڵێکی ئیسلامی سەلەفین، لە ساڵی (١٣٤٥ی کۆچی ـ ١٩٢٦ی زایینی) لە شاری قاهیرە لە وڵاتی میسڕ لە سەر دەستی شێخ (محمد حامد الفقی) درووستبووە، پاشان بۆ وڵاتانی تر تەشەنەی کردووە.. بنەمای کاریشییان بریتییە لە ڕاستکردنەوەی بیرو باوەڕو دژایەتی کردنی ئەهلی بیدەع.

(٢٠) کۆمەڵی تەبلیغ (جماعة التبليغ): کۆمەڵێکی ئیسلامین، تاقمێکی بانگەوازکارو ڕێنوێنیکەرن، بنەمای کارەکانییان ڕاگەیاندنی فەزائیلەکانی ئیسلامە، زۆری لە ئەندامانییان ئەکەن کەوا بەشێک لە ژیانییان تەرخان بکەن بە تەبلیغ کردن بۆ ئیسلام و دوور لە کەش و هەوای حیزبی و سیاسی، بۆ ئەمەش ئەندامانییان وا لێ ئەکەن کە بۆ بانگەوازکردن بچنە مزگەوت و شارو دێهات و جادەو کووچەو کۆڵانەکان و ئامۆژگاری خەڵکی بکەن.

دامەزرێنەری کۆمەڵەی تەبلیغ: شێخ (محمد إلياس الكاندهلوي)ە کە لە ساڵی ١٣٠٣ تا ١٣٦٤ لە (کاندهلە) کە دێیەکە لە دێیەکانی (سەهرانفۆر) لە هیند لە دایک بووەو ژیاوە، ئەم پارتەشی لە ساڵی ١٢٨٣ی کۆچی بەرامبەر بە ساڵی ١٨٦٧ی زایینی دامەزراندووە.

بەڵام گومان لەوە دانییە کە ئەمانیش وەک باقی پارتەکانی تر کەوتوونەتە هەڵەوە، بۆیە زانایان سەرنجی زۆریان لە سەر هەن. (کە لێرە بوار نییە باسی بکەین).

(٢١) حەجی تەمەتووع: بریتییە لە سوود وەرگرتن لە بەجێ گەیاندنی حەج و عومرە لە مانگی حەجکردن لە میانەی یەکساڵدا، پێش ئەوەی کە حاجیان بگەڕێنەوەشوێنی خۆیان.

(٢٢) سەلەفی: ئەگەڕێتەوە بۆ چینی سەلەف، کە بریتین لەو سێ چینەی کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بە باشترین سەردەمی حسێب کردوون، هەروەک لە هەردوو سەحیحەکە هاتووە و لە کۆمەڵێک سەحابی گێڕدراوەتەوە، کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (خير الناس قرني ، ثم الذين يلونهم ، ثم الذين يلونهم)، واتە: باشترین سەدە، سەدەی

منە، پاشان ئەمانەی دوای ئەوان، پاشان ئەمانەی دوای ئەوان.

کەواتە: ئەوەی کە بە خۆی ئەڵێت: سەلەف، ئەوا بانگەشەی شوێنکەوتنی پیاوانی ئەم سێ سەدەی کردووە.

بەڵام حەیفێ ئەوەی کە لەم چینە لا جەماعییە ئاشکرایە کە مەودای ئەمان و ئەوان ئاسمان و ڕێسمانی بەینە!!

(**٢٣**) عبدالعزيز الراجحي (عبد العزيز بن عبد الله بن عبد الرحمن الراجحي) لە شاری (البكيرية) لە ناوچەی (القصيم) لە ساڵی **١٣٦٠**ی کۆچی لە دایک بووە.

(**٢٤**) (**الشيخ محمد أمان بن علي جامي**) ناسراو بە (**أبي أحمد**): لە حەبەشە لە ساڵی **١٣٤٩**ی کۆچی لە دایک بووە، لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە، لە بیست و شەشی مانگی شەعبان لە ساڵی **١٤١٦**ی کۆچی وەفاتی کردووە. بەڕێزی دەگەڵ شێخ ڕەبیعی مەدخەلی سەبارەت بە کێشەکانی ئێستای ڕابوونی ئیسلامی دوو ڕووی یەک هەقیقەتن.

(**٢٥**) حسن بن على السقاف: ئەو کەسەیە کە کتێبێکی لە دژی شێخی ئەڵبانی نووسی بە ناونیشانی (التنكيل بما في كتب الألباني من التناقضات والأباطيل) یان (تناقضات الألباني الواضحات)، شێخ (ناصر

العمر)یش نووسراوێک و کاسێتێک بە ناو نیشانی (موتوا بغیظکم) لە وەڵامی ئەو کتێبە دەر ئەکات. سەققاف یەکێکە لەو گومڕایانەی کە زۆر لە دژی ئەهلی سوننەو جەماعە ئەنووسێت.

(٢٦) ئەشعەری (الأشاعرة) تاقمێکی ئیسلامین وئەگەڕێتەوە سەر پێشەوا (الإمام أبي الحسن الأشعري) بە ڕەحمەتبێت، کە هەمان شێوازی ئەهلی کەلامی هەبوو سەبارەت بە بیروباوڕو وەڵامدانەوەی دژەکانی.
دامەزرێنەری (أبو الحسن علي بن إسماعيل الأشعري)یە کە لە بەسرا لە ساڵی ٢٦٠ی کۆچی لە دایک بووە و لە بەغدا لە ساڵی ٣٢٤ی کۆچی وەفاتی فەرمووە. ئیبنو عەساکر بە ڕەحمەتبێت، ئەڵێت: ئەبو حەسەنی ئەشعەری "بەڕەحمەتبێت" پازدە ڕۆژان خۆی لە خەڵکی شاردەوەو لە ماڵەوە خەریکی موتالاو لێکۆڵینەوە بووە، پاشان کە دەرچووە، چۆتە مزگەوت و عەباکەی خۆی لەبەر دا ئەکەنی و ڕایئەگەیەنێت کە ئەو بیرو باوەڕەی کە پێشی هەیبوو وەک عەباکەی کە دایکەند، دایئەکەنێ. لەدوای ئەمە هەڵسا بەسەر لە نوێ نووسینەوەی بیرو باوەڕی ڕاست و دروستی.
جا ئەشعەرییەکان ئەوانەن کە لەسەر ڕا کۆنەکەی شێخ حەسەنی ئەشعەری مانەوە، کە ئەو خۆی لێ بەری کردوون.

(٢٧) (شـــیخ صـــالح بن محمد اللحیدان) لـه شاری (البکیریة) له ناوچەی (القـــصیم) لـه سـالّی ١٣٥٠ی کۆچی له دایک بووه، سەردەمێک سکرتـێری بەڕێـز شـێخ (محمـــد بن إبراهیم آل الشیخ) مـوفتی دیاری سعودی پێشوو بووه.

(٢٨) (عـــبد الله بـــن ســـلیمان بن محمد بن منیع): له (شقراء) پایتەختی ناوچـەی (الوشـم) لـه سـالّی ١٣٤٩/٧/١٥ ی کۆچـی لـه دایـک بـووه. ئەندامـی دەسـتەی گـەورە زانایـانی سـعودیەیە، وە ئەندامی مەجلیسی بالّای ئەوقافیشە...

(٢٩) موعتەزیلە: تاقمێکی ئیسلامین و دەگەڕێنەوە لای (واصل بن عطاء الغزال)، بـەوە ناسراون کە ئەقڵیان پێش نەقل دەیەخن، هەروەها قەدەری و وەعیدی و عەدلیشیان پێ ئەڵێن، بۆیەش پـێیان ئەڵـێن موعتەزیلە،چـونکە دامەزرێـنەری ئـەم فیکرەیە دوای ناکۆکی لە بارەی حوکمی فاسقەوە، خۆی لە مەجلیسی شـــێخ حەســـەنی بەســـڕی وە دوور ئەگرێـــت، ئـــەویش دوای ئـەوەی کە حەسەنی بەسڕی "بەڕەحمەتبێت" ئەم و (عمرو بن عبـید) ی لـه مەجلیسی خۆی دەرکردبوو، چونکە ئەیانگوت: فاسـق نـه بـڕوادارەو نه بێ باوەڕ، بۆیه لەوێ ڕۆژێوە ئەمان

و ئەوانەی کە لەسەر ئەو فیکرەیەن پێیان ئەگوترێت: موعتەزیلە.

(٣٠) (وحدة الوجود): مەزەبێکی فەلسەفی بێ دینە، چونکە ئەڵێت: خوداو سرووشت دووڕووی یەک هەقیقەتن! وە ئەڵێن: خوا بوونێکی هەقە، وە وای دا ئەنێن کە خوا وێنەیەکی جیهانی درووستکراوە، وە هەموو ڕواڵەتە ماددیەکان بوونی خوا ئەسەلمێنن، واتە: ڕواڵەتەکان خۆیان خودان؟!! (والعياذ بالله).

(٣١) (أبو محمد عبدالله بن أحمد بن محمد بن قدامة بن مقدام بن نصر المقدسي الجمَّاعيلي): بە ڕەحمەتبێت، لە ساڵی ٥٤١ی کۆچی لە جەمماعیل لە فەلەستین لە دایکبووە، لە ڕۆژی شەممە لە جەژنی قوربانی ساڵی ٦٢٠ی کۆچی وەفاتی فەرمووە.
خاوەنی کتێبی (المغني)یە کە بە گەورەترین کتێبی خۆی و کتێبە ئیسلامییەکان دا ئەنرێت.

تێبینی: هەرکەسێک ئینتەرنێتی هەبێت، یان لێی بزانێت، ئەتوانێت لەو شوێنانەی کە ئاماژەم بە لینک کردووە، لە پێگەی ڕێگەی ڕاستی دەنگەکان ببیسێتەوە.